# هەنار

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی رۆشنبیری

ژمارە 11

دیسەمبەر 2006

گۆڤارێکی ئەدەبی ، هونەری ، رووناکبیرییە بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی مانگانە دەری دەکات

خاوەنی ئیمتیاز :

**بەڕێوەبەرێتیچاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی**

سەرنووسەر :

**محەممەد عەبدولکەریم سوڵەیی**

جێگری سەرنووسەر :

**محەممەد کوردۆ**

سەرپەرشتیاری هونەری :

**ڕێبین مەجید**

لۆگۆ

**حەمیدی ئازمودە**

مۆنتاژ :

ستار قادر

بڵوێن عەلی

تیراژ

500

دەستەی نووسەران :

**عارف ناسراو**

**محەممەد عەبدوڵا**

**نەورۆز جەمال**

هەڵەچن :

**گارزان عەبدوڵا**

**ئاریان کامیل**

تایپیست :

**پەیام ئەحمەد**

نەخشەسازیی ناوەوە :

**مەهدی ئەحمەد**

چاپخانەی

**یاد**


ناونیشان : سلێمانی - گردی شەهیدان - بەرامبەر رۆژنامەی کوردستانی نوێ - بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی

ژمارەی تەلەفۆن : 3180994

Email: hanarkurd@gmail.com     Email: hanarkurd@yahoo.com

# پێرست


| لاپەڕە | نووسەر | بابەت |
|---|---|---|
| | | **وتار و لێکۆڵینەوە** |
| ٥ | زریان حاجی | نیچەو فەلسەفەی مێژوو |
| ١٤ | میوا عەزیز سەعید | ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی و ... |
| ٢٨ | مەنسور تەیفوری | نوابین قارەمان |
| ٣٢ | عەدنان ڕەئوف قادر | گۆڕینی سرودی نیشتمانی؛ ... |
| | | **دەق** |
| ٣٧ | دەوەن | سالی کەوشەنوارەکانە ئەی خاک |
| ٤٥ | ژوان پێشجوێنی | شەوی پاییزێک لەنەسەمی بابلیسک |
| ٤٩ | زانا ساسان | بەستۆرێکا سەفەرەکەم |
| ٥٣ | کاروان ئیبراهیم | دیدەی خۆشحاڵ |
| ٥٩ | خەدیجە جاوید | گریمان پیاوبا دارێتێ |
| ٦٣ | ئا: عومەر سەعید | دایکی خانیتێک |
| | | **دیدار** |
| ٨٣ | سەلاحەدین بایەزیدی | وتووێژ لەگەڵ عەلی ئەشرەف دەروێشیان |
| | | **وەرگێڕان** |
| ١٠١ | هەندرین | پرینسیپی ئاسانگەرایی بیرلاو |
| ١١٠ | زەینەب یوسفی | جۆرەکانی ئەدەبیات |
| ١١٤ | ڕەفعەت مورادی | تیۆری دەوڵەتی مۆدێرن و شەڕی ... |
| ١١٨ | کەریم مەلا | لۆتریامۆن، نوێخوازیی شیعرو ... |
| | | **هونەر** |
| ١٢٨ | ستار قادر | هونەری شێوەکاریی و گێڕانەوەی ... |
| ١٣٣ | ئا: هوشیار شێخ ئەنوەر | سینەما دوور هەوڵدانێک بۆ ناساندنی ... |
| ١٣٩ | دلێر محەمەد | زیندان شوێنێک بۆ کۆنترۆڵکردن و ... |



نیچەو فەلسەفەی مێژوو
زریان حاجی

ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی و قۆناغەکانی
هیوا عەزیز سەعید

دوایین قارەمان
مەنسور تەیفوری

گۆڕینی سروودی نیشتمانی، هەڵەیەکی نیشتمانییە!
عەدنان ڕەئوف قادر

# وتارو لێکۆڵینەوە

# نیچەو فەلسەفەی مێژوو

## وەک بەشێکی گرنگ لەلێکدانەوەکانی نیچە بۆ دروستبوون و رووخانی شارستانییەتەکان

نووسینی: زریان حاجی*

*توێژەری مێژوویی لەزانکۆی سلێمانی



ئیدوارد مۆنش

فرەدریـــــک نیـــــچە (١٨٤٤ ± ١٩٠٠) وەك فەیلەسـوف‌و زانـاو بیریـارێکی مـەزن‌و بـەهێزی سـەدەی نۆزدەیـەم تـوانی لـەپاش (هیگـڵ)ی هاونیـــشتمانی پـــشکێکی گـــەورەی هـــەبێت لەرێچکەگرتن‌و پێشخستنی بیری ئەورووپی نوێدا، لەگرنگترین هەوڵەکانی لەوبوارەدا رزگـار کردنـی مرۆڤایەتی‌و شارسـتانییەتەکان بـوو لـەو جـۆرە تەئویل‌و شـیکارانەی کەتووشـی بـوو بـوو، بۆیـە نیـچە هـەروەك (لافاریـە) دەڵێـت: فەلـسەفەی کردە جۆرە چەکێکی وا کە هەردەم ئامادەبێت‌و لەململانێدا بێت لە پێناو پاراستنی تاك دا[١]..

ئـەم بیرمەنـدە پـشکی گـەورەی فەلـسەفەکەی بـۆ لێکدانـەوەو شـیکاری مێـژوو تـەرخانکردووەو بـەوە جیـا دەکرێتـەوە کـە تێڕوانینێکـی بـایۆلۆجی هەیـە بـۆ سـەرجەم مێژووی مرۆڤایەتی وڕابردوو « »

گـرنگترین رەخنـەکانی خۆشـی هـەمووکات لەوبابەتـەدا رووبـەڕووی شارسـتانییەتی ئـەورووپای هاوچـەرخ دەکاتـەوە بـەوەی کـە دەڵێـت: (سـەرجەم شارسـتانییەتەکانمان لـە ئـەورووپا بـەردەوام لەهەڵکـەش‌و داکـەش دایـە بـەجۆرێکی وا کەچـاوەڕێی کارەسـاتی لێدەکرێت)[٢] کە تیایدا شارستانییەتە دروستکارەکان بەرەو لەناوچوون دەچێت بەهۆی

دووکەڵی پیشەسازییە گەورەکانەوەو مرۆڤە دەرەکییەکانیش (ناشارو ناشارستانی) لەسەر حسابی مرۆڤە ناوخۆییەکان(شاری وشارستانی)یەکان پێشدەکەون [٣]، لێرەوە دەبینین کە نیچە بۆ خۆی چ تێڕوانینێکی نێگەتیفی هەبووە لەبارەی شارستانییەتی ئەورووپی نوێو هەروەها شۆڕشی پیشەسازیشەوە کە لەزۆرێك لە کاتەکاندا دەبینین کە بەدواکەوتوو ناوی دەباتو وای بۆ دەچێت کە لەسەرەتاکانی لەناوچوونی ئەو شارستانییەتە نزیك بوەتەوە کە لەکاتەکانی دواتردا شپنگلەریش بەهەمان بۆچوونەوە هاتەوە مەیدان، بەڵام لە تێڕوانینەکانیدا نیچە ڕووناك بینتربوو، بەڵکو وای دادەنا کە پێویستە لەکۆتایدا کەسی نمونەیی (سوپەرمان) روحی پیرۆز، دەربکەوێت کەئەمەش تەنها لەدایکێکی جێرمانی دەکەوێتەوە، بە واتایەکی تر نیچە لەدواجاردا هیوایەك بۆ دەربازبوون دەبینێتەوە، ئەگەر ئەو هیوایەش کەسێکی نمونەیی (سوپەرمان) بێت، بەڵام هەرچۆنێك بێت ئەمە زیاتر تێڕوانینی رەگەزیانەی نیچەمان بۆ روونەکاتەوە کە دەڵێت: ئەو رزگارکارە پێویستە لەڕەگەزێکی جێرمانی بێت، بەهەرحاڵ تێڕوانینەکانی نیچە بۆ بابەتە فەلسەفییەکان گەلێك زۆرەو لێکۆڵینەوەی تایبەت بەخۆیانی دەوێت، ئێمە لێرەدا دەمانەوێت تەنها لەتێڕوانینەکانی نیچەو لێکدانەوەکانی بدوێین کەتایبەتە بەفەلسەفەی مێژوو و دروستبوونو رووخانی شارستانییەتەکانەوە، بۆیە هەوڵدەدەین لەوبابەتە زیاتر دەرنەچین.

### باسی یەکەم

لێکدانەوە مێژوویی و شارستانییەتەکان لای نیچە

نیچە لەلێکدانەوەکانیدا بەردەوام لەسەر ئەوە کاریدەکرد کە بە (ئەخلاق) ئاکار، حوکمی مێژوو بکات، هەروەك چۆن لەپێش ئەودا هیگڵ هەوڵیدەدا کەبە (منگق) ژیربێژی حوکمی مێژووبکات، بۆیە پێیوایە کە مێژوو بەرێچکەیەکی وادا رێدەکات کەپاڵنەرەکەی هێزێکە بەزەیی نازانێت چییە، هێزیش لەلای ئەو پرەنسیپی یەکەمە بۆ ژیان، هەر لێرەشەوەیە کە ئازاردانی زۆرینەی پێباشە تا کەمینە سەرکەوتووبێت، دیارترین نمونەشی بۆ ئەمە کەوتنەوەی جەنگەکانە کەسەرجەمیان لەپێناوی تموحاتەکانی کەمینەو ئامانجی سەرکردە بەهێزەکاندا هەڵدەگیرسێن[٤]. کورتەی بۆچوونەکانی نیچە لەبارەی بەهاکانەوە (قیم)ەوە دەتوانین بڵێین لەوتەی سۆفستائییەکانەوە نزیکە، لەو دیدەوە کە دەیانووت

(مرۆڤ پێرەوی شتەکانە) بەڵام ئەم بەمجۆرە گوزارشتی لێکردبوو: (بەهای شتەکان لەشتەکە خۆیدا نییە، بەڵکو مرۆڤە کەبەها بۆ ئەو شتانە دادەنێت، کەواتە درووستکەری بەها مرۆڤە)(٥) بۆیە کەوتبووە بانگەشەکردن بۆ دڵی بەهابەرزەکانو لەم بابەتەشیدا هەوڵیدەدا کە بەداروینییەت کاریگەربێت بەتایبەتیش لەو بوارەدا کە دەیویست بەها ئەخلاقییەکان بگێڕێتەوە بۆ بنەڕەتی ئەندامی زیندەگی، ئەمەش بەڕەتکردنەوەی تەواوی بەهادیارەکانی سەردەمی خۆی کە لەکتێبەکەیدا بەناوی (ویستی هێز) زیاتر دەردەکەوێت، لەلای نیچە ژیان بریتییە لەلایەنێك (میحوەرێك) کە تیایدا مرۆڤ و بەهاکانی پێکەوە دەبەستێتەوە(٦).

بۆیە پێیوایە کە دەکرێت ئێمە متابەعەی بابەتەکانی فەلسەفەی مێژوویکەین لەبوارەئەخلاقییەکاندا بەتایبەتیش لەبابەتی ئەو ململانێیانەی کەپەیوەندی نێوان مرۆڤەکان رێکدەخات، هەر لەسەردەمانی زۆر زووەوە،دیارە هەرئەمەشە بنەچەی پێکهاتنو دروستبوونی شارستانییەتە گەورەکان. ئەمە سەرباری ئەوەی کەلای وایە شارستانییەتەکان بەفەزڵو توانستی ئەرستۆکراتەکان پێشکەوتوون و بنیادنراون، هەروەك پێیوایە کە بنەڕەتی درووستبوونی شارستانییەتەکانی (یۆنانو رۆمانو جێرمەنی)یەکانیش کاتێك بووە کە کۆمەڵێك بەهای ئەخلاقییان داهێناوە کە پشت ئەستوربووە بەهێزێکی کاریگەری دروست و گەشاوەو ئازاردانی کەسانی تر هەروەك لەشارو وڵاتەکانی یۆناندا هەبووە، بۆیە سەرچاوەی دروستبوونی شارستانییەتو گەشەکردنیشی بەپێی نیچە هێزێکی کاریگەری گەورەیە، ئەوهێزەی کەبەدەستی کەمینەوەیەو دەتوانن حوکمی زۆرینەی پێبکەن(٧).

نیچە رەخنەی توند لەو بۆچوونە دەگرێت کەپێیوایە مرۆڤەکان هەرلەسروشتی خۆیانەوە بۆیان دیاریکراوە کەدەبێت دەسەڵاتدارو خاوەن پلەوپایەبن، یاخود دەبێت بەندەو کۆیلەبن، بەڵکو نیچە پێیوایە کە پێوەری بوون بەدەسەڵاتدار یاخود ژێردەستەیی بریتییە لەوپەروەردەیەی کەئەو کەسە وەریگرتووە کەئاخۆ لەژێر چ نەمەتێکی ئەخلاقی تایبەتدابووە، چونکە ئەمە وا لەو کەسەدەکات کەهەستبکات سەر بە:

١- كۆمەڵەیەکی باڵادەستو دەسەڵاتدارە، سەرچاوەی ئەمەش لەوەوە دەبێت کاتێك هەست بەوە بکات کە لەکۆمەڵی ژێردەستەکان جیاوازە. ئەمەش بەبۆچوونی نیچە ناونیشانێکی خێرە.

٢- یان کۆمەڵەیەکی ژێردەستەو (کۆیلە) کە لەژێردەستی دەسەڵاتدارانی توندڕەودان.

بۆیە کاتێك کەسیفەتەکانی کەسی دەسەڵاتدار دیاریدەکات پێیوایە ئەوە کەسێکە کە خاوەنی رۆحێکی بەرزە[٨].

## باسی دووەم

## تێڕوانینەکانی نیچە سەبارەت بەدروستبوونو رووخانی شارستانییەتەکان

نیچە هەوڵدەدات کەتێڕوانینەکانی خۆی سەبارەت بەدروستبوونو رووخانی شارستانییەتەکان ببەستێتەوە بەو ململانێیەی کە لەنێوان چینی باڵادەستو ژێردەستەدا هەیە (حاکمو مەحکوم) کە ئەمەش لەدواجاردا دەبێتە ململانێیەکی بەهێز لەنێوان ئەخلاقو بەهاکانی دەسەڵاتدارو ژێردەستەدا، لێرەشەوە ئیدی ژێردەستەکان شۆڕشی خۆیان رادەگەیەنو بەهاکان بەرەو گۆڕان دەچن، چینی دەسەڵاتدار هەوڵدەدەن کەبارودۆخەکە بگێڕنەوە بۆ دۆخەکەی خۆی، بەململانێکردنێکی دژ بەوانو ئەمەش دەبێتە هۆی کەوتنەوەی جەنگێکی کوێرانە لەنێوان بەهای ژێردەستەو دەسەڵاتداردا، بەڵام لەبەر ئەوەی کەئەخلاقی چینی ژێردەستە لەسەر لاوازیو پیسی دامەزراوەو لەبەرامبەریشیاندا ئەخلاقی چینی باڵادەستە کەلەسەر بنەڕەتی هێزو بوێری دامەزراوە[٩]، بۆیە ئەمان دەتوانن کە پارێزگاری لەخۆیانو جێگەو پلەو پایەو بەهاکانیشیان بکەن ئەمەشیان بۆیە بۆ بەدەست دێت، چونکە ئەخلاقێکی بەهێزیان هەیە، هێزیش لەلای نیچە بریتییە لەڕوحی هێز کەکەسەکان لەخۆیاندا هەستی پێدەکەن، بەڵام لەدواییدا بەهۆی (زۆری) ژمارەی ژێردەستەکانەوە دەتوانن سەرکەوتن بەسەر باڵادەستەکاندا بەدەستبهێنن، بەمجۆرەش خولەکە بەردەوام دەبێت کە لەڕاستیشدا جەدەلی ململانێ لەدروستبوونو رووخانی شارستانییەتەکان لەلای نیچە ئەمەیە، ململانێیەکی دوو لایەنە لەنێوان بەها ناهاوتاکان (متناقض)و ئارەزووە بەدوای یەکدا هاتووەکان کەتیایانیدا جارێك هێز یاریدەکاتو جارێکیتر زۆرینە، بۆیە لای نیچە مێژوو بریتییە لەململانێیەك

لەنێوان بەهاکانی (هێز)و (زۆرینەدا) کە رێچکەی ئەم ململانێیەش هەماهەنگ دەبێت لەنێوان رووخاندنو بیناکردندا، ئەرکی هەریەك لەپێشەوایانی (روخێنەر)و (بنیادنەر)یش هەروەك زەردەشت بانگەشەی بۆ دەکات: بریتی دەبێت لە تێکدانی بەهاکانی ژێردەستەو درووستکردنو بیناکردنی جیهانی بەهێزەکان، ئەمەش لەدواجاردا رێگاخۆشدەکات بۆ دەرکەوتنی رەمزی پێشکەوتنی مێژوویی بایۆلۆجی کەماناکەی کەوتنەوەی کەسی بەرزو نمونەیی (سۆپەرمان) دەبێت [١٠].

**باسی سێیەم**

## دابەشکردنی قۆناغە مێژووییەکان لای نیچە

نیچە بۆ ئەوەی زیاتر بابەتەکەی دەوڵەمەند بکاتو تیۆریاکەی خۆی پێ بەهێز بکات، دێت تیۆریاکەی پشتئەستور دەکات بە هێنانەوەی نمونە لەسەر شارستانییەتەکان لەچەند قۆناغێکدا کەچۆن بەهۆی ئەو ململانێیەوە کەهەبووە لەنێوان دەسەڵاتدارو ژێردەستەدا، جارێك شارستانییەت پێشکەوتووەو جارەکەی تریش بەرەو دواگەڕاوەتەوەو بەمجۆرەش قۆناغەکانی مێژووی دابەشکردووە:

١- قۆناغی یۆنانی: کەتیایدا ململانێیەکی بەهێز هەبوو کە تەواو بەتاڵ بوو لەعاتیفەو سۆزداریو پشتئەستور بوو بەتوانستی هێز لەسەر ئاستی واقعی کۆمەڵایەتیو فیکری، لەسەرێکی ترەوە هەرئەوان بوون کەڕێگەیەکی پەروەردەیی سەرکەوتوویان گرتبووە بەر لەپێناو دروستکردنی تاکی سەرکەوتوودا [١١].

٢- قۆناغی مەسیحییەت: کەقۆناغێکی دواکەوتوو نا هاوتایە، چونکە بریتییە لەگوزارشتکردن لەهێزی لاوازەکانو زۆرینە، ئەمە سەرباری ئەوەی کە تیایدا بەشێوەیەکی رەها عاتیفەو سۆزداری بەربلاوەو پاڵنەرە رەگەزییەکان بەشتێکی قێزەونو ناشرین لەقەڵەمدەدرێنو کارەکانی تەنها بۆبیری ژیانی دووەمو جیهانی کۆتاییە کە مەسیحییەکان خەونی پێوەدەبین.

٣- چەرخی رێنیسانس: ئەمە ئەو قۆناغەیە کەتیایدا خەریکبوو ئەخلاقی دەسەڵاتداران سەرلەنوێ بگەڕێتەوە بۆ رەسانایەتییە یۆنانییەکەی (کەخۆی لەخانەدانەکاندا دەبینییەوە)، ئەگەر بزووتنەوەی ریفۆرمە دینییەکان نەبووایە کەبووە رێگر لەبەردەمیدا [١٢].

٤- قۆناغی شۆڕشی فەرەنسی: نیچە ئەم قۆناغە بەترسناکترین قۆناغ دادەنێت، چونکە تیایدا ئەخلاقی ژێردەستەکان دەسەڵاتیان گرتەدەستو بەهاو دروشمەکانی (ئازادیی و برایەتی و یەکسانی) باڵیانکێشا بەسەر هەموولایەکداو ئەمەش تەواو بارودۆخەکەی ئاڵۆزکرد.

٥- قۆناغی ناپلیۆن: قۆناغی هیوای بەهێزو خەونی دەسەڵاتداران کە لەسەر دەستی ناپلیۆن (هێزی گەورە)ی بێبەزەیی بەدەستهاتووەو شارستانییەتی گەورەی هێناوەتە کایەوەو لەم قۆناغەدا بینیمان کەکەمینە توانی کۆمەڵێك ئیمتیازاتی بەسەر چینی زۆرینەدا بسەپێنێت، بەڵام بەڕووخانی ناپلیۆن، نیچە پێیوایە کەئیتر کۆتایی رووناکییەکانەو کۆتایی بە بەهای باڵادەستان لە ئەوروپا دێت، شایەنی باسە کە (هیگڵ)ی هاونیشتمانی لەپێش ئەمدا هەمان بۆچوونی هەبووە سەبارەت بەناپلیۆن، بۆنمونە کاتێك ناپلیۆن ئەڵمانیای نیشتمانیان داگیردەکات هیگڵ لەگەڵ ئەو هەموو رەگەزایەتییەی کەهەیبوو کەچی پێشوازی لەسوپای ناپلیۆن دەکاتو وای دادەنێت کەلەگەڵ سمی ئەسپەکانیاندا خۆشگوزەرانیان هێناوە[١٣].

٦- قۆناغی سەدەی نۆزدەیەم: پێیوایە ئەم سەدەیە کاتێك دێت سەرلەنوێ وێنایەك دەبێت بۆ سەرکەوتنەوەی چینی بێدەسەڵات بەسەر دەسەڵاتداراندا، ئەمەش دەبێتەوە بەسەرەتای داڕووخانو هۆکارێك دەبێت بۆ قەیرانەکان، کە ئەخلاقی بۆرجوازیش ناتوانێت فریابکەوێت کەزۆرێك لەڕەخنەکانیشی رووبەڕووی ئەم چینە دەکاتەوەو تێکۆشانەکانیش لەپێناو ئامانجە کۆمەڵایەتییەکاندا بەگەڕانەوەیەکی مرۆڤ دادەنێت بۆ دواوە. لەپاش وتەکانیشی بۆ سەدەی نۆزدە لەدواجاردا بەوە هیواخواز دەبێتەوە کەدەبێت لەکۆتاییدا بەهاکانی باڵادەستان کاریگەرببنەوەو سەربکەونەوەو کەسی شیاو و نمونەیی (سۆپرمان) دەربکەوێت و لەدایکببێت[١٤].

## چەند رەخنەو تێبینییەک لەبارەی تیۆریاکەی نیچەوە

لەبارەی تیوریاکەی نیچەوە کۆمەڵە رەخنەو تێبینییەك هەیە کەدەتوانین بەمجۆرەی خوارەوە روونیبکەینەوە:

١- مەبەستی سەرەکیی لەدیاریکردنی قۆناغەکانو سەرجەم بابەتە رەخنەییەکانی نیچە لەبارەی ئەوروپاوەیە ئەمەش بەوە رەخنەی لێدەگیرێت کە نەیتوانیوە

چوارچێوەیەکی تـەواو سـەبارەت بـە سـەرجەم شارسـتانییەتەکان بەتایبـەتیش ئەوانـەی ڕۆژهەڵات بخاتەڕوو، هەرچەندە بیریـارانی ڕێچکەی نیـچە لـەدوای خـۆی هەوڵیانـداوە کـە بۆچوونەکانی تـەواو بـسەپێنن بەسـەر سـەرجەم شارسـتانییەتەکاندا بەتایبـەتیش کاتێـك جـەختیان لەسـەر ئـەخلاق و هێـز کردۆتـەوە و نمونـەی ئـەوەیان هێناوەتـەوە کاتێـك شارستانییەت لەڕۆژهەڵات لە پەرەسەندندا بووە کـە ئـەو شارسـتانییەتە هێزێکـی گـەورە بەڕێوەی بردبێت.

٢- یـەکێکیتر لـەو رەخنـە هـەرە گرنگانـەی کەئاڕاسـتەی تیۆریاکـەی نیـچە کـراوە، ئەوەیەکە تیایدا ڕۆڵی سـەرەکی لـەڕێڕەوی ڕووداوەکـانی مێـژوودا دەدات بـەتاك، وەك لـە باسی دروستبوون و ڕووخـانی شارسـتانییەتەکاندا لـەکاتی ململانێکانـدا دەرکـەوت. بۆیـە زۆرێك لەخاوەن بیرانی بواری فەلسەفەی مێژوو ئـەم بۆچـوونە بەهەڵـە دەزانـن و رەخنـەی ئەوەی لێدەگرن و دەڵێن مێژوو هێنـدەی مێـژووی گـەل و نەتەوەکانـە مێـژووی سـەرکردەو پاشایان و باڵادەستان نییە. هەروەك ئەو لەدواجاردا بۆچوونەکانی لەوەدا کورتـدەکردەوە کە دەیگوت پێویستە کەسێکی نموونەیی درووست ببێت تـاکو رەوتـی شارسـتانییەتەکان بەڕێوەبەرێت.

٣- هەنـدێکیتر رەخنـەی ئـەوەی لێـدەگرن کـە نیـچە کەسـێکی رەگەزپەرسـتبووەو لەتیۆریاکەیدا رەگەزی جێرمانی لەسەرووی هەموو رەگەزەکانی ترەوە دانـاوە، بەنمونـەی ئەوەی کە کاتێـك بـاس لەکەسـی نمونـەیی دەکـات پێیوایـە کـەدەبێت ئـەو کەسـێك بێت لەدایکێکی جێرمانی کەوتبێتەوە.

٤- لەسۆنگەی ئەوباسەی سەرەوەو لەکۆتایی ئەو چـەند تێبینییانـەش کـە خـستمانە بەرچـاو لـەبارەی نیـچەو تیۆریاکانییـەوە، ئێمـەش بۆخۆمـان وەك (توێـژەر) بۆچـوونی ئەوەمان لادروستبووە، کەبپرسین ئاخۆ ناکرێت نیچەی هاونیـشتمانی نازییـەکان و هیتلـەر کە چەند ساڵێك پـاش مردنـی نیـچە دەسـەڵاتیان گرتەدەسـت، نیـچەیان کردبێـت بەسـەر مەشق و لێرەوە نیچە بەداڕێژەری بیری نازییەت دابنێین و هیتلەریش ئەو سـۆپەرمانە بێت کە نیچە لە تیۆریاکەیدا بەڕزگارکارو سونبولی دەسەڵات و گۆڕەری مێژوو و شارسـتانییەتی دانابێـت؟، دیـارە ئەمـە پرسـیارێکەو وەڵامەکـەی لـەپاش خوێندنـەوەی دووبـارەی لێکۆڵینەوەکەمان بۆ خوێنەر بەجێدەهێڵین.

لەكۆتايشداو سەربارى سەرجەم ئەم رەخنانەو راستييش هەرچۆنێك بێت، دەتوانين بڵێين كە نيچە توانى بۆ خۆى ببێتە رابەرى تيۆرياپەكو لێكدانەوەيەكى گرنگ سەبارەت بەمێژوو و بەدرووستبوونو رووخانى شارستانييەتەكان دارێژێت، كە ئەويش تيۆرياى ململانێيە لە نێوان دەسەڵاتدارو ژێردەستە لەنێوان هێزو زۆرينە كەبەشێوەيەكى خولیى توانى بيسەلمێنێت كە تەواوى بەهاو قۆناغە مێژووييەكانى پياتێپەڕيوە، ئەمەش بەپاڵپشتى بەهاكانى ئەخلاقو پەروەردەى تاك لەو بوارانەى كە سەركەوتنى بۆ مسۆگەر دەكات. توانى خزمەتێكى گەورە پێشكەش بە فيكرو شارستانييەتو لێكدانەوەى مێژووبكات لەسەردەمى خۆيدا بەجۆرێك كە كاريگەرى لەسەر سەردەمانى دواى خۆىو بگرە تائێستاش بەردەوامبێت.

zryanhajee@yahoo.com

**پەراوێزەكان:**

(١) د.توفيق الطويل: الفلسفة الخلقية نشأتها وتطورها ،ل١٣٣ ، نيتشة: هكذا تتكلم زرادشت، ل٣٥٨، باكو لافرين: نيتشة ،ل٨

(٢) باكو لافرين:هەمان سەرچاوە ، هەروەها بۆ زياتر روونبوونەوە بڕوانە ارولد (اشبنجلر): تدهور الحضارة الغربية ،ج١.

(٣) هەمان سەرچاوەى پێشوو.

(٤) فؤاد كامل واخرون:الموسوعة الفلسفية المختصرة (مادة نيتشة) ،هەروەها بڕوانە د.عبدالرحمن بدوى: نيتشه ،ل٣٥-٩٦ ، اميل برسيه:اتجاهات الفلسفية المعاصرة ل٨٢ ، هنري توماس:اعلام الفلسفة كيف نفهمهم ،ل٣٢٢-٣٢٥.

(٥) يوسف كرم:تاريخ الفلسفة اليونانية ،ل٤٦ ، د.عبدالرحمن بدوي:هەمان سەرچاوە ، ل١٥٩

(٦) د. فؤاد زكريا: نيتشة ، ل٤٥،٥٧،٥١ ، د.عبدالرحمن بدوي ،هەمان سەرچاوە ،ل١١٩ .

(٧) هەمان سەرچاوەى پێشوو.

(٨) فؤاد كامل واخرون:الموسوعةالفلسفية المختصرة (مادة نيتشة) ،ل٣٧٧.

(٩) د.عبدالرحمن بدوي: هەمان سەرچاوە،ل١٦٧،١٨٠.

(١٠) د. فؤاد زكريا:هەمان سەرچاوە، ل٨٩ ،د.عبدالرحمن بدوي: هەمان سەرچاوە،ل.١٦٨

(١١) باكو لافرين:هەمان سەرچاوە ،ل٣٨-٣٩.

(١٢) فؤاد كامل واخرون:الموسوعةالفلسفية المختصرة (مادة نيتشة) ،ل٣٧٥.

(١٣) هنري توماس:اعلام الفلسفة كيف نفهمهم ،ل٣٢٣ ، د.عبدالرحمن بدوي: هەمان سەرچاوە،ل١٨٦.

(١٤) فؤاد كامل واخرون:الموسوعةالفلسفية المختصرة (مـادة نيتـشة)، ل٣٧٧ ، نيتـشة: هكـذا تـتكلم زرادشت ، ل٣٦٣.

**ليستى سەر چاوەكان:**


١- د.توفيق الطويل: الفلسفة الخلقية نشأتها وتطورها، الطبعة الاولى، القاهرة. بدون سنة طبع.

٢- نيتشة ، ترجمة ،فيلكس فارس: هكذا تتكلم زرادشت. بدون سنة ومكان طبع.

٣- باكو لافرين ، ترجمة جورج جحا: نيتشة ، بيروت ،١٩٧٣.

٤- ارولد (اشبنجلر) ، ترجمة ،احمد شيباني: تدهور الحضارة الغربية ،الجزء الاول ،بيروت، بدون سنة طبع.

٥- نقله عن الانجليزية: فؤاد كامل وجلال العشري، عبدالرشيد صادق، راجعه واضاف اليه د.زكي نجيب: الموسوعة الفلسفية المختصرة ، مكتبة النهضة ،بغداد ،١٩٨٣.

٦-د. عبدالرحمن بدوي: نيتشة ،مكتبة الهلال، بيروت،١٩٧٩.

٧- أميل برسية ،ترجمة ،محمود قاسم:

اتجاهات فلسفية المعاصرة ،دارالكشاف، دمشق، بدون سنة طبع.

٨-هنري توماس ، ترجمة دمتري امين ،مراجعة د.زكي نجيب محمود:

أعلام الفلسفة كيف نفهمهم ،القاهرة ، ١٩٦٤.

٩- يوسف كرم: تاريخ فلسفة اليونان ، الطبعة الرابعة القاهرة ١٩٥٨.

١٠-د.فؤاد زكريا :خلاصة الفكر الاوروبي (نيتشة) ، دارالمعارف القاهرة ١٩٥٦.

# ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی و قۆناغەکانی

هیوا عەزیز سەعید
مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی

**پێشەکی:**

ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی بابەتێکی گرنگی بواری لێکۆڵینەوەو میکانیزمێکە بۆ خوێندنەوەو ڕاڤەکردنی مێژوو لەچوارچێوەیەکی ئەکادیمیدا، هاوکات چاویلکەیەکە بۆ بینینی ڕووداو و گۆڕانکارییەکان لەقەوارەو کات و شوێنی خۆیدا.

لەبەرئەوە ئەم بابەتە هەڵدەگرێت بایەخی تایبەتی پێبدرێت و لێی بکۆڵدرێتەوە، لەم سۆنگەیەوە هەوڵدەدەین لەمیانی ئەم باسەدا لەسەر چەمکەکانی (ڕێباز، لێکۆڵینەوە، ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی) بووەستین و دواجار باس لەو قۆناغە بکەین کە ڕێبازی لێکۆڵینەوەی تێدا خەملیوەو تێپەڕاندووە.

بۆ گەلاڵەبوونی ئەم هەوڵەش سوود لەچەند سەرچاوەیەك وەرگیراوە کە دیارترینیان کتێبەکەی (د.محەمەد عەبدولکەریم ئەلوافی)یە بەناونیشانی (منهج البحث في التاريخ و التدوين التاريخي عند العرب)، هەروەها کتێبی (أصول البحث العلمي و منهاجه)ی (د.ئەحمەد بەدر) و چەندانی تر.

**یەکەم/ پێناسەی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی:**

پێناسەکردنی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی دەخوازێت سەرەتا هەریەك لە چەمکەکانی (ڕێباز، لێکۆڵینەوە) بناسێنین و ڕوونیبکەینەوە، پاشان باس لەڕێبازی لێکۆڵینەوە بکەین.

**١. ڕێباز:**

لەزمانی عەرەبیدا بە (منهج) و لەزمانی ئینگلیزیدا بە (method) گوزارشتی لێدەکرێت، پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە، لەبەرئەوە هەندێك لەو پێناسانە دەخەینەڕوو:

*(بريتييه لەو ڕێگەیەی کە پێی دەگەینە ڕاستی زانستەکان، بەهۆی کۆمەڵێك ڕێسای گشتیی دەستبەسەر شێوەی بیرکردنەوەو ژێریدا دەگرێت و پرۆسەکانی دیاریدەکات، تاکو بەئەنجامدەگات)[١].

*(بریتییە لەو ڕێبازو ڕێگەیەی کە مرۆڤ پێی دەگاتە ڕاستیی شتەکان)[٢].

*(ئەو ڕێگایەیە کە توێژەر دەیگرێتەبەر بۆ توێژینەوەی گرفت و کێشەیەك بۆ ئاشکراکردنی ڕاستییەکان)[٣].

*بریتییە لەو ڕێبازو ڕێگایەی کە مرۆڤ پێی دەگاتە ڕاستیی شتەکان، دوای هەوڵدان و تێکۆشان، کە لەمیانی کۆمەڵێك یاساو پرەنسیپی گشتییەوە کاردەکات، بۆ گەیشتن بەئەنجامی داواکراو)[٤].

*(بریتییە لەو ڕێچکەیەی مرۆڤ، بەشێوازێکی زانستیی لۆجیکی پێکەوە گونجاو لەگەڵ واقیع، دەیگرێتەبەر، بۆ درککردن بەڕاستییەك لەو ڕاستییانەی نایانزانێت)[٥].

*(ڕێگەی ڕێکخستنی زانیارییەکانە، بەشێوەیەك خستەنەڕووی زانیارییەکان شێوازێکی لۆجیکی تەواو وەربگرێت، خوێنەر لەزانیاریی ئاسانەوە بۆ گرانتر ببات، لەئاشکراوە بۆ نادیار، لەبەڵگەنەویستەوە بۆ ئەو زانیارییانەی جیاوازی (خلافات)ی لەسەرە، ئەمەش بەمەبەستی ڕێکخستنی بیرۆکەکان و پێکەوەبەستنیان)[٦].

لێرەوە دەتوانین بڵێین ڕێباز بریتییە لە: هەنگاوەکانی توێژەر لەکاتی توێژینەوەدا بەپێی کۆمەڵێك یاساو ڕێسای گشتی، کە بەئاراستەیەکیدا دەبات دەرەنجام و ڕاستییەکانی بۆ ڕووندەبێتەوە.

بەمانایەکی تر، پرۆسەی پلانڕێژی بیرکردنەوەو دانانی بەرنامەیەکی تایبەتی لەکاتی توێژینەوەدا، کەدواجار چارەسەری گرفت و کێشەکان بکات و ڕاستییەکان شیبکاتەوەو ئاشکرایان بکات، بریتییە لەڕێباز.

**٢.لێکۆڵینەوە (بحث):**

لێکۆڵینەوە وەك چەمك مانای جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت، لەبەرئەوە هەندێك لەتوێژەران پێیانوایە (بریتییە لەتەنیا ڕێگەیەك بۆ پێشکەوتنی زانست و پیشەسازی و کشتوکاڵ و ئابووری و پەروەردە، تاکە ئامرازە بۆ چاکسازیی، پەرەسەندن، هەڵسەنگاندن،

بەراوردکاری، تاقیکردنەوە، ئاشکراکردنی فاکتەرەکان، ئاشکراکردنی دەرەنجامەکان، وەسفکردنی واقیع و بارودۆخ، شیکردنەوەی هۆکارەکان)[٧].

هاوکات لێکۆڵینەوە بەوە پێناسەدەکرێت بریتیی بێت لە (لێکۆڵینەوەو خوێندنەوەی زانیاری و راستییە کۆکراوەکان، بەمەبەستی راقەکردنی راستییەکان و روونکردنەوەی ماناکان و دانانیان لەفۆرم و سکێچێکی لۆجیکیی بەسوود لەلایەن توێژەرەوە)[٨].

یان لێکۆڵینەوە بە (ویستی راستی و پشکنین و بەدواداچوونی و پەخشکردنی لەناو خەڵکدا)[٩] پێناسەکراوە.

لێکۆڵینەوە لەپێناسەیەکی تردا بریتییە لە (هەوڵێکی وردەکارانەی رەخنەگرانە بۆ گەیشتن بەچارەسەرکردنی ئەو کێشانەی مرۆڤ سەرسام و ماندوو دەکات) یان (ئەو ئامرازو رێگەیەیە بۆ گەیشتن بەرۆشنبیری و ئاشکراکردنی زانیارییەکان بەکاردێت) یان (کۆمەڵێك پەیوەندیی نوێیە بۆ گەیشتن بەچارەسەرکردنی ئەو کێشانەی رووبەرووی مرۆڤ دەبێتەوە بەگرتنەبەری رێبازی زانستی کە بەکۆمەڵێك جیاووکی بابەتیبوون و وردەکاری تەندروست جیادەکرێتەوە، وامان لێدەکات لەدەرەنجامەکان دڵنیا بین و بتوانین پێشبینی بکەین)[١٠].

ناساندنێکی تری لێکۆڵینەوە بریتییە لە (هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی رۆشنبیری و وردەکاری تێیدا، پاشان پێشکەشکردنی بەژیرانەو ئیدراکەوە، بۆئەوەی رۆڵی خۆی لەرۆشنبیری مرۆڤایەتییدا ببینێت)[١١].

لەلایەکی ترەوە بریتییە لە (راپۆرتێکی تەواوە لەلایەن توێژەرەوە پێشکەشدەکرێت و تەواودەکرێت، بەجۆرێك هەموو قۆناغەکانی توێژینەوەکە لەخۆبگرێت، لەساتەوەختی بیرۆکەبوونەوە تاوەکو دەبێتە دەرەنجامی نووسراو، پشتئەستوور بەبەڵگەو دۆکیۆمێنت)[١٢].

هەروەها پێناسەدەکرێت بە (ئامرازو میکانیزم بۆ خوێندن کە دەتوانرێت بەهۆیەوە بگەین بەچارەسەرکردنی کێشەیەکی دیاریکراو، ئەمەش لەرێگەی پشکنین و بەدواداگەڕانی گشتگیرو ورد بۆ هەموو ئەو بەڵگەو گەواهیدەرانەی دەتوانرێت لێپێچانەوەی لێبکرێت و پەیوەندیی بەم کێشە دیاریکراوەوە هەیە)[١٣].

لەڕوانگەی ئەوەی ئاماژەی بۆکرا، دەتوانین بڵێین لێکۆڵینەوە بریتییە لەمیکانیزمی کنەکردن و خوێندنەوەی گشت زانیاری و بەڵگەو واقیعەکان، بەشێوازێکی وردەکارانەو

لەدیـدێکی رەخنەگرانـەوەو بەدواداچـوونیان، بەمەبەسـتی گەیـشتن بەڕاسـتییەکان و روونکردنەوەی ماناکان و داڕشتنەوەیان و یـەکانگیریکردنی زانیارییـەکان و بڵاوکردنـەوەو پەخشکردنی لەناو خەڵکدا.

### ٣.ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی:

ڕێبـازی لێکۆڵینـەوەی مێـژوویی لەلایـەن مێژوونووسـانەوە پێناسـەی جۆراوجـۆری بـۆ کراوە، لەوانە:

*(بریتییـە لەپـشکنینی راسـتییەکان و بایەخـدانێکی ورد بەڕۆچـوون لەشـیکردنەوەی سەرچاوەکان و گەڕان و لێکۆڵینەوە لەتۆمارەکانی رابردوو و پاشماوەکانی و خوێندنەوەی دەستنووس و نووسراوەکۆنەکان و جۆری بەڵگەنامەکان)(١٤).

*(بریتییـــە لـــەڕێبازی زانـــستی بـــۆ وەســـفکردن و خـــستنەڕووی رووداوەکـــان و شیکردنەوەیان و کاریگەرییان لەگەڵ دەورووبەر لەسەر یەکتر)(١٥).

*(بریتییـە لـەتۆمارکردن و وەسـفکردنی رووداوە واقیعـەکانی رابـردوو و شـیکردنەوەو راڤـەکردنیان لەسـەر بناغەیـەکی بابـەتی زانـستیی، بەمەبەسـتی تێگەیـشتن لـەڕابردوو و پێشبینیکردنی داهاتوو)(١٦).

*(کۆمـەڵێك ڕێگـەو ڕێبـازی نوێیـە لەلایـەن مێـژوونووس و توێـژەری مێژووییـەوە پەیڕەودەکرێت بۆ گەیشتن بەڕاستییە مێژووییـەکان و بنیاتنانـەوەی رابـردوو بەهـەموو واقیع و سوچێکییەوە، هەروەك چۆن بووە لەکات و شوێنی خۆیداو بەهەموو کارلێکـەرانی ژیان تێیدا)(١٧).

*(ڕێبـازی لێکۆڵینـەوەی مێـژوویی واتـە پرۆسـەی پـشکنین و شـیکردنەوەی وردی تۆمارەکانی رابردوو و پاشکۆکانی و راڤەکردنی بەڵگەنامەکان)(١٨).

کەواتـە ڕێبـازی لێکۆڵینـەوەی مێژوویی بریتییـە لەپرۆسـەیەکی گشتگیر کـە لەلایـەن مێژوونووسـەوە پراکتیـزە دەکرێـت و پێکهـاتووە لـەدیاریکردنی کێـشەیەکی مێـژوویی و بەدواداچـوونی سەرچـاوەو زانیارییـەکانی سـەر ئـەم کێشەیەو لێکۆڵینـەوەو وردبوونـەوە بەمەبەسـتی دیـاریکردنی راسـتێتی و راڤـەکردن و شـیکردنەوەیان و دیـاریکردنی هۆکـارو دەرەنجـامی رووداوەکـان و وەسـفکردنی ئـەو بارودۆخـەی رووداوەکـەی تێدا روویـداوە،

بەشێوەیەکی زانستی و لەسۆنگەیەکی رەخنەگرانەوە بۆ تێگەیشتن لەڕابردوو و پەیوەندیی بەئێستاوەو پێشبینیکردنی داهاتوو.

### دووەم/ مێژووی (رێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی):

مێژووی رێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی پەیوەستە بەپەیدابوونی مێژووی مرۆڤەوە، چونکە گومان لەوەدانییە رێباز یاخود میتۆد زۆر زوو لەلایەن مرۆڤەوە دۆزراوەتەوە، هەوڵیداوە بگات بەڕاستیی شتەکان و بۆئەم مەبەستەش رێگاکانی رۆشنبیرکردنی خۆی دیاریکردووە، بەدرێژایی مێژوو چەند قۆناغ و ئاستی جۆراوجۆری بڕیوە لە (ئەندێشەگەرایی و پەیبردن و تێڕوانین و تێبینیکردنی تاقیکردنەوە)، کە هەوڵدان بووە بۆ هەڵوێستەکردن لەسەر راستییە جۆراوجۆرەکان لەژیاندا، لەم پێناوەدا میتۆدی جۆراوجۆری پراکتیزەکردووە کە هەریەکێکیان قۆناغێکی دیاریکراوی لەقۆناغەکانی پەرەسەندنی ژیانی مرۆڤایەتییدا بەخۆگرتووە[١٩].

بەلام ئەم رێبازو میتۆدە لەسەرەتاوە سادەو تاکەکەسیی بووە، پاشان پەرەی سەندووەو لەسەر یەکتر کەڵەکە بووەو کۆبوونەوەی تاکەکان فراوانتر بووە.

ئەگەر ئێمە بۆ مێژووی ئەم رێبازە بگەڕێین مێژوویەکی دێرینی هەیە، کاتێك سەرنجی مێژووی کۆن دەدەین ناکرێت ژیارییەکانی میسۆپۆتامیاو میسرو چین بەبێ میتۆدو رێبازێکی تایبەتی بنیاتنرابن، تەنانەت گریکەکان رێبازی تایبەتییان هەبووەو بەمانای (لێکۆڵینەوە یان تێڕوانین) بەکارهاتووە، سەرەڕای ئەوەی هەموو فەیلەسوفێك میتۆدێکی تایبەتی بەخۆی هەبووە[٢٠].

بەشێوەیەکی گشتیی رێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی بەسێ قۆناغدا گوزەری کردووە، کە هەندێك لەتوێژەران بەمجۆرە دابەشییان کردووە:

**١.قۆناغی چەرخی کۆن.**

**٢.قۆناغی چەرخی ناوەڕاست.**

**٣.قۆناغی چەرخی نوێ.**

لەکاتێکدا زۆرینەی پسپۆڕانی ئەم بوارە بەمجۆرە ناوی ئەم قۆناغانە دیاریدەکەن:

**١.قۆناغی ئەفسانە.**

**٢.قۆناغی فەلسەفە.**

**٣.قۆناغی زانست.**

لەبەرئەوە بۆ زیاتر ئاشنابوون بەڕەوتی پەرەسەندنی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی هەوڵدەدەین لەمەڕ هەرقۆناغێك هەڵوێستە بکەین:

**١.قۆناغی ئەفسانە:**

قۆناغی ئەفسانە قۆناغی سەرەتاو دەستپێکی ڕێبازی لێکۆڵینەوەیەو یەکەم هەنگاوی مرۆڤە لەپێناو تێگەیشتن لەدیاردەو راستییە جۆراوجۆرەکان و روونکردنەوەی پاڵنەرو هۆکارەکانی پشت ئەو شتانەی کە دەیبینێت و دەیجوڵێنێت. ئەم قۆناغە قۆناغی ژیانی سەرەتایی یەکەمە لەگەڵ ئەو سەردەمە سەختانەی تێیپەڕاندوون، هەروەك چۆن مرۆڤ لەم قۆناغەدا نەگەیشتبووە سەردەمی بیرکردنەوەی ژیرانەو زانست و ئەزموونە کەڵەکەبووەکان، بەڵکو لەم قۆناغەدا هۆکارو پاڵنەری رووداو و دیاردەکانی بەشێوەیەکی ئەفسانەیی و خەیاڵئامێز راڤەدەکرد(٢١).

هەرچۆن بێت خاڵێکی گرنگ هەیە کە مرۆڤ سەرەتا پرسیاری لەخۆی کردووە، لەڕووی ماهیەت و چۆنیەتی خۆی و پاشان دوورووبەرەکەی بەلێشاو پرسیار سەری هەڵداوە، کە ناچار بووە بەدوای وەڵامدا بگەڕێت و بڕوا بەشتێك بهێنێت بۆئەوەی ئاسوودەیی بۆخۆی فەراهەم بهێنێت.

لەبەرئەوەی لەڕووی بیرکردنەوەوە ساکار بووە پەنای بردۆتە بەر خەیاڵ و ئەفسانە، دەرەنجامی ئەم دۆخەی گوزەراندویەتی کاتێك بیری لەگەردوون کردۆتەوەو تێڕوانینی بۆ جیهان و هەموو رووداو و دیاردەو کارەسات و گۆڕانکارییەك بەجۆرێك نەخشەڕێژبووە، کە لەئەودیو ئەم شتانەوە هێزێکی پەنهان و نهێنی هەیە لەپشتی پەردەوە کۆنتڕۆڵی بزاوتەکانیان دەکات، لەبەرئەوە بۆ هەر رووداو و دیاردەیەك خوایەك دروستدەکات، کە لەبیرکردنەوەیدا پێیوابووە ئەم خوایانە رۆڵی کرداری دەبینن و هێزێکی راستەقینەی کردگارین و توانای زەرەرو زیان و کاری ترسناکیان هەیە، بۆ رزگاربوون لەم خەم و دڵەڕاوکێیەش پەنای بردۆتە بەر پەرستش و قوربانییدان و داوای لێبووردن و ستایشی دەکردن و پەرستگای بۆ دروستدەکردن، بۆیە ئەگەر سەرنجی مێژووی کۆن بدەین دەبینین خوای هەر چوار وەرزەکەی ساڵ و خوای لافاو و زریان و خوای خۆشەویستی و رقلێبوونەوەو.. هتد، هەبووە(٢٢).

ئەمە بەزۆری لای نەتەوە کۆنەکانی (فیرعەونی، بابلی، ئاشووری،سۆمەری، ...هتد) دەبینرێت[٢٣]، ئەم دیاردەیە لای گریک و یۆنانییە کۆنەکانیش باوبووەو چەندین خوای وەك (زیوس، بوسیدون، هیرمس، ئەپوللو،..) پەرستراون، تێڕوانین بۆ ئەم خوایانە لەڕووی هەست و سۆزەوەو شێوەی لەدایکبوون و زاووزێ و سروشتی تورەبوون و خۆشەویستییەوە هەمان تێڕوانین بووە بۆ مرۆڤ، شیاوی باسە کە جگە لەم خوایانە مانگ و خۆر وەك خوایەك لای زۆر لەنەتەوە کۆنەکان پەرستراوە[٢٤].

هاوکات زۆرینەی رووداو و کارەساتە گەورەکانی سەردەمی کۆن لەبەرئەوەی نووسین نەدۆزرابووەوە، مرۆڤ هەوڵیداوە لەیادەوەری خۆیدا تۆماری بکات و لەڕێگەی گێڕانەوەی زارەکییەوە پشتاوپشت و وەچە بەوەچە لەشێوەی داستان و چیرۆکی ئەفسانەییدا بۆ یەکتر بگێڕنەوە، داستانەکانی (گلگامش، ئەلیادەو ئۆدیسای هۆمیرۆس، رامایانا و مەهابەهاراتای هیندۆسەکان، شاهنامەی فارسییەکان،...هتد) نموونەی ئەم لایەنەن[٢٥].

لێرەوە ئەوەمان بۆ رووندەبێتەوە کە مرۆڤ لەسەرەتاوە هەستی بەبوونی پرەنسیپی دیاریکردنی (هۆکارو پاڵنەر، العلیة) کردووە، وەك هەوڵێك بۆ راڤەکردنی دیاردەکان و پێیوابووە دەبێت لەپشت هەرگۆڕانکارییەکەوە پاڵنەرێك هەبێت، ئەم بۆچونانەشی بە زمانی ئەفسانە خستۆتەڕوو[٢٦].

**٢.قۆناغی فەلسەفە:**

قۆناغی فەلسەفە دەرەنجام و پاشکۆی قۆناغی ئەفسانەیە، لەم قۆناغەدا رێبازی لێکۆڵینەوە بوارێکی فراوانترو مەودایەکی نوێ و ئاستێکی پێشکەوتووتری لەخۆگرت، لێکۆڵینەوەو وەڵامی پرسیارەکان بناغەو فۆرمی فەلسەفییان وەرگرت و کۆمەڵە کەسانێك بوونە هەڵگرو پێشەنگی ئەم دیاردە نوێیە کە پێیان دەوترا (فەیلەسوف)، ئەم کەسانە لێکدانەوەو راڤەی تایبەتییان بۆ گشت ئەو دیاردەو کارەسات و گۆڕانکارییانەی ژیانی مرۆڤایەتی هەبوو، کە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ قۆناغی پێشتر هەبوو.

فەلسەفە لەڕووی زمانەوە بە (حب الحكمة) واتە خۆشەویستی بەهرەمەندی و دانایی، وەك چەمکیش تێڕوانینێکی گشتییە بۆ گەردوون و بوون و مرۆڤ و هەموو لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیان[٢٧].

سەرەتاو دەستپێکی ئەم قۆناغە دەگەڕێتەوە لای گریکەکان، بیریارەکانی گریگ بەوە جیادەکرێنەوە کە هەوڵیاندەدا لەلێکۆڵینەوەو پشکنین و هۆکاربەندیدا ڕۆبچن و قووڵببنەوەو وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە کە مرۆڤ بڕوای وابوو نایانزانێت، چارەسەری ئەو گرفتانە بکەن کە لەڕێگەی خواکانەوە هەوڵی چارەسەری بۆ دەدراو لەڕاستیشدا لەدەسەڵات و کردگاری ئەوان نەبوو، زۆرینەی ئەفسانەو داستانە تایبەتمەندەکانی میسۆپۆتامیا و دۆڵی نیل کە باسییان لەگەردوون و شتەکان دەکرد، لەلایەن گریکەکانەوە لەچوارچێوەیەکی فەلسەفیدا داڕێژرانەوە، ئەمە سەرەڕای بۆچوون و هەوڵە ئەفسانەییەکانی خۆیان[٢٨].

لەم بوارەشدا (ئەرستۆ) ڕۆڵێکی دیاری بینی لەدانانی بناغەی ڕێبازی پێوەرگیرو سەلماندن (القیاسی و الاستدلال)[٢٩]، چەند بیروبۆچوونێکی جیاوازی خستەڕوو کە پێیان وابوو هەستەوەرەکان کەموکورتییان تێدایەو ناتوانرێت پشتیان پێببەسترێت بۆ ناساندنی شتەکان تووشی گومڕابوون و هەڵخەڵەتان دەبین، بەڵکو پێویستە ژێری بکرێتە پێوەرو سەنگی مەحەك کە دەتوانێت ڕۆشنبیریمان دەستبخات لەسەر شێوەی (حەدەس)ی ڕاستەوخۆو زانستی ڕاستەقینە زانستی فەلسەفەیەو فەلسەفە کلیکی ڕاستییەکانە[٣٠].

لەبەرئەوە لەم قۆناغەدا سەرلەنوێ ئەو هەوڵ و کۆششەی لەقۆناغی ئەفسانەدا لەمەڕ ڕاڤەکردن و خوێندنەوەی بوارە جۆراوجۆرەکانی پزیشکی و ئەستێرەناسی و جوگرافیاو ئەندازیاری و .. هتد، درابوو، لەدیدێکی فەلسەفییەوە پێناسەکرانەوەو چەند کەسانێکی فەیلەسوف و بیریار لەم بورانەدا دەرکەوتن، وەك: فیساگۆرس ٦٠٠ پ.ز لە جوگرافیای سروشتی و بیرکاری و فەلسەفەدا، دیموکریتس دەورووبەری ٤٠٠ پ.ز تیۆری ئەتۆم و شیکردنەوەی ماددەی خستەڕوو، هیبوکرات کە بەباوکی پزیشکی ناوزەدکرا ڕۆشنبیری و ومارەسەی پزیشکی پەرەپێدا، سەرەڕای ئەرستۆ لەسەدەی ٤ پ.ز جگە لەفەلسەفەو لۆجیك زانیاری زۆری لەبارەی ئاژەڵ پێشکەشکرد، سیۆفراستۆس ڕێبازی توێژینەوەی ڕووەکی دامەزراند، هەروەها ئەرخەمیدس لەسەدەی ٣ پ.ز لەفیزیاو کیمیاداو ستراپۆلە ٢٠ پ.ز جوگرافیای وەك زانست ناساند، بەتلیمۆس باسی جووڵەی ئەستێرەکانی کرد[٣١].

هەروەها لەبواری مێژوو و جوگرافیادا هیکاتیۆس لە ٥٤٠ پ.ز و هیرۆدۆتس ٤٨٤–٤٢٥ پ.ز کە بەباوکی مێژوو ناسراوە، ڕۆڵی تایبەتییان هەبوو لەمانابەخشین بەمێژوو،

مێژوویان وەك چەمك بەهەمان ئەو مانایە بەكارهێنا كە بەوشەی (Historia) گوزارشتی لێدەكرێت، هەروەها ئەفسانەیان گۆڕی بۆ مێژوو، رەخنـەیان لـەقۆناغی پێشتر بریتیبوو لەوەی كە هەموو رووداو و كارەساتێكیان تۆماركردووە بێئـەوەی تەتەڵـەی بكـەن، پێیـان وابوو مێژوو لێكۆڵینەوەیەكی كۆمەڵایەتییەو جیاوازە لەئەفسانە(٣٢).

سـەبارەت بەڕۆمانـەكان، رۆشـنبیری و رێبـازی لێكۆڵینـەوەی دوای رووخـانی ئیمپراتۆریـەتی رۆمـانی بـۆ ماوەیـەك تووشـی وەسـتان هـات و تـەنیا مومارەسـەی ئـەو پەرەسەندنانەیان دەكرد كەلەلای یۆنانەكان روویدەدا(٣٣).

بەڵام دواتر چەند كەسانێكی وەك (رۆجەر بیكۆن ١٢١٤-١٢٩٤) و (لیۆنـار دی ڤینـشی ١٤٥٢-١٥١٥) لـەبواری فیكریـدا لەئـەوروپا رۆڵـی دیاریـان هـەبوو لەڕێگەخۆشـكردن بـۆ سەرهەڵدانی رێنیسانس و داواكاری ئەزموونگەری و تێبینیكـردن و دەزگـای پێوەرییبـوون بۆ گەیشتن بەڕاستییەكان و بەرهەڵستی میتۆدی ئەرستۆیان دەكـرد لـەپێوەری لـۆجیكی، بـەڵام ئـەم داواكارییـەی ئـەم دەسـتەیە لـەكونجێكی تەسـكدا مایـەوەو جـاریش بـووە لـەدەرەنجامی فـشاری كنیـسەو دەسـەڵاتی ئـایینی لەسـەریان، لـەداواو تیۆرییـەكانیان پاشگەوبوونەتەوە، كۆپەرنیكس نموونەی دیاری ئەم لایەنەیە(٣٤).

كەواتە قۆناغی فەلسەفە دەرەنجامی بیركردنـەوەی مرۆڤـە كاتێـك هەسـتیكرد تاچـەند لەڕاڤە ئەفسانەییەكانی بۆ سروشت و بـوون هەڵـەی كـردووە، لەبەرئـەوە لای لـە (ژیـری-عقل) كردەوەو پێیوابوو كە تەنیا ژیـری دەتوانێـت وەڵامێكـی چارەسـاز بـۆ پرسـیارەكان بداتەوە.

هەروەها فەلسەفەو زانستە ژیرەكـان لەچـاخەكانی كـۆن و ناوەڕاسـتدا وەك گـشتێكی یەكگرتوو لێی دەڕوانرا، بەڵام پێویستی ژیانی كرداری و دۆزینەوە یەك لـەدوای یەكـەكانی مرۆڤ و فراوانبوونی ئاسۆی رۆشنبیری بەدرێژایی چاخەكان، مرۆڤـی فێركـرد كـە پێویـستە زانـستە جۆراوجۆرەكـان لەفەلـسەفەی ئەندێـشەگەرایی (الفلـسفة التأویلیـة) جیاببێتـەوەو هەرزانستێك لەبواری خۆیدا سنووردار بكرێت و بەڕێبازێكی تایبـەتی و شـیاوی خـۆی لێـی بكۆڵرێتەوە(٣٥).

لەبەرئەوە لێرەوە قۆناغێكی نـوێ لـەڕێبازی لێكۆڵینـەوە دەسـتیپێكرد كـە بـەقۆناغی زانست یان ئەزمونگەرایی ناوبرا.

### ٣.قۆناغی زانست:

لەسەدەی ١٧ز دا هەندێك لەفەیلەسوفەكان و خاوەن میتۆدەكان بەرپەرچی بیری كۆنیان دایەوە كە لەسەر (رۆچوونە ژیرییە نەزۆكەكان بنیاتنرابوو)، بانگەشەی پراكتیزەكردنی میتۆدێكی نوێیان كرد كە لەسەر خوێندنەوەی واقیعی هەستپێكراو بنیاتنرابوو، لەپێشەنگی ئەم فەیلەسوفانە كەسایەتی ئینگلیزی (فرەنسیس بیكۆن) بوو كە كتێبێكی بەناوی (یاسای نوێ) بڵاوكردەوە، پاشان كتێبێكی (رینیە دیكارت) بەناوی (وتارێك لەمیتۆددا–مقال في المنهج) بڵاوكرایەوە، لەسەدەی نۆزدەشدا (جۆن ستیوارت میل)ی ئینگیزی خوێندنەوەیەكی لەسەر (رێبازی حەزفكردن) و بەیاسای (إطراد الحوادث في الطبيعية) بڵاوكردەوە، هەروەها بڵاوكردنەوەی كتێبی (دەروازەیەك بۆ توێژینەوەی پزیشكی تاقیگەیی)ی (كلود برنارد)ی فەرەنسی[٣٦].

لەلایەكی ترەوە داهێنانی لۆگاریتم لەسەردەستی (نابیر) لە ١٦١٤داو لێكۆڵینەوەكانی (هارڤیر)لەبارەی سوڕی خوێن و بەكارهێنانی نیشانەی دەیی لەلایەن (بریگز)[٣٧].

لەرێگەی ئەم كتێبانەوە بانگەشەی رەتكردنەوەی بیرو تێروانینی كۆن و خوێندنەوەی شتەكان تەنیا بەژیری راگەیەندرا، رێبازێكی نوێ بۆ گەیشتن بەڕاستی لەگشت زانستە جۆراوجۆرەكاندا لەرێگەی تێبینیكردن و تاقیكردنەوەوە دیاریكرا، ئەمەش لەبەرئەوەی رۆشنبیری و ژیری مرۆڤ سنووردارەو ناتوانێت پەی بەگشت نێهنییەكان ببات، فەلسەفەو بیركردنەوەی ئەبستراكتی لۆجیكی تەنیا لەهەندێك كارو پرۆسەی هزریدا سودمەندە بۆ مرۆڤ، بەڵام لەگەیشتن بەڕۆشنبیرییەكی نكۆڵیلێنەكراو لەزانستە سروشتی و مرۆییەكان و كۆمەڵایەتییەكان، یان تێگەیشتن لەپەیوەندییە بنیاتنراوەكانی نێوان ئەم دیاردانە كەموكورت دەهێنێت ئەگەر رۆشنبیرییەك لەتێبینیكردن و تاقیكردنەوەوە هەڵگۆزرابێت[٣٨].

رەخنەی دیكارت لەئەرستۆ بریتیبوو لەوەی كە ئەرستۆ هەندێك شت بەجۆرێك دادەنێت كەگومانلێنەكراو و یەكلاكەرەوەیە، بیكۆنیش پێیوابوو ژیری مرۆڤ لەناوەرۆكەوە یەكەیەكی تۆكمەیەو ملكەچی سیستمە بیركارییەكانە، بۆیە پێویستە یاساكانی لەیەك كاتدا سروشتی و بیركاری بن، بۆ پێكهێنانی میتۆدێكی تۆكمەو جێگیر بۆ ئەم ژیرییە

دەبێت لەڕێبازی لێکۆڵینەوەدا پشت بەپێوەرێك ببەستین کە لەشتە سادەو ساکارەکانەوە دەستپێبکات و بەشتە ئاڵۆزو داڕێژراوەکان کۆتایی بێت[٣٩].

کرۆکی نووسینەکانیان بەشێوەیەکی گشتیی بریتیبوو لەسڕینەوەی گشت ئەو زانیارییانەی مرۆڤ کە لەسەرەتای منداڵییەوە وەك سروشت لەدایك و باوك و کۆمەڵگەکانەوە وەریدەگرن، جارێکیتر ناسینەوەی ئەو زانیاری و شتانە لەسەر بناغەی گومانکردن تاگەیشتن بەیەقین.

دوا بەدوای بیکۆن و دیکارت بیریارو فەیلەسوفی تری جیاجیا هاتن کە رەخنەیان لەلۆجیکی ئەرستۆ دەگرت و پێیان وابوو کاتی بەسەرچووەو پێویستە رێبازێکی نوێی زانستی بگیرێتەبەر کە پشت بەتوێژینەوەی دیاردە سروشتییەکان ببەستێت و لەهەردوو لایەنی فیکری تیۆری و تێبینی و دیاردەکانی ئەزمونگەری کۆبکاتەوە، واتە رێبازێك کە هەردوو زانستی بیرکاری و سروشتی بەیەکەوە گرێبدات و هەر زانستێکیش یاساو رێسای تایبەتی بەخۆی هەبێت کە تاڕادەیەکی زۆر رێژەیی دەبێت بۆ پێوانی زانستەکان[٤٠].

بەڵام ئەوەی کە پێویستە لەگشت زانستەکاندا هەبێت بریتییە لەبوونی رێبازێکی تایبەت بۆ هەر زانستێك، کەپشت ببەستێت بەتاقیکردنەوەو خوێندنەوەی واقیعی بەرجەستەبوو، تێبینیکردنی لەڕێگەی پرۆسە ئاڵۆزەکانی شیکردنەوەو داڕشتنەوە.

بەم شێوەیە زانست بەمانا نوێیەکەی سەریهەڵدا، کە لەسەر خوێندنەوەی واقیع بنیاتنرابوو[٤١].

کەواتە هەنگاوەکانی رێبازی تاقیکردنەوەو ئەزمونگەریی بریتییە لە: تێبینیکردن و تاقیکردنەوە، پاشان دانانی گریمانە، دواتر لێپێچانەوە لەڕاستێتی ئەم گریمانانە بەهۆی تاقیگەوە، پاشان داڕشتنی یاساو تیوریا.

**دەرەنجام:**

لەدوا وشەی ئەم توێژینەوەیەدا دەگەینە ئەوەی کە:

*رێبازی لێکۆڵینەوە بەرهەم و دەرهاویشتەی بیری مرۆڤ، کەوەك میکانیزمێك لەلایەن مرۆڤەوە بەکارهێنراوە بۆ خوێندنەوەو راڤەکردنی دیاردەو گۆڕانکارییەکانی گەردوون و بوون.

*ڕێبازی لێکۆڵینەوە کەڵەکەبووی هەوڵەکانی مرۆڤە هەر لەسەرەتای دروستبوونییەوە بەسێ قۆناغی سەرەکیدا تێپەڕیووە کە سەرەتا وەك ئەفسانەو پاشان لەدیدی فەلسەفەوەو دواجار لەهەناوی زانستەوە سەریهەڵداوە.

*ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی، لقێکی ئەم بوارەیەو تایبەتە بەزانستێکی داریکراو کە زانستی مێژووە.

## سەر چاوەکان:


د.احمد بدر: أصول البحث العلمي و مناهجه، وكالة المطبوعات، كويت، ١٩٧٣.

د.احمد شلبي: كيف تكتب بحثا أو رسالة، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة، ١٩٦٨.

د.علي جواد الطاهر: منهج البحث الادبي، المكتبة العالمية، بغداد، ط، ١٩٨٣.

د.طلال المجدوب، منهج البحث في التاريخ و التدوين التاريخي عند العرب، جامعة قار يوسف، بنغازي، ط١، ١٩٩٠.

د.عبدالوهاب إبراهيم ابو سليمان، كتابة البحث العلمي صياغة جديدة، دار الشروق، دمشق، ط٢، ١٩٩٦.

د.شوقي ضيف: البحث الادبي طبيعة–منهجه–أصوله–مصادره،دار المعارف، القاهرة، ط٥.

طه باقر و د.عبدالعزيز حميد: طرق البحث العلمي في التأريخ و الاثار، دار الكتب، الموصل، ١٩٨٠.

د.عبدالواحد ذنون طه: أصول البحث التأريخي،دار الحكمة للطباعة و النشر، الموصل، ١٩٩٠.

الدكتورة رجاء وحيد دويدري: البحث العلمي–أساسياته النظرية و ممارساته العملية، دار الفكر المعاصر، بيروت، ط١، ايلول ٢٠٠٠.

د.هاشم يحيي الملامح و اخرون: دراسات في فلسفة التأريخ، دار الكتب للطباعة و النشر، ١٩٨٨.

د.حسن حطاب و عنوني ياس عباس: أسس البحث العلمي، مطبعة الوزارة التربية، بغداد، ١٩٨٦.

د.محمد علي الخولي: كيف تكتب بحثا او رسالة، دار الفلاح للنشر و التوزيع، عمان، ط١، ١٩٩٦.

د.کەمال مەزهەر ئەحمەد: مێژوو– کورتە باسێکی زانستی مێژوو و کوردو مێژوو، بەغدا، ١٩٨٧.

غازی فاتح وەیس: ڕێبازی لێکۆڵینەوە، هەولێر، ١٩٩٠.


## پەراوێزەکان:

(١)د.احمد بدر: أصول البحث العلمي و مناهجه، وكالة المطبوعات، كويت، ١٩٧٣، ص٣٢.

(٢) د.علي جواد الطاهر: منهج البحث الادبي، المكتبة العالمية، بغداد، ط، ١٩٨٣، ص١٩.

(٣) د.احمد بدر: أصول العلمي...، ص٣٣.

(٤) د.طلال المجدوب، منهج البحث و إعداده– دراسة نظرية و تطبيقية، مؤسسة عزالدين للطباع و النشر، ١٩٩٣، ص١٧.

(٥)محمد عبدالكريم الوافي: منهج البحث في التأريخ و التدوين التأريخي عند العرب، جامعة قار يونس، بنغازي، ط١، ١٩٩٠، ص٢٧.

(٦) د.عبدالوهاب إبراهيم ابو سليمان: كتابة البحث العلمي صياغة جديدة، دار الشروق، دمشق، ط٦، ١٩٩٦، ص٢٠.

(٧) د.محمد علي الخولي: كيف تكتب بحثا او رسالة، دار الفلاح للنشر و التوزيع، عمان، ط١، ، ص٢٩.

(٨) د.عبدالوهاب إبراهيم ابو سليمان: كتابة البحث العلمي...، ص٢١–٢٢.

(٩) د.علي جواد الطاهر: منهج البحث الادبي، ص٢٧. غازى فاتيح وەيس: ڕێبازى لێكۆڵینەوە، هەولێر، ١٩٩٠، ل١٧.

(١٠)د.حسن حطاب و عنوني ياس عباس: أسس البحث العلمي،مطبعة الوزارة التربية، بغداد، ١٩٨٦، ص٧.

(١١)د.طلال المجدوب، منهج البحث و إعداده...، ص٢٩.

(١٢) د.احمد شلبي: كيف تكتب بحثا أو رسالة، مكتبة النهضة المصرية، القاهيرة، ١٩٦٨،ص٥.

(١٣)د.احمد بدر: اصول بحث العلمي...، ص١٨.

(١٤) د.عبدالواحد ذنون طه: أصول البحث التأريخي،دار الحكمة للطباعة و النشر، الموصل، ١٩٩٠، ص١١–١٢.

(١٥) (٨) د.عبدالوهاب إبراهيم ابو سليمان: كتابة البحث العلمي...، ص٢٦–٢٧.

(١٦) د.حسن حطاب و عنوني ياس عباس: أسس البحث العلمي، ص١٢.

(١٧) الدكتورة رجاء وحيد دويدري: البحث العلمي–أساسياته النظرية و ممارساته العملية، دار الفكر المعاصر، بروت، ط١، ايلول ٢٠٠٠، ص١٥١.

(١٨)د.هاشم يحيى الملاح و اخرون: دراسات في فلسفة التأريخ، دار الكتب للطباعة و النشر، ١٩٨٨، ص١٧.

(١٩)محمد عبدالكريم الوافي: منهج البحث في التأريخ و التدوين، ص٢٧.

(٢٠)د.علي جواد الطاهر، منهج البحث الادبي، ص١٩.

(٢١)غازى فاتح وەيس: ڕێبازى لێكۆڵینەوە، ل٩.

(٢٢)محمد عبدالكريم الوافي: منهج البحث في التأريخ و التدوين، ص٢٨.

(٢٣)د.هاشم يحيى الملاح و اخرون: دراسات في فلسفة التأريخ، ص٧٤.

(٢٤)محمد عبدالكريم الوافي: منهج البحث في التأريخ و التدوين، ص٢٩.

(٢٥)د.كەمال مەزهەر ئەحمەد: مێـژوو-كورتـه باسـێكی مێـژوو و كـوردو مێـژوو/ بەغدا، ١٩٧٨، ل٣٧ و دواتر.

(٢٦)د.عبدالواحد ذنون طه: أصول البحث التأريخي، ص٤٥-٤٦.

(٢٧)د.هاشم يحيى الملاح و اخرون: دراسات في فلسفة التأريخ، ص١٥.

(٢٨)طه باقر و د.عبدالعزيز حميد: طرق البحث العلمي في التـأريخ و الاثـار، دار الكتـب، الموصـل، ١٩٨٠، ص٢٤-٢٥. د.عبدالواحد ذنون طه: أصول البحث التأريخي، ص٤٧.

(٢٩)د.احمد بدر: اصول بحث العلمي...، ص٦٥.

(٣٠)محمد عبدالكريم الوافي: منهج البحث في التأريخ و التدوين، ص٣٠.

(٣١)د.احمد بدر: اصول بحث العلمي...، ص٦٦-٦٧.

(٣٢)طه باقر و د.عبدالعزيز حميد: طرق البحث العلمي في التـأريخ و الاثـار، دار الكتـب، الموصـل، ١٩٨٠، ص٢٥. د.عبدالواحد ذنون طه: أصول البحث التأريخي، ص٤٧-٤٨.

(٣٣)د.احمد بدر: اصول بحث العلمي...، ص٦٧.

(٣٤)د.احمد بدر: اصول بحث العلمي...، ص٧٠.

(٣٥)محمد عبدالكريم الوافي: منهج البحث في التأريخ و التدوين، ص٣٢.

(٣٦)طه باقر و د.عبدالعزيز حميد: طرق البحث العلمي...، ص٤٤.

(٣٧)د.احمد بدر: اصول بحث العلمي...، ص٧١.

(٣٨)محمد عبدالكريم الوافي: منهج البحث في التأريخ و التدوين، ص٣٢.

(٣٩)د.شوقي ضيف: البحث الادبي طبيعتـه-منهجـه-أصـوله-مـصادره،دار المعـارف، القـاهيرة، ط٥، ص٨٤.

(٤٠)المصدر نفسه، ص٨٥.

(٤١)محمد عبدالكريم الوافي: منهج البحث في التأريخ و التدوين، ص٣٣.

# دوایین قارەمان

مەنسور تەیفوریی

کەسێك، ژنێك، پیاوێك، ئارامو بێجووڵە، وەستاوەو سەیری تۆ یان شوێنێکی نزیك تۆ، کەسێك لەپشت سەری تۆ، کەسێك لەلای راست یان چەپی تۆ دەکات. ئەو هەندێکجار ژنێکی زۆر جوانە بەجلی شەوەوە، یان کوڕێکی گەنجە بەقاتێکی ڕازاوەی تازەو کڕاواتێکەوە، هەندێکجار کوڕێکی گەنجی سپۆرت لەبەرەو هەندێکجار ژنێکە نیوەڕووت، یان عەبا لەسەرو مانتۆ لەبەر. ئەو هەیە،و کەسێکی قانوون تەوەریشە، لەهەموو جێگەیەك پەیڕەوی یاسا دەکات. لەتاران جلی سەرتاپێی لەبەردایەو لەسلێمانی هەندێك شوێنی خۆی دەردەخاتو لەشاری بچووکتری وەك سنە لەنێوان تارانو سلێمانیدا دۆش دادەمێنێت.

دەگەیتە تەنیشتی. سەیرت دەکات. سەرەتا کەسێکە وەك هەموو کەسانی دیکە، بەڵام ئارامیی سەیری ئەو ڕاتدەچڵەکێنێ، بەتایبەت کاتێك سەرت هەڵدەبڕیو لێی دەڕوانی کە ئەرێ ئەو مانکێنەو تۆ وات زانیوە کەسێك، ژنێك یان پیاوێك، ناسراو یان بێگانەیەك کە سەیری تۆ دەکات. سەرەتا هەستی لەژێر نیگای ئەوی دیدا بوون جۆرێك لەهەست بەبوونت پێدەدات. هەستدەکەیت هەیتو کەسێك سەیرت دەکاتو لێرەوە هاوکات سەرەتای یارییەکیش دەستپێدەکات" یاریی سەما لەبەر ئەوی دیدا کە وەك ژیژەك دەڵێ: بوونی ئێمە سەمایەکی بەردەوامە لەبەردەم ئەوی دیی گەورەدا (زمان یان کۆمەڵگە). بەڵام کە سەر هەڵدەبڕیو لێی دەڕوانی، جۆرێك ڕاچەڵەکانت بۆ دروست دەبێت، جۆرێك لەترسێکی شاراوە، جۆرێك لەتۆقینو خۆ بەسووك زانینیش. ئەو بێدەنگ وەستاوەو سەیرت دەکات. ئەو چاو لەئاسۆیەك دەبڕێ کە دیار نییە. ئەو چاوی لەئاسۆی حەشیمەت بڕیوە، ئەو خەڵکەی سەردانی ئەم پاساژەیان کردووە.

پاساژ وەك جیهانی بچووك، وەك نمونەی جیهانی سەرمایەداریی هاوچەرخ، ڕەنگە سەیرترین جێگەی شار بێت، شوێنێك بۆ تێڕامان. لەنێو پاساژیشدا ئەگەر پاساژ نمونەی جیهانی هاوچەرخ بێت، واقیعی ترین مرۆڤەکان هەمان مانکێنەکانن. مانکێن وەك نمونەی

ئیلاهیی هێز، وەك هێزێکی ئاسمانی کە توانای چاودێریکردنی هەیە. لای بۆرخس گۆڕستان سەیرترین شوێنی جیهان بوەو لای جادووگەرانی کۆن، ئاسمان، ئاسمانێك کە دەیڕوانیو بەنیگایەکی قوولو دوو چاوی گەورەوە چاودێریی هەموو شتێکی دەکرد، ئاسمانێك کە جێگەی "ناقر"ی گەورەو جێگەی شاهیدان بوو، جێگەی ئەو بوونەوەرە بانزەمینیانەی هەموو شتێکیان دەنووسیو هیچییان بیر نەدەچوو، جێگەی نیگایەك کە مرۆڤ هەموو تەمەنی لەگەڵی دەژیاو هەموو کردارێکی خۆی بەپێی ئەو ڕێکدەخستو دادەڕشت: ژیان وەك سەمایەك لەبەردەم ئەو نیگایەدا.

پاساژەکان سەیرترین شوێنن. هەر لەبودلێرەوە تاکو فێردینیان سپلینو والتێر بنیامین. پاساژ شوێنێك بووە بۆ بیرکردنەوەو تێڕامان. پاساژ بەنوورو ڕووناکایی تایبەتییەوە، بەگزنگو تیشکی دەستکردی نیۆنو بەکاشیکاری تەختی عەرزو ڕەنگامەییو جۆراوجۆری خۆیەوە شوێنێکی بەتەواوی ئازادە. هەموومان ئازادین، گەر شتێکیش نەکڕین، بەسەرڤ ملکێشان سەردانی بکەینو چێژ لەبینینو بینران وەربگرینو وەك بودلێر لەویَ "بە حەمامی حەشیمەت تەڕ بین". بەڵام لەناخیشەوە شتێك هەیە کە هەست دەکەیت لەپاساژدا لەئازادیت دەدات" هەموو شتێك ڕووناکە، زۆرترینی دوکانەکان هێند پاكو خاوێنن هەستدەکەیت زۆر سانا دەتوانی دەست ببەیتو شتێك هەڵبگریت بێئەوەی کەسێك بەرت پێبگرێت، هەستدەکەیت تۆ ئەو منداڵەی کە دەست دەباو لەهەموو شتێك لەتێك لێدەکاتەوەو شتەکان لەزەمینەی خۆیان دەردێنیو لەزەمینەیەکی دیکەدا دایاندەنێت. لێرەدا ئەوپەڕی ئازادیی هەستپێدەکەیت. هەموو شتێك ڕووناكو سپییە، بەڵام هەر لەبەر ئەوەش کە لەوپەڕی سپیبوونو ڕووناکیدایە، هەر لەبەر ئەوەی لەوپەڕی سەربەستیدایە، جۆرێك ترس لەگەڵ خۆی دەهێنیَ. ئەم ترسە لە جۆری ئەو ترسەیە کە لەجوانی زۆردا هەیە. هەر چۆن بودلێر لەجوانی زۆردا مەرگی دەدییەوە، واتە هەر شتێك مادام تا دوا ڕادەی لۆژیکیی خۆی پەرەو درێژە بدریَ ڕەنگە لەئەو سەرەوە بگۆڕێت بۆ شتێکی دژی خۆی. لێرەش، لەم پاساژە نوورانییەدا شتێك لەترس هەیە. ئەمەش سەرەتای پرسیارێکە، ئایا لێرە بەڕاست ئازادین کە دەست ببەینو هەڵبگرین؟ ئایا لێرە هیچ هێزێك بوونی نییە؟ ئایا لێرە کەس کۆنترۆڵمان، چاودێریمان ناکات؟ لێرەدایە کە دەگەینە نمونەیەکی دیکە لەچاودێریکردن. لێرەدایە دەتوانین لەو ترسە

بگەین کە لەمانکێنەکان هەمانە. ترس لەو نیگا ساردو بێ بنو ناکۆتایە. ترس لەو نیگایەی کە سەیری نەدەکردیتو تۆشی هەر لاگرنگ نەبوو. لەو نیگا کە تۆ لەلای ئەو "تۆ" نیت، تۆ لای ئەو نیگا تەنیا "بەرخۆرێك"ی، بەرخۆرێك کە نە ئەقڵی هەیەو نە لێکدەداتەوە. کەسێکیو سەرگەردانی. بەرخۆرێك کە دەبێت مانکێن یارمەتیی بدات هەڵبژێرێتو سبەی بەگۆڕینی جلی خۆی داوەتت دەکاتەوە تۆش بگۆڕێی. لێرە گەرچی سەرەتا وا دیارە کە ڕادەیەکی زۆری ئازادیی هەیە، بەڵام ئازادیی، ئازادییەکە سنووردارو بەپێی نموونە. لێرە کەس ناتوانێ منداڵ بێت، ئێرە شوێنی کۆلێکسیۆنێرە نەك منداڵ (وەك بنیامین جیایان دەکاتەوە).

لێرە ئازادیی لەبەر تیشکی نیۆندا تەنیا سیمایەکی ترسناك وەردەگرێت. ئەمە ڕواڵەتی دیکەی پاساژو ڕواڵەتی دیکەی مرۆڤی ئارامی بەردەم کۆگایەکی زاراوەی گەورەیە، بەڵام ئەم ترسە هەندێکجاریش جۆرێك ترس بووە لەجیهان خۆیو ڕەگێك لەپارێزگاریی تێکەڵ بووە. ئەو پارێزگارییەی کە زۆر جار بۆتە رقو رووبەڕووی جیهانی مۆدێرنو خەڵکانی مۆدێرن کراوەتەوە. بەڵام سەیر ئەمەیە کە گەورەترین مۆدێرنیستەکانیش تێکەڵەیەك بوون لەشەیدایی بۆ جیهانی مۆدێرنو هەروەها بێزاری لەو جیهانە" ئەو خاڵەش کە ترسی مۆدێرنیستێك لەترسی بنەڕەتخوازێك جویدەکاتەوە وێنانەکردنی هیچ جیهانێکە لەدەرەوەی جیهانی مۆدێرن. مۆدێرنیستێك بێزار دەبێت بەڵام بەرامبەر جیهانی مۆدێرن هیچ سەردەمی زێڕینو هیچ شێوەبوونێکی سروشتیو پاستۆڕاڵ بەرجەستە ناکاتەوە، واتە ئەو کارەی کە فەندەمێنتالیستێك دەیکات.

پێشتر، سەردەمی پێش سیستمی سەرمایەداری مۆدێرن، چاوێك لەئاسمان سەیری دەکردینو قارەمانەکەی لەسەر زەوی فەرمانەکانی ئەوی بەڕێوەدەبردنو تەنیا ئەو قارەمان بوو. سەردەمی مۆدێرن سەردەمی نەمانی قارەمانەکان بوو. سەردەمی نەمانی کەسێك کە سەر نمونەی رەفتارو چاکە بێتو مۆدێلی گەورەی کۆمەڵگە بێت. بەڵام ئایا ئەمە راستە؟

مانکێن دەتوانێت وەڵامی ئەم پرسیارە بێت. مانکێنیش وەك نوێنەری نەخشەکێشو دیزاینەر، وەك نوێنەری سیستمێك کە بەنواندنو دانوستاندن دەگەڕێو بەسەر هەموو کەسێکدا بەمەرجی توانای کڕین، کراوەتەوەو هەموان بەیەك چاو سەیر دەکات – واتە

هیچیان نابینیّ– قارەمانی ئەم سەردەمەیە" هەڵبەت دیسان بودلێر وتەنی ئێمەش قارەمانین، ئێمەی کە بەخوێنی پڕ لەنیکۆتینو ئەلکوهولمانەوە باری قورسی تەنیابوون هەڵدەگرین، باری قورسی مۆدێرنبوون. ئەمەش هەر ئەو شتەیە کە لای بودلێر ناوی قارەمانیگەریی یان هێرۆییسمی مۆدێرنە.

بەڵام دەبێت توخمێك بدۆزینەوە کە جیهانی مۆدێرن لەو فەزا جادووییەی کە بەجۆرێکی ناڕاستەوخۆ بۆمان وێنا کرد جوێبکاتەوە. توخمێکی ڕزگاریدەر کە بۆ ڕزگاریی لەجادووی جیهانی مۆدێرن ڕێگەی جیهانی مەحاڵو ڕێگەی رقو ڕێگەی سەردەمی زێڕینی وەحدەتمان بۆ وێنا نەکاتو بەرەو باخەکانی شەدداد یان کۆماری فاشیستیی ئەفلاتوون یان ئیمپراتۆریای ئیسلامیمان نەبات.

جارێکی تر دەرهاویشتە چڕکراوەکانی ئەم ڕامانە کۆ بکەینەوە. هە ستدەکەین ئازادین، کەچی سەیر دەکرێین" هەستدەکەین هەڵدەبژێرین، کەچی داواو ویستەکانمان لەلایەن سیستمی سەرمایەدارییەوە دیاریکراوە. ئەمە پوختەی وتەکانمانەو هەستدەکەین ئازادو هەڵبژێرکار نین. دەستێك بەسەر مانکێنەدا دێنی، هەموو شتەکان جارێکی تر بەزەینتدا دێنێتەوە، ئەو هەر وا سەیری دوور دەکاتو تەمەننایەتی بجووڵێو ئازاد بێت" هەستدەکەیت ئەم جیهانە هێشتا دەرفەتێکی دیکەشی هەیە" دەستێکی تر لەکراسی بەر مانکێنەکە دەدەیت، بزەیەك دەتگرێو بەجێیدێڵیو هەستدەکەیت، گەر نەختێکیش بێت، ئازادیت. بەجێیدێڵیو دەڕۆی. تۆ قارەمانیت. قارەمانی گەڕانی بێکۆتایی.

* * *

تێبینی: ئەم نووسینە بەشێکە لەوتارێکی درێژتر.

# گۆڕینی سروودی نیشتمانیی، هەڵەیەکی نیشتمانییە!

عەدنان ڕەئوف قادر

ئەوەی کوردستانی دابەشکردووە تەنها ئەو سنوورە جوگرافییە نیە کە دوژمنان ناویان ناوە سنوور، کوردستان لە زۆر ڕووی کولتوری وفەرهەنگیشەوە دابەش کراوە، ڕەنگە ئێمە تەنها میلەتی دونیا بین کە بەشی هەرەزۆرمان لەزمانی یەکدی ناگەین و هەرپارچەیەکمان بەڕێنوسێك دەنوسێت و زمانێکی یەکگرتومان نییەو هتد...، دوژمنانی کورد بەجۆرێك چوارمێخەی کوردیان کێشاوە، دەیان ساڵ بەشی هەرەزۆری کوردیان لەیەك بێئاگاکردووە و ئەم بێئاگاییەش ڕەنگ و ڕوخساری یەك نەتەوەیی زۆر کاڵکردۆتەوە، یەکێك لەو چەند ڕایەڵە کەمەی کەلەبەینی نەتەوەی کورددا ماوەتەوە سرودە نیشتیمانییەکەیەتی، سروودی نیشتیمانی ڕەنگە لەڕابردوودا زۆر ماناو مەغزای سیاسی و فیکری و کولتوری و کۆمەڵەیاتی هەبووبێت، بەڵام ئێستا جگە لەنەریتێك هیچی دی نییەو هیچ وڵاتێك لەڕێگای سرودەکەیەوە ناخوێنرێتەوە یاخود سرود تەعبیر لەهیچ شتێکی نەتەوەناکات، بەڵام سروودی نەتەوەیی بۆ کورد هێشتا زۆر مانای ماوەو گرنگی خۆی لەدەست نەداوە، زۆرێك لەوڵاتە دیموکرات و پێشکەوتووەکانی دونیا هەتا ئێستایش هەمان ئەو سروودانەیان ماوە کە لەڕۆژگارە تاریك و ئەنگوستە چاوەکاندا دانراون، زۆرێك لەگەلانی دونیایش لەئەنجامی دابەش بوون و یەکگرتنەوەو رزگاربوون و گۆڕانکاریی سیاسی و کودێتاو... هتدەو، سروودەکانیان گۆڕیوەوە، بەتایبەتی دیکتاتۆرەکان، کەبەشتی کەس ڕازی نین و ناوی شارو شەقام و ئاڵاو سروودو پارەو هەموو شتەکان دەگوڕن، من نازانم کام لەو حاڵەتانە لەکوردستاندا هاتووەتە ئاراوەو بیرۆکەی گۆڕینی سروودی ئەی ڕەقیب لەچییەوەو بۆچی سەری هەڵداوە؟! لەکاتێکدا هێشتا بەشی هەرەزۆری کوردستان نەك مافی نەتەوایەتی خۆی پیێ نەبڕاوە بەڵکو بەدڕندانەترین شێوە دەچەوسێنرێتەوە، ئەگەرچی دەرفەتێك لەکوردستانی باشوور ڕەخساوەو کورد خۆی حوکمی خۆی دەکات، بەڵام هێشتا ئەو دەسکەوتانە نەچەسپاون و

ئایندەو چارەنووسی ئەم بەشە بەهیچ جۆرێك دیارنییە و باشترین بەڵگەش راپۆرتەكەی (بیكەر–هاملتۆن)ە، بۆیە من هیچ بیانوویەك بۆ گۆڕینی سروودی نیشتیمانی نابینم و پێشنیاری گۆڕینی ئەی ڕەقیب بەپێشنیارێكی سەرپێیانەو ناوەخت دێتە بەرچاوم و لەسروودە نوێیەكەدابەهیچ جۆرێك تایبەتمەندی و پێكهاتەی نەتەوەیی كورد لەبەرچاونەگیراوە، دەبێت سروود بەزمانی یەكگرتوو بنوسرێت نەك بەدییالێكتێك كەزمانی كەمینەی نەتەوەی كوردە، مەسەلەی ئەی رەقیبیش مەسەلەیەكی تایبەتو بارودۆخێك چەسپاندوویەتی كە لەدەسەڵاتی كەسدا نەبووە. شێركۆ بێكەس لەباسی ئەوشیعرەی كە بۆ سرودی نیشتیمانی داینـاوەو گوایە دەبێتە شوێن گرەوەی سروودی (ئەی ڕەقیب) دەڵێت: (سروود نابێت لە دوو دەقیقە زیاتر بێت و دەبێت سادەو ساكار بێت و ئاسان لەبەر بكرێت)، دیارە كاك شێركۆ ئاگاداری ئەوڕاستییەیە كە نەك خەڵكی ئاسایی و منداڵ و نەخوێندەوار، بەڵكو لەسەدانەوەدی ڕۆشنبیرو نوسەرانی كورد بەكاك شێركۆ خۆشییەوە، بەباشی لەیەكتری ناگەن! ؟ چجای خەڵكی سادەو نەخوێندەوار، دەبێت لەسەدا ٧٥ی گەلی كورد لەڕێگای وەرگێڕەوە لەسروودە نیشتیمانییەكەی خۆیان بگەن، نازانم تاچەند پەرلەمان دڵنییایە لەوەی كەپارچەكانی تری كوردستان ئەم سرودە قبووڵ دەكەن و ڕەتی ناكەنەوە؟ بەتایبەتی حزبی دیموكراتی كوردستانی بندەستی ئێران و پارتی كرێكارانی كوردستانی بندەستی توركیا چونكە حیزبی دیموكرات بەبڕیاری حیزب و لەدامەزراندنی كۆماری مەهابادەوە سروودی ئەی ڕەقیبیان كردووە بەسروودی نیشتیمانی و ئێستایش هیچ بیانوویەك نییە بۆ گۆڕینی ئەو سروودەو ڕەوشی كوردیش لەئێراندا خراپتر بووە باشتر نەبووە، هەرچی (پ.ك.ك)یشە ئەو سروودەیان وەكو ئەمری واقیع قبووڵ كردووەو پێموانییە جارێكیتر بەسروودێك ڕازی بن كە هیچی لێ حاڵی نەبن و هیچ هۆیەكی سیاسی و نەتەوەیی گرنگیش نەبێت بۆ گۆڕینی سروودەكە، ڕەنگە حكومەتی هەرێم گۆڕینی سروودی نیشتیمانی قبووڵ نەكات و بۆ دانەرانی سروودەكەو ڕەنگە گرنگیش نەبێت بۆی كە سروودی نیشتیمانیش وەكو زۆرێك لەسەروەرییە نیشتیمانی و نەتەوەییەكان ببێتە یاری ماڵەباجێنەو هەرپارچەو پارتێك سرودێكی سادەوساكار (كەبەئاسانی بۆیان لەبەربكرێت) بۆ خۆیان دابنێن، ئەگەرچی بیرو بۆچونی جیاواز هەیە لەسەر سروودی ئەی ڕەقیب كەڕەنگەڕاست بن و وەكو بەشێك لەمێژوونووس و

مێژووزانەکان دەڵێن کورد ڕۆڵەی میدیاو کەیخەسورەو نین هەندێکیش میدییەکان بەیەکێك لەو هۆزانەدا دەنێن کەنەتەوەی کوردییان لێ پێکهاتووە، زۆرێکیش ئەوە بەکوفر دەزانن کە دانەری تۆپی زەمان کوردی بۆ نەشکێندرێت، هەندێکیش سروودی ئەی ڕەقیب بەتوندو تیژو ڕەگەزپەرستانە دەزانن، دەکرێت ئەم خاڵانەو هەر رەخنەو سەرنجێك لەسەر سروودی ئەی ڕەقیب هەیە لەبەرچاو بگیرێت و سروودەکە چاك بکرێت یاخود بگۆڕدرێت، بەڵام دەبێت بەڕاوێژو بەهاوبەشی و بەئاگاداری ڕۆشنبیران و خەم خۆرانی هەموو پارچەکانی کوردستان ڕێوشوێنی پێویست بگیرێتەبەر بۆ گەیاندنی سروودەکە بۆ هەموو پارچەکانی کوردستان و دیارە دەبێت بەشتێکی لەئەی ڕەقیب باشتر بگۆڕدرێت. گومان لەوەدانییە کاك شێرکۆ یەکێکە لەبەرزترین لوتکەکانی شیعری کوردی بەڵام هۆنراوەکەی لەئاستێکی باڵادا نییەو بەهیچ جۆرێك لە شیعری کاك شێرکۆ ناچێت و ئەو هۆنراوەیە نەك بۆ سروودی نیشتیمانی ناشێت بەڵکو ئەگەر ناوی کاك شێرکۆی لێ بکەیتەوە ڕەنگەشانسی بڵاوکردنەوەشی لەڕۆژنامەیەکی باشدا نەبێت، سەیرە لەو هەموو لاری و خواریو گەندەڵییەی لە (ڕێگاوبان، تەندروستی، پەروەردە، ژینگە، ئابووری، ڕامیاری، بەڕێوەبردن، ڕاگەیاندن، ڕۆشنبیری، هاتووچۆ. گەشتو گوزار. خزمەت گوزاری، یاسا، مافی مرۆڤ و هتد.... هەیە کەچی هاتوون شتێك بگۆڕن کە جگە لەزیان هیچ قازانجێك بەگەلی کورد ناگەیەنێت. هیوادارم سروودی ئەی نیشتیمانی چاك نەکەن بۆئەوەی خراپ نەبێت!!

سالّی کەوشخوارەکانە ئەی خاک

دەوەن

شنەی پایزێک لە ئەسەبی بابلیسک

ژوان پێنجوێنی

بەسێوێکدا سەفەر دەکەم

زانا سامان

درندەی خۆشحالّ

کاروان ئیبراهیم

گریمان پیاو نا دارتێل

خەدیجە جاوید

دایکی خانێنێک

ئومەر سەید





# ساڵی کەوشخوارەکانە ئەی خاک!

دەوەن

**پێشکەشە بەگەڵاکانی ژێر زامەکانی یادەوەریم بە**
**(تریێ و داریان و حیکمەت و جەمالەڕەش)**



تۆ ئەی خاک لەزەمانی ئادەم و حەواوە
وەکو ئازارێک لەنێوانی دەست و پەنجەی رۆژگارایت
رۆژێک لای فاڵچییەکی درۆزن پاڵکەوتویت و
بەدەم خەمەکانتەوە گینگڵ دەدەیت
لەژێر لێفەیەکی چوار کونا خۆت گرمۆڵە کردووە و
لەژێر کونەکانییەوە خوێن و زامت لێدەچۆڕا
لە ئێوارەیەکی پەمەییدا و بە رێکەوت خۆت خزاندە
ناو پەرتوکەکەی زەردەشتەوە و
شەوانە لە ئاتەشگەدات بەگڕی ئاهورامەزدا
خۆت گەرم دەکردەوە
هەر لەوێوە و لە خۆرنشینا
کەوتیتە نێوان دەست و پەنجەی عۆریانەوە
شەوانە بە دەم هەنسکی مۆم و رژانی پێکی شەرابەوە
خەو دەیبردیتەوە
لەژێر وێنەی رنووی فرمێسکەکانتا
پرچە سوتاوەکانت بەشیعر شانە دەکردو

بەبۆنی بوغورد خۆت دا دەپۆشی
بەیانییەک نەبوو دەستی سڵاوێک بەرزکەیتەوە
بۆنەوەکانی ژێر ساباتی ژان وبرین
ئێمە هەمووومان بانگمان کردیت و
دەستمان بەسنگەوە بۆگرتیت
بۆخاتری ئەوەی گۆچانەکەی دەستت ماچ بکەین و
ئێوارەیەک لامان بمێنیتەوە
وەلێ ئەفسوس تۆ هەنگاوەکانت بەخێرایی هەڵهێناو
ئاورێکت لێ نەداینەوەو
دیژلەمەیەکت لەگەڵمانا نۆش نەکرد
دەوەرە توسەری ئەو لادە بەخشندەکانت
دەنکێ هەنجیر لەگەڵمانا ئاودیو بکە
ئەوە تۆ بۆ ئەوەندە بەرزی ئەی خاک ؟
هێندە بێزار بوویت وەڵامی زارۆکەکانیشت نەدایەوە
بەنگیان کردیت بەخێرایی رایان کرد بەشوێنتا و هانایان بۆ هێنایت
هەر بۆخاتری ئەوەی حیکایەتێکی تازەمان
لە نەوە مێرخاسەکانت بۆ بگرێتەوە
هێشتا خۆر لەسەر سفرەی بەیانیمان میوان بوو
تۆ هەر نەهاتیت
باڵندەکانیش بۆیان جریوانیت و
لە نەهاتنی تۆ تۆران لە سابات و لە دەنگی شنەی بای بەیانیان و
لە دەمەقاڵەی ئێمە
خۆزگە ئەی خاک لەئێمە و لە باڵندەکانت دەڕوانی
تا بتبینیایە چۆن پەڕو باڵی شالوورەکان

وەکو گەڵای پایز
ورد ورد هاتنە خوارێ و
بەختیان یار نەبوو لەهەنگاوەکانت
ئەوە هەرئێمەین لە تۆ زویر نابین و هەر مەزنمانیت
ئەوە هەر ئێمەین
لە یاداشتەکانی یادەوەریمانا
ناوت لە دێڕی یە کەمیندایە
ئەڤە هەر ئێمەین لە هەنگاوەکانت دوور ناکەوینەوە
هەر دێین و بەشوێنتا کۆڵان کۆڵان بۆت دەگەڕێین
تا سەرو ماچی مێزەرەکەت بکەین
مێزەری تۆ ئەی خاک
رۆژێ بۆنی داری عوود و رۆژێ بۆنی خوێن و
رۆژی بۆنی باروت و رۆژێ بۆنی تاوانی لێدێت
ئەوە هەر ئێمەین شوکرین بە بینینت ئەی خاک
ئەوە هەرئێمەین ئولفەتمان بەتۆوە گرتووە ئەی خاک
تۆی مێزەر خوێناوی و پشتێن پان وچۆغە چڵکن
شەوێک دەبیتە میوانی ماڵە خائینێک و
رۆژێک لەسەر تاتە شۆری مزگەوتێک
شەهیدێک دەشۆی
ئێوارەیەک دێیت و
لاەرە لارە بەخۆت و گاڵۆکەکەتەوە سەرخۆش سەرخۆش
هەنگاو دەنێیت و بۆنی عارەقت رۆژە رێیەک دەڕوات
هەندێ جار دەبێتە گیتارژەنێکی هەرزەکار و
ئاوازی ناشاز دەژەنیت

کاتژمێرێکت لە دەستایە شکاو
مەگەر هەرخۆت بزانی کات چەندە
نیوەڕۆیەک لا دەیتە شارێکی گومان و
کەسێ نییە دەرگات لێبکاتەوە
هاودەمێ نییە ئەو خاچەت لە کۆڵکاتەوە
ئەیخاک هێندە دڕکی کوڕە کەوشخوارەکانت چزا بە پەنجەمانا
هەرچی بۆنە خۆشەکانی باخی عومرت هەبوو
لەبیریان بردینەوە
بەڵێ کوڕە کەوشخوارەکانت و هەر ئەوان
هێشتا تۆ نەبووبوویت
بەڕۆژی نیوەڕۆ گیرفانەکانتیان بڕی و
بۆ گوناهەکانی خۆیان
واژۆی تۆیان دزی و
لە لاپەڕە مێژووییەکاندا
رویان زەرد کردی
کەچی تۆنوزەیەکت لێوە نەهات
هەرئەوان و بەڵێ کوڕە کەشیشەکانت
جامۆڵەیان پڕلەژەهر کرد و دەرخواردیان دایت
تۆش بە تەزبیحە ئەبڵەقەکەتەوە
هەر خەریکی تەزبیحات بوویت و
واتدەزانی بە دوعاکردن ماڵەکەت ئاوا دەبێتەوە
ئاخر گەورەم کێ دیویەتی
ماڵێک پڕکەن لە خوێن و گەرووبەک پڕکەن لە باروت و
شەقامێک رەنگرێژکەن بەخوێنی کچەکانت





یەکەیەکەی پەنجەی کوڕە بەخشندەکانت ببڕنەوە
سەرپۆشی دایکی کوڕەکانت بە دوژمن ببەخشن
کراسەکانیان بکەن بەتەوێڵی ماشێنەکانیانەوەو
سروودی سەرکەوتن بڵێنەوە
ژیان تروسکاییەکە بۆهیواکان
گەر تروسکایی و هیواکان نەبێت
ژیان مۆمێکی کزەڵەیە
بەفووی کەوشخوارێک دەکوژێتەوە
ئەوە ئیشی نەوە کەشیشەکانت بوو
جوانییەکانی تۆیان هەڵکرووزان و
هەموو هیواکانی تۆیان لەتوپەت کردو
بەجوانییەکانی تۆ بەهەشتێکیان بۆخۆیان
ڕازاندەوە و
تۆیان تورِ دایە گەرووی مەرگەوە
هەرتۆ ئەی خاک
کەشتی نوحت لە نوقوم بوون قووتار کرد
وەلێ تا ئێستا نەتتوانی
خۆت لەکورە کەوشخوارەکانت ڕزگار بکەیت
کوڕێکی شانۆکارت زام و خەمەکانت لەسەر شانۆ
نمایش دەکات
کەچی تۆنارازیت
کوڕێکی شێوەکارت هەرچی بەژنەباڵای تۆیە
رەنگرێژی دەکات لە تابلۆیەکتدا
بەڵام تۆنارازیت

کوڕێکی دەنگخۆشت هەموو برینەکانت بەلای لایە دەلاوێنێتەوە
بەڵام تۆ هەر ناڕازیت
کوڕێکی شاعیرت
بەشیعر هەرچی مێژووی تۆ هەیە دەینووسێتەوە
بەڵام ئاخ، تۆ هەر ناڕازیت
کوڕێکی رۆماننووست
گشت کارەساتەکانی تۆ دەخوێنێتەوە
کەچی تۆ هەر ناڕازیت
کوڕێکی کەوشخوارت
هەموو ئەم کوڕە عاشقانەی تۆ
یەک یەک دەکوژێ
کەچی تۆ بێدەنگ و شوکریت
لەئێوارەیەکی خۆرنشیناو
هێشتا مێردمنداڵ بووم
دەنکێ ترێی پایزانەت نایە ناو دەستمەوە
لەو حەلەوە ئەو دەنکە ترێیە لەناو دڵمایەو
بۆ هەرکوێ بچم لەگەڵمایەو
شیرینتر لەشیعری گۆران و
بێگەردتر لەسەرچاوەی تاڤگەکان و
قەشەنگتر لەوەرزی پایزو گەڵاکانی
خۆشەویستر لەبارانی ئێوارانی شارەکەم
تنۆکە ئاوی دەنکە ترێکەم
هەموو بەیانییەک دەڕژێتەسەر لێوی حەزم و
لەخەو خەبەرم دەکاتەوە!



پرسیاری من لەئاوو لەخاک
دەمخاتە ناو تامی دەنکە ترێکەمەوەو
تێرتێر لەزەتی خۆیم دەداتێ و
تەژیم دەکات لەپرسیاری سروشت و
لەجوانی ترێ و گەڵاکانی
ئەم وڵاتی دارمێوە
هەموو رۆژێک بچووک دەبێتەوە
وەکو سندوقی پۆستی ماڵەکەم
کورتتر دەبێتەوە
وەکو قاچەکانی حیکمەتی برام
کە لەژێر رەحمەتی ئینسانی بووندا
بەبێ پرسیار
بەتۆبزی کورتییان کردەوە
لێرە هەموومان وەکو روخساری گەڵاکانی پایز
رەنگمان زەردو جەستەکان خەڵتانی ونبوونە
لەناو خەیاڵی سروشتا
ونبووین لەناو گوناه و تاواندا
لەناو خەیاڵی کوردبووندا
لەناو رۆحی خاک پەرستندا
هەزاران ساڵە ئەی خاک
خوێنت پێ دەبەخشین
رۆح دەکەین بەملوانکەو
لەگەردنی دارسێوەکانتی دەدەین
ئەرێ قوربان تێرنەبووی

**لەتامی خوێن؟**

**لەخوێنی کورە بەخشندەکانت**

**لەخوێنی کچە عاشقەکانت؟**

**بەسیەتی قوربان**

**مێزەرو چۆغەو پشتێن و**

**پێڵاوەکانیشت**

**خوێنی لێدەچۆڕێ**

**دەپێم بڵێ ئەی خاک**

**تۆکەی تێر دەبیت؟**

**لەخوێنی نەوە بەخشندەکانت... کەی؟!**

***

*تابلۆی یەکەم هونەرمەند ئاری بابان

*تابلۆی دووەم هونەرمەند کەمال عەلی

# شنەی پایزێک لە نەسەبی بابلیسک

ژوان پێنجوێنی

**بۆ ئەو..**

**کە لەویٚ، لەتراویلکەی تەنیایدا چاوەڕێیە من بەم بەلەمە شکاوەی یەخسیریمەوە بگەمە کەنارە بەردینەکانی موحیبەت...**

**با لەسەر دەستی قاچاخچێکانی سەراب**
**دیرۆکمان نەگاتەوە بەرزەخ**
**با بە بەڵێنی رەقیبەکانی دۆزەخ وەجاخمان**
**نەچێتە سەر نەسەبی بابلیسک**
**چی ئەبێت برادەر گیان**
**حەیفێکی تر لەدەستە هەترەشییەکانی قەدەر**
**ببورین...**
**ئەو دەستانەی بۆنی میهری تەوقەیەکی دەستگیرانیان**
**لێئەکا و لەلێکردنەوەی سێوێکا**
**بۆ هەتایە نەمان بینیەوە**
**چی ئەبێت گاهێکی تر ئاخێک بۆ چاوە گوناهبارەکانی**
**پەشیمانی هەڵکێشین...**
**ئەو چاوانەی بەنیگایەکی یار پڕبوون لەتریفەو**
**بەسوانەی سەرنجی چڵە رێحانەیەکەوە بەجێمان**
**دەبا ئەو سێوە بخەینە جانتای مناڵێکەوە**
**تا لەیەکەم وانەدا گەڵای تەڕ بناسیٚ و وێردەکانی عەشق**
**رێنووس بکات...**

با ئە وچڵە ڕێحانەیە هەڵگرین بۆ سەر مەزارە قوڕینەکەی دایکم
تا لەیەکەم شەوی تەنیایدا
خەو بەسەرپۆشە سپییەکەی خۆیەوە ببینێ و
نهێنییەکانی تاریکی ڕاڤە بکات...
من زۆر ئەترسم
ئەمتەمی حوزن و گیانەڵڵایەی گومانە نەهێڵێت
فرسەخێکی تر ژیان لەپرسیارەکانی مەرگ بچێتە پێش
زۆر ئەترسم، ئەم خەمی سەفەرو وەسێتەی عیشق
ڕێگە نەدات دەستنوسێکی تر
ئۆقرە لەتیلاوەتەکانی چاوەڕوانی بێتە دوا
تۆ لەوێ بە!
تا من لەعەجولییەتی یەک شەممەیەکی تر خۆکوشتنا
لەگەڵ پەنجە هەڵوەریوەکانی شیعرا
دەگەمە پرسەی وشەکانی جارانی باران
تامن لەماجەرای پایزێکی تری توورەبوونا
بەدەست لۆچە ڕەشەکانی شەوەوە
دەگەمە مەراسیمی داگیرسانی مۆمەکانی جارانی بێداری
لەوێ بە...
تا من بەدەست هەناسەبڕکێی تەنیایمەوە
تەشریف دێنمە دیوەخانی پەژموورودەییتەوە
تا بەدەم نەزیفی سەبرمەوە
دڕ بەپەردە خوێناوییەکانی عەزرا دەدەم و
بەقژی ژاکاوی ئێوارەیەکمەوە
پیاسە نەعلەتییەکانی یادگاری تەی دەکەم

**لەویٚ بە.. لەویٚ!**

**رەنگە مانەوەی تۆ لەلەپی ئەو پایزە تاساوانەدا**

**بەشێک بێت لەبردنەوەی ئەو قومارە لیخنەی**

**لەسەر گەڵا کردمان و لەپێکێک جریوەدا**

**گەرووی پڕکردین لەکلرۆفیلی بەرائەت**

**شیانە ئاسوودەیت لەپێڵوی ئەو بیابانە سوتماکانەدا**

**پارچەیەک بێت لەنیەتی ئەو خۆکوشتنە غەریبەیەی**

**لەگەڵ لم هەوڵمان بۆ داو چاومانی لێورێژکرد**

**لەغوباری خۆشەویستی...**

**بەڵام برادەر گیان**

**چی ئەبێت حەلێکی تر لەچاوەڕوانی هاتنەوەی**

**قافڵەکانی پێکەنینا.. شەرمۆکانە نینۆکمان بکرۆژین**

**چی ئەبێت.. چی..**

**فرسەتێکی تر لەبێهودەیی گەڕانەوەی**

**کاروانە سەرمەستەکاندا پێکراوانە برینەکانمان ببەستین**

**لەویٚ بە...**

**ئەویٚ مەکانی نوێژە ئەبەدییەکانی بەردە بۆ دەریا**

**ئەویٚ جێگەی سرووتە ئەزەلێکانی گەڵایە بۆ باران**

**شوێنی چۆڕانەوەی خەیاڵ و**

**لێژبوونەوەی موحیبەتە بۆ ناو وەهم!**

**لەویٚ مرۆڤ درەنگتر دڵی دەشکیٚ**

**عەشق دێرتر ئینتیحار لەژیان دەکات**

**چی ئەبێت زەمەنێکی تر**

**چاوەڕوانی ئەو رێبوارە بکەین کە هەرگیز ناگات**

**بەدیار ئەو سێبەرەوە دانیشین کە هەرگیز دانایەت**

لەویٚ هەموو خەریکی کۆکردنەوەی دانەویٚڵەی مەرگن
بۆ مەوسمی شەڕ
کەس باکی بەفڕینی کۆتریٚکی سپی نییە...
هەموو سەرگەرمی لیٚکردنەوەی گوڵەڕەزیانەی پەژموردەیین
بۆ عەیامی تاعوون
کەس لەئینجانەی بەر پەنجەرەی قەیرەیەک ناپرسیٚتەوە
دەبا ئیٚمە بەقسەی سەرۆکەکانی رەنگ
باڵی تاوسە پەڕۆینەکەمان نەخەینە ریزی شکۆفەی شەڕەوە
بالەژیٚر حورمەتی میٚژو کورسییەکانی کیبریاوە
هاڕە بەگوڵدانەکانی بەرائەت نەهیٚنین
چی ئەبیٚت تۆ لەویٚ
کاڵفامانە پیٚ بەگەڵای عومری سنەوبەرا بنیٚیت و
منیش لیٚرەوە هەموو دەمی پایزانیٚک
لەگەڕان بەدووی پارچە شکاوەکانی دڵما
بارانیٚک داوەت بکەن بۆ دۆزینەوەی حیکمەتی بەرامەی خاک و
دووبارە تەڕبوونەوە...
چی پیٚ ئەچیٚت کەسم، تۆ لەویٚ بیٚباکانە
نەهی لەئاوازەکانی پەنجەرە بکەیت و بەڵام
بایی پەشیمانبوونەوەم لەمەرگی پەپوولەیەک
لیٚگەڕیٚی بەدیار خۆمەوە دانیشم و
گۆرانییەکانی تەنیایی بۆخۆم بەتەنیا بۆ خۆم بڵیٚمەوە.

# بەسێوێکدا سەفەردەکەم

زانا سامان

کەرۆیشتم

بە (با) بڵێن..

فەرسەخێک لەودیومەوە

ببێتە هاوسەفەرم..

چونکە پێدەچێت

بەودا برۆم و

لەساردی هەناسەیەکدا

ببمە چلورەیەکی.. بەفرینی..،

بۆیە دەمەوێت

بەسێوێکدا سەفەربکەم..

ئیتر ئەمە

دوایین ئێوارەکانی یادەوەرییەو

دوای ئەم پیاسەیە..

لەگەڵ سێبەردا

شانبەشانی



گالیسکە بەتەم چووەکان.. دەڕۆم

بۆئەوەی خۆم لەگوناهەکانم.. پاک بکەمەوە..

ئیتر دوایین ئێوارەیە

ئەوسەری ئاسمان

بەنارنجێتی ببینم،

کە ڕۆیشتم..

بەتاریکی بڵێن:

زەنگیانە ڕووناکییەک.. دروست دەبێ و

پێنووسە سوور قەترانییەکان

شیعری لەبەردەشۆنەوە..

ئەمە ئێوارەیەکە

بۆ گێڕانەوەی

ئەو حیکایەتە پڕ بەهایانەی

سیازدە ساڵ

دوای مردنی نەتکم

لەسووچی فەقیانەیەکدا

دۆزیمەوەو

ڕۆژانە..

بۆ منداڵەکانی گەڕەکم دەخوێندەوە

بۆیە پێدەچێت.. کە ڕۆیشتم

ئەوسای زەمەنی منداڵیم

دەستی سێبەرەکەم بگرێ و

لەگەڵم بێت،

بۆیە دەمەوێت



بەسێوێکدا سەفەر بکەم

چونکە پێدەچێت..

لەیەکەم نوکتەی

ناونیشانی شیعرێکدا

لەباڵی پەروانە

تەنکتر ببمەوەو

بە(با)ی شەماڵێکی.. گۆیژەدا بڕۆم

ئەوەی لەناخمدا بوّتە کەڵکەڵە

ئەوەیە..

ئەوەندەی تامەزرۆی

حیکمەتەکانی فڕینم

نیو ئەوەندە..

عیبادەتم بکردایە

ئەوا بێشک



لەو دیو جوانییەکانی فیردەوس

دەبوومە شەمدانێک لەزێڕ،

بەسێوێکدا سەفەر دەکەم

بەر لەناساندنی گوناهەکانم.. بەهەورو

بەرلەهەنسکی گریانم بۆ نیشتیمان،

چونکە ساڵانێک بەر لەئێستا

هاوڕێیەکی شەپۆلاویم

پێی دەگوتم:

(نیشتیمان.. لەغەرییبیدا.. خۆشەویست دەبێت)

بۆیە ئێستا..

دوایین ئێوارەکانی پیاسەکردنە بەشارداو

**ئیتر نۆبەتی ئەوەیە**

**کۆڵان و گەڕەکەکان بەسەر بکەمەوە**

**پەنجەرە.. پەنجەرە.. دوای سڵاو**

**بڵێم ماڵئاوا شارەکەم**

**(ئەمە دوایین سێبەری منە**

**بەدیواری ماڵەکاندا.. بخشێ)**

**تکایە بەژنەکانی ئەودیو دەرگاکان**

**بڵێن:**

**گسکەکانیان هەڵبگرن و**

**جێ پێکانم بسڕنەوە**

**چونکە پێدەچێت**

**لەم شیعرە زیاتر**

**هیچی ترم نەبێت**

**بیهۆنمەوەو**

**لەگەردنی پەیکەرەکەی بابانی بکەم**

**بەسێوێکدا... سلێمانی..**

**بەسێوێکدا.. دەڕۆم سەفەر**

کۆتایی/ ٢٠٠٥

# درندەی خۆشحاڵ

کاروان ئیبراهیم

**پێشکەشە بەڕۆحی دایکم**

**گەر قەرارە دڵخۆشبین..! ئەی بۆ دڵخۆشنین؟**

**... ئەی بۆ وەک پێویست نین؟**

**گەر دڵخۆشی ئەو هەنجیرە بێت کە هەموو مرۆڤەکان لەژێریدا دەمیان دا چەقاندووە بۆئەوەی بەریان کەوێت، ئەوا من بەمەلاین میل لەودارەوە دوورم..... تکادەکەم وا تێنەگەی کە من (ماسۆشیم) نا نا، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە گەر قەرارە وابێت.... بۆ وانییە؟ ئایا ئەمە ناکاتە ئەوەی کە شتەکان تەواو پێچەوانەن، واتە ژیان نەدەبوایە هەبوایە؟؟؟ زۆر ئەترسم لەم نوسینەی خۆم.. زۆر زۆر..... خودایە هیچی بەسەر هیچەوە نەبێت.**

دەمەوێت سەرنجم کۆبکەمەوە

بۆئەوەی بڕیار بدەم

من لەخۆم ناگەم، کاتێک پڕ بەدڵ ژیانم خۆشدەوێ و

کاتێکی دیکەش تف دەکەم، کاتێکی دیکەش جنێو دەدەم

لەناخەوە دەگریم و فرمێسک هەڵدەڕێژم

بۆئەوەی رۆشت، ئەوەی دەڕوا، ئەوەش کەدێت

هەستدەکەم هەرگیز حەزم بەدڵخۆشی نییە

چونکە بەیانی ئازارم دەدات

تۆ تەماشاکە... ئەو رۆژانەی پێکەنین بوون

ئێستە چەندە بەگریانن

ئەو رۆژانەی پڕ گریان بوون

ئێستە بەبزەیەکی شەرمنانەوە لێیان دەڕوانی

ئەو رۆژانەی تۆو کچان دەخەنین

ئەمڕۆ چەندە بەئازارن....

سەیرە بۆ دەبێت من هەمیشە بەچاوی شکستەوە بڕوانم!!

بەدڵی شکاوەوە رێبکەم!!

لەوەش خەمتر...

زەحمەتە بڕوابێنم کە ئاسمان باران دەبارێنێت و

زەویش گوڵ دەردەکات

زەحمەتە بڕوابێنم

کە پەنجەمژینی منالیم هەرهەبووە... نا هەرگیز وانییە

بەلام دەمەوێت ئەوە بڵێم

نامەوێ ژیان لەدەست بدەم...

نازانم ئەمە هێزی منە، یاخود بێعاری و پەلەقاژەی مردنە

تۆ ئەی یەزدان... ئەی سەروەر

چۆن زاتتکرد ئەم هەموو کەسە بێپەروا بێنیتە ژیان

بێخەم فرێیان بەیت

لەکاتێکدا ژیان بۆ فڕینی پەپولەیەکیش ئەستەمە

ژیان هەموو ساتێکی درەنگە بۆ پێکەنین، درەنگە بۆ شادی

ئەمەیە وادەکات بڵێم

بزەیەکی خەماوی لێوەکانمی گرتووە ئەزیز

پێم دەڵێت تۆ تازە لێرەیت



ئێرە خاڵییە لەژیان، خاڵییە لەگۆرانی

ئێرە گشت نیگاکانی تەڵخن

خوێن سەرتاپای جەستەی گرتووین

وای خودایە چیت دروست کرد

خودایە چۆنت هێنا.

*****

دەمەوێ سەرنجم کۆبکەمەوە

حەزم لە کامەرانییەکی خێراشە

دەمەوێ لەم وەرزی زستانەدا بە ئومێدی چڵێک هەتاو شاد بم

دەمەوێ لە خۆم بگەم

چیدی تف نەکەم

لە ناخەوە نەهەژێم تا ئاستی گریان

هێندەی تر هەست بە تێشکان نەکەم

وای خودایە ئێمە چەندە دوورین لە کامەرانی

چەندە دوورین لەو هێشوانەی تا ئاستی باڵای هەور دوور

حەزم لە بارانێکی خێرایە ئەزیز

چونکە شکانی رۆحم دەبینم

کاتێک لەبەردەم لەشکری تەتەرەکانا دەڵێت

لێگەڕێ با ژیان لە دەست نەدەم

لێگەڕێ من ئاسمانێک لەغروور داپۆشیوم

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دەزانم ......ژیان بەرلەوەی

هەنگاوی درێژم باتێ .....چاوەکانم کوێر دەکات

بەرلەوەی خەونی فڕینم باتێ .......پەلەکانم دەشکێنێ

بەر لەوەی ئەڤینم باتێ......جەنگێکی بڕاوەم فێر دەکات

خودایە یارمەتیمان بدە .........خودایە یارمەتیمان بدە

من بەپەلی شکاووچاوی کوێرەوە

چۆن سوجدە بۆ جوانییەکانی تۆ بەرم

کاتێک ئەم هەموو کەسەت بێ پەروا هێنایە ژیان

بێ خەم فڕێت دان .

******

دەمەوێ سەرنجم کۆبکەمەوە

دەمەوێ نیگای پەرش و دڵی کەوتووم بێنمەوە

دەمەوێ دڵی تۆ رازی کەم ئەی ئینسان

بەڵام ئێمە باش دەزانین کە دۆڕاین

چونکە دەبینم مانگ .....بە ئەسپایی رۆشناییەکانی ون دەبن

دەبینم رۆشتن بەژێر پەلکەکانی هەتاودا نی یە،،ناتوانین ،،ناشبێت

وای چ ترسێکە غرووری منی لەت کردووە

منێک پڕ بووم لە ئومێد

پڕبووم لەو ئومێدەی کە خودای خەڵق کرد

وای خودایە جێیەکی سەلامەت نیە تیایدا بنووین

وای خودایەژیان بۆ هێندەی دڵگیری دڵگیر نی یە

**خودایە بۆ هێندەی فڕین باڵای بەرز نی یە**

*******

**دەمەوێ سەرنجم کۆبکەمەوە**

**دەمەوێ بڕوابێنم کە خۆشحاڵم**

**کە میهرەبانم**

**کە بە چاوی خومارەوە دەنوارم**

**بەڵام تێکڕا دەزانم کە ئەمانە درۆن ،هەمووی درۆن**

**چونکە لەو باوەڕەدانیم کە من هۆکارێک بم بۆ ژیان**

**خودایە پێویستیمان بە کەمێک ئارامی هەیە**

**بۆ ئەوەی هێندەی تر پیس نەبین**

**چونکە وەک دڕندەیەکی خۆشحاڵ دەژین.**

******

**خودایە ئارامیمان بەرێ**

**تا ئەمڕۆو سبەینێ سەلامەت بین...**

**بەڵام هەموو رۆژەکانی ئێمە قوربانی یە**

**هەموو پێکەنینەکانمان دوای گریانە ،**

**هەموو ئومێدەکانمان لە نێوەندی**

**تێشکان و لە ناوەڕاستی خەرق دایە....**

**ئەمە چ ترسێکە منی خەرق کردووە**

**بۆ دەبێ وا بڕوانم من بە پەل و پۆی شکاوەوە دەژیم ،**

**بە نیگای تەڵخەوە دەڕوانم**

**بەڵام هەر خەمێک جێگای سەرنجی من بێت،**

خۆشم دەوێت تا ئاستی خودا

تۆ تەماشاکا ..ئەمە درۆیە یاخود شۆخی

لەلایەک تف دەکەم و جنێو ریز دەکەم

دەهەژێم تا ئاستی گریان

پڕم لە شەرمنی

لەلایەکی تردەترسم و پێم وایە ژیان دڵگیر نی یە.....

باڵای بەرز نی یە

ئەو دڕندەیە و ئێمەش دڕندەین

خۆشم تێناگەم .....دڵنیام تێناگەم

وای خودایە چەندە سەختە

کێ کۆم کاتەوە ....



مارتی/ ٢٠٠٦

چیرۆک

# گریمان پیاو نا دارتێل

خەدیجە جاوید

ئەو دەیگوت: ئەتو ئەو رۆژە ساردەی دەمەو ئێوارەی پاییز لەپەنام رابردبوویت، دەیگوت من بێتاقەت و تەنیا لەسەر قاچە درێژەکەم وەستابووم کە تۆ بەشێوەی لاویت باڵی لەچکەکەت بەدوو لای روومەتتدا بەردابۆوە سەر سینەت کە وەك منداڵدانی پیری ژنێکی نەزۆك بەمن کە بەقسەی ئەو دەبێت لەسەر تەنیا قاچی درێژم وەستابم، نیشاندابێت...

ئەبێ من هەر ئەو کاتە چاوم لەشوێن پێکانت هەڵگرتبێت، تا ئەو بینا سەنگییەی کە لەپەنام وەك جندۆکە سەری هەڵدابوو تەماشا بکەم. شایەد ئەگەر تەنیا ئەو چرکەیە چاوم درویش کردبایە زۆر زووتر تۆم بناسیبایەو ئەویش پێی نەدەگوتم:

تۆ دروست بۆ ئەوە باشی هەر بۆ ئەوە بەقاچە درێژەکەتەوە خولقاوی تا شەوو رۆژ بەتەنیا قاچی ژەهرە ماریت ئێشکگەری ئەوبینا شومە بیت.

هێشتاش چوار شێوە رەشەکەت لەدوای باڵات ئەشکایەوە کە لەسەراو ژێری پەنام رابووردە بوویت...

چەندەم حەز دەکرد دابێمەوە، تۆزێك لەو هەموو شەکەتیەت لەئامێزگرم، تاکو زیاتر چوارشێوەکەت لەتەنیشتم بخشێ و بەشان و پیلە ماندووەکانت پاڵبدەیەوە لینگە درێژەکەم.

گرنگ نەبوو ئەو لەسەر شانم هەموو ئەوانەی ئەدی و دوای ساڵ گارێك هەر دادەنیشت و سەرکۆنەمی دەکرد. گرنگ ئەوەبوو تۆ رۆیشتبووی.

ماوەیەك هەروا ماندوو هیلاك چاوم ئەبڕیە شوێن پێڵاوە رەشە بچکۆلانەکەت کە هێشتا چەند میرولە لەناویدا هاتوچۆیان دەکرد.

ئەوەندە بێزاربووم لەخۆم کە بەخیلیم بەوقاچە وردو بچکۆلانەی مێرولەکانیش دەهات.

واهەست دەکەم ئەگەر ئەو نەبووایە هەر چۆنێك بوایە تۆزێك دادەهاتمەوە، بەڵکو بۆنی پێڵاوەکانت بکەم بۆنی رەشی جیڕی کەوشەکانت، بەلاّم وەکو هەمیشە بەهات و هاوارێکەوە دەهات و لەسەر سەرم دانیشت. لەو چرکەساتەدا حەزمدەکرد وەك تەنیا قاچێکم هەبوو دەستێکیشم هەبوویایە دەستی ئەوم پێگرتبایەو لەو بانەوە بەرمدابایەوە خوار...

پێدەچوو بیرۆکەکەمی خوێندبێتەوە کە بەچاوێکی ئەسرین تێخزاوەوە پێی گوتم:

ئەگەر دەتەوێت ئەمجارە کە لێرەوە رابوورد شوێنی ئەکەوم و ماڵەکەی دەدۆزمەوە...

دڵم گیرا.. بۆ ئەو کە ئاوا بەساویلکەیی دەیەویست یارمەتیم بدات و ئازارەکانم لێحەشاربداو هەمیش بۆ خۆم بەو هەموو بالاّ بەرزییەم نەمدەتوانی لەجێی خۆم جوڵە بکەم و شوێن پێکانت هەڵگرم و تا ناو ماڵەکەت دوات کەوم.

ئەزانم ئەگەر لەو کاتەدا نوێژیشت کردبایە، چاوەڕوانی سلاّوی نوێژەکەت نەدەبووم، بێهیچ قسەیەك تەنیا لەگەڵ چاویشتدا ئەم خستییە سەر شانم و چوار شێوە رەشەکەتم لەسەر بەرماڵەکەت جێدەهێشت، تاکو چیتر شانە کزەکانم لێنەشاریتەوە.

رووکردە ئەو، بەناسکترین دەنگی دونیا لێمپرسی:

تۆبڵێی رۆژێك لەڕۆژان ببێت بەهی من، بڕوادەکەی.. رۆژێك

بەدەنگە گڕەکەی وتی:

بۆ تۆ چیت کەمترە لەخەڵکانی تر، بابالاّشت بەرزبێت بەتەمەنیش لەو گەورەتری، گریمان خەڵکی وایانزانی خۆی کوشتووە، فەرقی چییە لەگەڵ مردنی ئەو کەسەی تەلەفزیۆنێکی نابێتە سەرشانی و سنوورە قەدەغەکراوەکان ببڕێت تاکو شەو لەماڵەوە دانیشێت و زنجیرە درامای مەریەمی موقەدەس چاو لێبکات، بەلاّم ئەو پارچە سوربە لەعنەتییە ناو مێشکی نەهێڵی...

بەڕاست تۆ هیچ بووە کاتێك چاو لەمەریەم دەکەی بیری من بکەیەوە...؟

من زۆرجار بووە کە دوایین کاتی فیلمەکە کە لەپەنجەرەی ماڵە سەنگییەکەی هاوسێم بینیوومە، بەلاّم وەك فیلمە کۆنەکانی رابردوو کپ و بێدەنگ هەرواش یادی تۆ کەوتومەوە.. شایەد ئەگەر دەنگی مەریەمی موقەدەسم ببیستایە بیری زۆر شتی تریشم کردبایە... وەلێ لەو کاتەدا تەنیا یادی تۆم دەکردەوە...

هێندێکجار هەستم دەکرد تۆش لەکاتی بینینی ئەو فیلمە بیری من دەکەیتەوە.. بیر دەکەیتەوە کە رۆژێك بێت و لەبن سێبەرە کزەکەم رابووری و چەند هەنگاو برۆی و بگەڕێیەوەو دەستەکانت تا نێوقەدەم ببەی و خۆت بکەی بەباوەشمدا.

دەزانم لەو بیرۆکەیە شەرم دەتگرێت و چاوەکانت بەهێزو گورێکی زۆر ترەوە ئەبڕیە مەریەم و لەژێر لێوتەوە بەڵێن دەدەیت بەخواوەند کە...

وەکو هەمیشە بیرۆکەکەمی خوێندەوەو بەتووڕەییەوە گوتی:

ئاخر شێتە تۆ ئاخر کەسی لەدونیا ئاوا کەرانە بیر بکاتەوە. هیچ بیری ئەوەت نەکردۆتەوە خەڵکان سەبارەت بەتۆ چۆن بیردەکەنەوە، یان چەندەها بەندو باوت بۆ هەڵدەبەستن، خۆت هیچ، ئەی بیری ئەو گوناحەش ناکەیتەوە؟!.

دوایی بەرقەوە لەلام دەرۆیشت و ئیتر تا چەند رۆژ دواتر نەم دەبنییەوە.

تەواوی ئەو رۆژانە چاوم ئەبڕییە شوێنپێکانت و لەژێر لێوەوە دوعام دەخوێند کە ئەگەر هاتیتەوە کارێك بکەم بەلانی کەم تۆزێك بێت بەلاتدا بشکێمەوەو لێت نزیك بم.

بێ لەقسەی خەڵك، من ساڵ گارێکە رێکوپێك لەشوێن خۆم وەستاوم، هاتۆتە پێش یەکێك بڵێ ئەو کوڕە چەند بەحەیایە، چەند ساڵە بێهیچ قسەو باسێك ئاوا گوناح لێرە وەستاوە.. هابووە.. راستییەکەی، ئەگەر تۆ ئەو رۆژە بەئەنقەست لەچکەکەت بەدوو لای گۆناتدا وێڵ نەکردبایە لەوانە بوو هێشتاش هەروەك جاران رێك و نەجیب لەشوێن خۆم مابایەمەوە...

ئێستا کە شوێنپێکانی تۆم تا ئاخری ماڵەکەت لەبەرە.. تا ئەو جێگایەی چوارشێوە رەشەکەت بەمێخێکی زەبەلاحەوە هەڵواسراوە، چۆن دەتوانم..؟

چاو لەو دڵە بەردیەم مەکە... گوێ بەقسەی کەسیش مەدە، شایەد لەچاوی ئەوان من تەنیا تیل بەرقێك بم لەسوچێکی کۆڵان وەستابم...

بەڵام دڵی من زۆر زیاتر لەدڵی منداڵەکانتەو بگرە مێردەکەشت...

ئەو پێمی گوت بەسە توخوا بەو هەموو دڵە کوتەوە خۆت هیلاك دەکەیت، ئەگەر لەبەرمنیش نا لەبەر ئەو تۆزێك ئۆقرە بگرە.. نەتدی دوێنێ تا گەیشتە ئێرە زەنبیلەکەی لەبن پێت داناو چوار شێوەکەی لەشانی داماڵی و فڕێدایە ژێر پێی ئەو کرێکارەی هەروا بەفشە قسەی پێدەگوت...

چاکە خۆت ئاگات لێبوو چۆن ئەو خوێڕیە...

بەپێڵاوە رەشە بچکۆلانەکەت وردە وردە دەهاتی کە دیتم چەند منداڵ کەوتونەتە دوات و بەئەنگوستە قوڕاوییەکانیان ئاماژە بەمن دەکەن...

من لەو سەرەوە بیرم لەمەریەمی موقەدەس دەکردەوەو لەتۆ کە ئاوا ماندوو خۆت بەقاچمەوە هەڵواسیبوو چەندە سوك بووی، چەند میهرەبان و چەندیش ماندوو.

شایەد من لەو کاتەدا بیرۆکەیەکی شەیتانی هاتبێتە نێو مێشکم... شایەد خواستبێتم لەخشتەت ببەم..

بەڵام نا... تەنیا شتێك کە دەمویست ئەوە بوو بڕۆیەوە ماڵ... ئەگەر لێرە بمهێشتبایتەوە دەمردیت...

دەبوو یارمەتیت بدەم بڕۆیەوە ماڵ... شایەد رۆژێك کارەکانت تەواو ببن و بۆ هەمیشە بگەڕێیەوە لام.

ئەسڵەن ئەگەر کاریشت نەبێت دەبێت بڕۆیەوە ماڵ... نابێت لەبەردەم ئەم هەموو چاو چنۆکانە کە بەزەییان بەچینە هەڵوەشاوەکەی داوێنیشت نایە.. ئاه چەندە حیزن ئەوانە.

هەستە دەبێت بڕۆی ئەرێ دەبێت بڕۆی. بڕۆ.

دادێمەوەو لەسەر شانە کزەکانت دەڕوانمە چاوەکانت... چەندەم ئەو گەنج و لۆچانەی گۆنات خۆشدەوێت، پێمخۆشە تا هەمیشە بەناویاندا بێم و بڕۆم بەلاقە درێژە ناشیرنەکەم بەکەندو قوڵایی گۆناتدا بێم و بڕۆم.

دادێمەوە...

*****

ئەوەچی روویداوە ئەو خەڵکانە بۆ لێتان کۆبونەوە... بۆ لەمن دەپرسن کەبۆچی ئێوە ئاوا لەبەرچاوی خەڵك لەناو دڵی کۆڵان بەیەکەوە خەوتوون.

سەیریان دێ ژن و مێردێك، گریمان مێردناو دارتێل ئاوا بەیەکەوە...

هەستە لینگ درێژی ناقۆڵا... هەستە لەگەڵ تۆمە بۆ وەڵامم نادەیەوە... سەیرکە منیش تەنیام... منیش ماندووم.. ئەها پەڕو باڵم شکاوە...

**شانۆیی**

# دایکی خائینێک

چیرۆکی: مەکسیم گۆرگی

ئامادەکردنی: عومەر سەید

**کەسایەتییەکان**

**کۆرس.**

**حیکایەتخوانی، یەکەم.**

**حیکایەتخوانی، دووەم.**

**دایکی ئاخینەکە.**

**ئەفسەر**

**سەرۆکی ئیشکچی،**

**پاولۆ**

**ئافرەت**

**دایکی یەکەم.**

**هاوڕێی یەکەم.**

**هاوڕێی دووەم.**

**دایکی دووەم.**

**سەرکردەی دوژمن.**

**منداڵ.**

**سەرۆکی دادگا.**

**ژمارەیەک سەرباز.**

**ژمارەیەک هاووڵاتی.**



**کۆرس:** چ شتێ لەسرودی گوڵ و ئەستێرە جوانترە.

هـەموو مرۆڤـێ ئـەزانێ: سـرودی خۆشەویـستییە هێـشتا جـوانترین سـرود هـەر ئـەوە ئەوترێتەوە کە (سرودی دەستپێکردنی گشت شتێکە لەسەر زەوی سـرودی دڵـی جیهانـە، ئەو دڵە ئەفسوناوییەی هی ئەو مرۆڤەیە لەسەر زەوی پێی دەڵێن: دایك.

**حیکایەتخوانی یەکەم:**

بادەنگمـان بڵنـد بکەینـەوە بـۆ ستایـشی ئـافرەت بـۆ ستایـشی دایـك کـە چـاوگی دانەمرکاوەی هەموو ژیانە، باسـرودی ستیاشـی ئـافرەت بڵێین، ستایـشی دایك هـی ئـەو کەسەی خۆشەویستییەکەی وای لێدەکات سەختی کۆسـپ و تەگـەرەی لا ئاسـان بێـت، چ شتێك لەمرۆڤدا جوانە، لەتیشیکی خۆرو شیری دایکەوە وەردەگرێ بەشیری خۆی هـەموو جیهان تێر دەکاو دەرونمان بەخۆشەویستی ژیان تێروتەسـەل دەکـات. بالـە بـەردەم ئـەو کەسەدا بچەمێینەوە کە مەسیح و محەمـەدی خستۆتەوە، ئـەو کەسـەی بـێ وەڕسـبوون منالێ ئەخاتەوە.

ئەرستۆو فێردۆسی و سەعدی کەوەك هەنگوین شـیرین بـوون، یـان عومـەر خـەیام کـە وەك مەی ئاوێتەی ژەهـر وابـوو، یـان ئەسـکەندەر هێـر میرۆسـی نابینـا هـەموویان کـوڕی ئافرەتان بوون و بەشیری ئەو گۆش کراون هەر لەو کاتەی کە هێنـدەی مـشکە کوێرەیـەك بوون دەستی گرتوون و رابەری کردوون بۆ ژیان چاوگی شانازی جیهان دایکە.

**حیکایەتخوانی دووەم:**

باسرودی ستایشی ئافرەتان، بۆئەو تاکە هێـزە بڵێین کـە مـەرگ بـێ فیـز سـەری بـۆ دائەنوێنێ، مرۆڤ چەندی بوێ ئەتوانێ لەبارەی دایکەوە بدوێ.. ئەمە چیرۆکی دایکێکە کە لەپێناو شارەکەیدا گەورەترین و پیرۆزترین رۆڵی نواند.

**حیکایەتخوان(١):** چەند هەفتەیـەك بـوو، دوژمـن وەکـو بـازنێکی پـۆلایین ئابلۆقـەی شارەکەی دابوو، شەوانە لەسەر دیـواری شـارە ئـاگرە هەڵگەیرسـاوەکان ئەدرەوشـانەوە، ترسـی ئەخـستە دڵـی دانیـشتوانی شـارەکەوە.لەدیوارەکـەوە مۆڵگـای دوژمـن ئـەبینرا، هەندێکیان وەکو تارمایی رەش رەش بەدەوری ئەو ئاگردانەدا هەڵسوکەوتیان دەکرد، کـە کردبوویانـە دەنگـی گـۆرانی و حیلکـە حیلکـی ئەسـپی دابەسـتە, تەقەتـەقی چـەکی دوژمنەکـەیان ئەهاتـە گوێ، چ شـتێ هێنـدەی حیلکـە حیلکـی دوژمـن و گۆرانییـەکانیان ئازاری گوێ دەدات.

**حیكایـەتخوانی (٢):** دوژمــن سەرچــاوەی ئــاوی شــارەكەی بەلاشــەی كــوژراوان پڕكردبۆوە، كێڵگەكانی رووتاندبۆوەو رەزی گوێسوانەی دیواری شارەكەی سووتاند بـوو. هێندە بەمەنجەنیق باروت و ئاسنی بەسەر شارەكەدا باراندبوو، كەلەبەری خستبۆوە زۆر لای دیواری شارەكەوە. سەربازە ماندووەكان لەو قات و قڕییـەدا بەبرسـێتی بـە شـەقامی تەسكی شارەكەدا هاتووچۆیان دەكردو نەیان دەهێشت دوژمـن خـۆی بكوتێتـە شـارەوە، ناڵـەو وڕێنــەی برینــداران و پاڕانــەوەی ژنــان و گریــانی منــاڵان لەپەنجــەرەی ماڵانــەوە ئەگەیشتە گوێ خەڵكی شارەكە.

**سەرۆك:** ها.. سەرباز

**سەرباز:** قوربان ئەم بەیانییە لەڕۆخی دەریاچەی خـواروی شـاردا چـەتەكانی دوژمـن پیاوێكی خەڵكی شاریان گرتووەو ئەم نامەیەیان پێ سـپاردووە، كـە بیگەیەنێتـە دەسـتی جەنابتان (نامەكەی دەداتێ),

**سەرۆك:** (نامەكە دەخوێنێتەوە) تـادوو رۆژی تـر.. شـارەكە نـەدەی بەدەسـتەوە.. وێرانی دەكەم و هەمووتان دەكوژم.

**سەرباز:** قوربان ئەوەی نامەكەی هێناوە، ئەڵێ سەردەستەی دوژمنم ناسـیوەتەوە.. كوڕەكەی دۆنا ماریانایە

**سەرۆك:** چۆن.. دۆنا ماریانا..!؟

**حیكایەتخوانی یەكەم:** ئەم هەواڵە هەروو زوو بەزوو بەهەموو كوچەو كۆڵانـەكانی شاردا بڵاوبووەوە كە سەردەستەی ئابڵۆقەداران كوڕی دۆنا ماریانایە ئەو كوڕەی كە خۆی و دایكی لەو شارەدا هاتوونەتە ژیانەوەو تێیدا گۆش ببوون.

(شـەوەو ئافرەتێـك كـزو تـەنیا بەشـەقامەكەدا پیاسـە دەكـات دوو كـەس بەتەنیـشتیا تێدەپەڕن).

**كەسی یەكەم:** تۆ بڵێ ئەوە دونا ماریانای دایكی خائینەكە بێت!؟

**كەسی دووەم:** بەڵێ خۆیەتی..ئای كە ناپاكە.. بالێی دووركەوینەوە.

**سەرۆكی ئێشكچی:** (دێتە سەر شانۆو لایتێكی بەدەسـتەوەیە) دۆناماریانـا دیـسان لەدەرەوەی ئاگات لەخۆت بێت یەكێك ئەتكوژێ و بۆی دەردەچێت.

**دایک**: حەز بەمردن دەکەم، وەك بەڕوو ڕەشی پیَ بەسەر زەویدا هەڵبێنم.

**ئێشکچی**: بەڵام بۆ وابیردەکەیتەوە.

**دایک**: چونکە من دایکی ناپاکێکم.. دایکی ئەو کوڕەی کە دەبێتە هۆی ژان و لەبرسامردن و وێرانکردنی شارەکەم. کە داڵدەی داوین.

**ئێشکچی**: تۆ بۆ ئەم ئازارە بەخۆت دەگەیەنیت. گوایە تۆ دەسەڵاتی چیت هەیە بەرامبەر بەناپاکی کوڕەکەت.

**دایک**: چۆن. من لێپرسراوی ژیانی ئەوم من خستوومەتەوە. منیش وەکو شارنشینێك بیر لەشارەکەم دەکەمەوە کە خەریکە وێران دەکرێت بەدەستی کوڕەکەم، وەکو دایکێك بیر لەکوڕەکەم دەکەمەوە کە لەم شارەدا لەدایك بووەو هەر لێرەش گەورە بووە، کەچی ئێستاش سەردەستەی ئەو دوژمنانەیە کە شارەکەیان ئابلۆقەدراوە..

وای کە کوڕێکی قۆزو دڵ ڕەق بوو، ماوەیەك لەمەوپێش بەشانازییەوە لێم دەڕوانی، وام دەزانی هێزێکی بەکەڵك دەبێت بۆ پاڵپشتیکردنی ئەو شارەی خۆی و دایکی تیا هاتۆتە ژیانەوە (سەرشانۆ بەجێدەهێڵێت)

**ئێشکگر**: چەند دایکێکی دڵسۆزە، دڵی لەسەر ئەو بەردە کۆنانەوە بەندە کە باوانی خانوویان لێ دروست کردووە. یان دیواری شارەکەیان پیَ هەڵچنیوە، دڵی لەسەد لاوە بەندە بەو خاکەوە کە ئێسك و پروسکی خزم و خوێشی و سەردارانی تیرەکەی تێدا شاردراوەتەوە.

خۆشەویستی کوڕەکەی و خۆشەویستی شارەکەی بەرامبەرن, نازانیَ کامیان سەنگترە، بەم شێوەیە بۆتە وێڵی سەر شەقامەکان، ئەوەی ئەیناسیَ لێی ئەسڵەمێتەوە ئەو کەسەشی نایناسی پشتی تیَ ئەکات چ دایکێکی بەدبەختە.

## (تاریکی)

## (دووکەس لەسەر تەختەی شانۆن و وتوویژ بۆ یەکتری دەکەن)

**کەسی یەکەم**: هەرگیز لە باوەڕادانیم بتوانین تاسەر بەری ئابلۆقەی دوژمن بگرین. نەخێر..ئەوەتا رۆژ نییە بەسەدان کەسمان لەبەرەی جەنگو ناو شاردا نەکوژرێت و لەبرساندا نەمرن. ئەمرۆ یا سبەی شار دەکەویتە ژێر پێی ئەسپەکانی دوژمنەوە.

**پاولۆ**: بەڵام بۆ هێندە نائومێدی. ئاخر تا ئێستا سەربازە ئازاکانمان هێشتوویانە دوژمن لەدیواری شار پێ بنێتە ئەم دیوەوە.

**کەسی دووەم**: دوژمن پێی نەخستۆتە ئەم دیوی دیواری شار، بەڵام برسێتی و ترس و نائومێدی وەکو رەشەبان بەرەبەیان خۆی بەکوچەو کۆڵانەکانی شاردا دەکات.

**پاولۆ**: لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا مرۆڤی خاوەن باوەر بەهێزەو دەتوانێت چۆك بەگەورەترین دوژمن دادات.

**یەکەم**: ئەم قسانە.. هەمووی خەیاڵن و لەواقیعەوە دوورن.

**پاولۆ**: خەیاڵ.. جەناب گوێ بگرە. ئەم مەدالیایانە ئەبینی ئەمە پاداشتی بەشداریبوونم لەدروستکردنی تونێلی سیپلۆندا رێگە بدە بابۆتی بگێرمەوە کە بەچی شێوەیەك سنگی چیاکەمان کون کرد، بەڵێ گشت کاریێ هەر هێندە سەختە تا ئێسقانەکان رۆئەچیێ و فێری دەبی خۆشت بوویێ ئیدی گیرۆدەی دەبی و ئاسان دەبیێ هەندیێ جاریش ترسناك بوو. زەویش هەست و هۆشی هەیە.

وانییە؟ کاتی بناری شاخەکەمان هەڵدری و چووینە ناوکەندەڵانەکەیەوە لێمان شێت بو، دڵمان بەهەناسە گەرمەکانی داخورپان گێژی کردین، ئێسقانی لەشمان دایە ژان، نقومی ئاوی گەرمی کردین و بەردی بەسەردا رمانین، هەرکە ئاوەکە بەر ووناکی ئەکەوت رەنگی سوور هەڵدەگەڕا، باوکم دەیوت لەبەرئەوەی گوایە ئێمە زەویەکەمان برینداركرووە لەخوێنی خۆیدا ئەمانگەوزێنێت بێگومان ئەمەش تەنها خەیاڵ بوو.

بەڵام کە مرۆڤ بەزەویدا رۆدەچیێ و ئەم قسانە نەبیستیێ، تاریکستانی تاسێنەرو ئاوپرژانی بێزارکەرو زرمەی بەریەککەوتن ئاسن و بەردەکانی وای لێدەکات گشت شتێك بەگونجاو بزانێت. لەبەرامبەر ئەو شاخە کە ماچی رووی هەورەکانی دەکردو تونێلەکەمان بەهەناودا لێدەداو وەکو کورتە بنەوابووین، خۆزگە بەچاوی خۆت دەتدی ئەم مرۆڤە

بــچووكانە چ كەلەبــەرێكیان خــستبووە بنــاری ئەوشــاخە ئەوســا زیــاتر لەوتــەكانی تێدەگەیشتی، شریخەی تەقەمەنییەكان گرمەگرمی رمانی خاكەكە وەكو قاقـای پێكـەنینی شێت وابوو.

هەرچەندە مرۆڤ بچووكە، بەڵام گەر بیەوێت كاركات، دەتوانی ببێتە هێزێكی كۆڵنەدەر باوەڕم پێبكە ئەو رۆژە هەر دێ كە ئەم مرۆڤە كورتە بنەیە بتوانێـت چـی بوێـت بیكـات، باوكم لەسەرەتاوە باوەڕی بەمە نەبوو بۆیە هەمیشە دەیوت بڕینی شاخێك لەلایەكەوە بۆ لاكەی دیكەی دەستدانە لەكاری خـوا ئـەو شـاخانەی بـۆ كـەرتكردنی زەوی دامەزرانـدووە پاشـان بـاوكم كەهەسـتیكرد لەشـاخەكە بـەهێزترو گـەورەترین ئیـدی وەكـو مـن بـیری دەكردەوە.

كابرایەكی چاو لەخواترس بوو پێی وتین كۆیلەكانی خوا ناتوانن بەمجۆرە بەگژ زەویدا بچن برینداری بكەن.

لێتــان شـێتگیر دەبـێ و بـەرەنگارتان دەبێتــەوە هــەموو كــەس دەزانێـت دڵـی زەوی ئاگرەكانی دەستمان بەر دڵی شاخ دەكەوێ، شالاوی ئاگرینمان بۆ دەهێنێ.

كێڵانـی زەوی شـتێكی دیكەیـە بـەكێڵان یارمـەتی سروشـت دەدەیـن بژێـت. ئەمـەیان ئەركی سەرشانی مرۆڤە سەیركەن تا پتر بچینە ناو شاخەكەوە هەواكەی زیاتر گەرم دەبێ و هەناسەمان تەنگ دەبێ، تەنیا باوكم وای بیر دەكردەوە لەڕاستیـشدا ئەمـە دروسـتبوو، كـاتێ گەیـشتینە دڵـی شـاخەكە پلـەی گـەرما زۆر بڵنـد بـووەوە، ژمـارەی نەخۆشـی و مردووەكانمان تا دەهات پتردەبوو، تاوناتاوێ شەنگلێكی گەرم دەتەقینەوە.

دوو كرێكار شێت بوون، لەشەویشدا هەندێكیان لەسوچەو كوچەكاندا وڕێنەیان دەكـرد یا لەخەو رادەپەڕین و لەسەر جێگەكەیان هەڵدەبەزینەوە.

باوكم ترسی لێنیشتبوو كۆكە كۆكەكەی تادەهات لێی پیس دەكرد، پێـی وتـین راشـم نەكرد ئێوە چۆن سروشتتان پێدەبەزی؟

پاشان لەجێدا كەوت و جارێكی دیكە راست نەبووەوە، پیاوێكی پیری بەورە بوو، سێ هەفتە زیاتر وەكو مرۆڤێ كە بایەخی خۆی بزانێ.

بێئەوەی بناڵێنێ: زۆرانی لەگەڵ مەرگدا دەگرت، شەوێكیان پێی وتم (پاوڵۆ) كاری مـن لەكارترازاوە بچۆرە ماڵەوە بۆخۆت بحەسێرەوە پـاوڵۆ كوڕەكـەم پـاوڵۆ منـیش هاتومەتـە

سەر ئەو باوەڕەی شاخەکە دەبەزێ باوەڕ دەکەی. وانییە پاوڵۆ؟ وتم بەڵێ وایە بڕوام پێیەتی.

وتی: باشە کوڕەکەم پێویستە مرۆڤ باوەڕی بەوە هەبێت کە دەیکاو دڵنیاش بێ کە سەرئەنجام سەرئەکەوێ و باوەڕیشی بەو خودایە هەبێت کە لەهەموو کارێکی چاکدا یارمەتی دەدا.

رۆڵە وەسیەت دەکەم ئەگەر ئەو کارە هاتەدی و تونێلەکە تەواو بوو وەرە سەر گۆڕەکەم و بڵێ باوکە تونێلەکە تەواو بوو، ئەوسا من گوێم لێت دەبێت و دەتبینم دوو رۆژ پێش مردنی من و هاوڕێیەکمانی راسپارد کە لەتونێلەکەدا لەو شوێنەدا کەکاری کردووە بینێژین، سیازدە هەفتە پاش کۆچی دوایی باوکم، لەناو شاخەکەدا بەوانە گەیشتتن کە لەلایەکەی کەوە بەرەو ئێمە زەوییەکەیان هەڵدەدڕی، ئای جەناب، رۆژێکی چەند سەیر بوو کەچووینە تاریکایی ئەو ژێر زەوییەوە کە دەیتوانی بەتەکانێ بمانی پڵیشێنێتەوە دەنگی دڕینی زەوییەکەمان لەلایەن کرێکارەکانی لاکەی کەوە ئەبیست رۆژ بەڕۆژیش تائەهات گەورەو ئاشکراتر دەبوو، خۆشی سەرکەوتنمان مەستی کردبووین هەروەکو بەراز کارمان دەکرد. هەستمان بەبێزاری و ماندووبوون دەکرد سوێندت بۆ دەخۆم وەکو منداڵ نەرم و نیان و جوان و نەرم بوو بووینەوە، ئای ئەگەر دەتزانی لەو ژێر زەوییە تاریکەی چەندان مانگ نەمرانە هەڵمان کوڵی چەند ئارەزووی بینینی مرۆڤەکانی لاکەی دیکەمان دەکرد کاتی دواچینی زەوییەکە روخاو تیشکی زەردی بڵێسەکان دەموچاوی چەند کرێکارو مەشخەڵ هەڵگری رۆشن کردەوە،فرمێسکی شادی لەچاوەکانمانەوە گلۆربوەوە ئەو رۆژە خۆشترین رۆژی ژیانم بوو.قریشکەی سەرکەوتن و قریشکەی شادی بەرزبووەوە، هەرکاتێك ئەو رۆژەم بیردێتەوە دەزانم کە ژیانم بەفیڕۆ نەچووە، بەکارێکی پیرۆزەوە بەسەرم بردووە.

جەناب کاتێ هاتینە دەرەوە بەخۆرە تاوەکو رۆمان بەسەر زەوییەکەدا کەوتین و بەدەم گریانەوە زەوی شاخە بەراوەکەمان ماچکرد ئەو رۆژە لەگشت رۆژێ زیاتر هەستمکرد کە پەیوەندییم بەخاکەکەوە چەند بەتینە.

وەکو دڵخوازێ خۆشمەدەویست و شەیدای بووم بێگومان چوومە سەرگۆڕەکەی باوکم دەشمزانی مردووە هیچ نابیستێ، بەلام لەبەرئەوەی چووم دەبێ رێز لەویستی ئەو

مرۆڤانــە بگــرین کــە لەپێناومانــدا تێکۆشــان و هێنــدەی ئێمــە نــەبێ کــەمتر ئازاریــان نەچێشتووە.

بەڵێ چوومە سەرگۆڕی باوکم و پێم بەزەویدا داو خۆم بەراسپاردەکەی نـەکردو گـوتم: بابە تونێلەکە تەواو بوو، مرۆڤ سەرکەوت بابەکارەکە هاتەدی.

(ئەگەرچی ئـەم دیالۆگـە زۆر درێـژە، بـەڵام دەرهێنـەر دەتـوانی لـەرووی هونەرییـەوە چارەسەری بکات، و لەهەندێك باکگراوندی شانۆکەداو بەشێوەی سێبەر، یـان هـەڵوەرینی چیا پیشان بدات).

(دیمەنی گۆڕەپانی شارو لێرەو لەوێ خەڵك دەبینرێت)

**ئافرەت**: (مناڵێکی مردووی بەدەستەوەیە) مرد.. ئەی خەڵکینـە.. مـرد، بـڕۆن ئەمـە بەخوا بڵێن.. ئەرێ لەتە نانێکی نەبوو بیداتێ؟ ئەی خەڵکینە پێم بڵێم.. بۆچی دەهێڵـێ.. بۆچی دەهێڵێ مناڵی ساوا لەبرسا بمرێ. ! ؟

**کەسی یەکەم**: بێدەنگبە پیرێژن.. بێدەنگ.. کفرمەکە.

**ئافرەت**: بەڵام بۆچی؟ لەبەرچـی بترسـم.. دوای ئـەوە دەتـوانێ چـی بکـات (ئامـاژە بەمناڵەکە دەکات) دوای ئەوە دەتوانێ چیم لێبکات.

**کەسی دووەم**: پیرێژن بۆ کوێی دەبەی! ؟

**ئافرت**: لەکێڵگەکەمدا دەی نێژم.

**یەکەم**: بەبێ نوێژکردن! ! ؟

ئافرەت: نوێژ! !چ نوێژێك دەتوانێ زیندووی بکاتەوە؟ ناتوانێت.. کەواتە وازم لێبێنە. تاریکی (دوو هاوڕێ بەیەك دەگەن)

**هاوڕێی یەکەم**: هاوڕێ خۆشەویستەکەم. ئەمە تۆی ئەحواڵت چۆنە..

(دەست دەکەنە ملی یەکتری)

**هـاوڕێی دووەم**: خۆشەویـستم.. تـۆ چـۆنی.. فـەرموو.. فـەرموو دانیـشە.. چـییە دەبینم زۆر لاواز بویتە. !

**هاوڕێی یەکەم**: ئەی نابینی چ ڕۆژێکە تێیکەوتووین.

**هاوڕێی دووەم**: ئای هاوڕێ ژیانمان زۆر ئاڵۆزو پیس بووە.. ئەرێ پێمبڵێ لەگەڵ سەربازیدا چۆنی.. ئەی هەواڵی شەڕو کوشتار چییە؟

**هاوڕێی یەکەم**: هەواڵی شەڕگە دەبێ چی بێ، جگە لەمەرگو برسێتی.

واز لەوە بێنە..من ئێستە لەمۆڵەتدام.. هاتووم پێکەوە بڕۆینە راوەماسی. وەکو رۆژانی بەر لەشەڕ.

**هاوڕێی دووەم**: ئای بۆ ئەو رۆژانە، تۆ بڵێی جارێکیتر بیان بێنەوە؟

**هاوڕێی یەکەم**: من بۆ ئەوە هاتووم، دەڵێی چی بچین؟

**هاوڕێی دووەم**: لەگەڵتدام، دەچین راوە ماسییەکی چاکی لێ دەکەین.

بەڵام تۆ بڵێی رێگەمان بدەن.

**هاوڕێی یەکەم**: مەترسە، سەنگەرەکانی خۆمان لەدەیارچاکەوە نزیکە هیچ خەمت نەبێت من ئەفسەرو فەرمانبەرەکە دەناسم بڕواناکەم رێگەمان نەدات.

**هاوڕێی دووەم**: باشە کەی بچین؟

**هاوڕێی یەکەم**: سبەی دەچین.

**هاوڕێی دووەم**: زۆر چاکە.. دەچین.

**هاوڕێی یەکەم**: دەباشە..من بەدووعا هەر لەئێستاوە دەچم خۆئامادە دەکەم بۆ سبەی.

**(تاریکی)**

**(دیمەن کۆڵانێکی شارەو دایکێک لاشەی کوڕە کوژراوەی خۆی بەباوەشەوەیەو دایکی خائینەکەش دێتە لایەوە)**

**دایک**: ئەمە مێردتە کوژراوە.؟

**ژن**: نەخێر.

**دایک**: ئەی براتە؟

**ژن**: کوڕمە.. مێردەکەم سیازدە ڕۆژە کوژراوە. ئەمڕۆش کوڕەکەم بووە قوربانی.. (بەکلۆڵییەوە) هەرگیز ئەو چاکەیەم لەبیرناچێتەوە کە خوای گەورە لەگەڵی کردووم.

**دایک**: چی بۆ کردووی؟!

**ژن**: کوڕەکەم بەشانازییەوە. لەپێناوی پاراستنی شارەکەیدا گیانی بەختکرد، ئەوەش دەڵێم کوڕەکەم دڵکەش بوو حەزی لەرابواردن دەکرد. دەترسان ئەمەش وەکو کوڕەکەی ماریانا ناپاکی لەشارەکەی بکات. ئەو کوڕەی دوژمنی مرۆڤ و دوژمنی خوایە. سەردەستەی ئابلۆقە دەرانە. نەفرەت لەخۆی و لەوەی کەخستوویەتییەوە.

**(تاریکی)**

**(لەڕۆخی دەریا چەکەدا دووکەس خەریکی ڕاوەماسین)**

**هاوڕێی دووەم**: تەماشاکە ماسییەکان چۆن دەنوک لەنانەکە دەدەن تەماشا چەند گەورەن.

**هاوڕێی یەکەم**: زۆر خۆشیانە.. ئەو هەموو کوژراوانەی لەشەڕەکاندا دەکرانە ئەم ئاوەوە ئەمان دەیخۆن ئیتر بۆ گەورە نابن.

**هاوڕێی دووەم**: تەماشا ئەو لوتکەیە دەبینی.. دوژمنەکان لەوێدان.

**هاوڕێی یەکەم**: زۆر نزیکن. ئەی ئەگەر تووشی چەند کەسێکیان هاتین.

**هاوڕێی دووەم**: (بەگاڵتەوە) قاپی ماسی سوورەوە کراویان پێشکەش دەکەین.

(لەپڕ چەند چەکدارێك دوژمن دێنە سەریان)

**سەرباز**: نەجولێن.. هەستە سەر پێ و دەستتان بەرزکەنەوە.

(سەربازەکان دەیان پشکنین)

**سەرکردە**: (دێتە پێشەوە) راوە ماسییەکەتان خۆشە وانییە بەڕێزان، بەڵام من شتی ترم هەیە بیری لێ بکەمەوە. ئێوە هەر گوێ لەمن بگرن و گوێ مەدەنە هیچی تر وەکو من دەبینم ئێوە دوو خەفیەن نێرراون چاوێکتان لەمن بێت وا من ئێوەم گرت و دەتاندەمە بەر گوللە. ئێوە خۆتان واپیشانداوە کە خەریکی راوە ماسین.. بۆ ئەوەی مەبەستە راستەقینەکەتان بشارنەوە، بەڵام لەبێبەختیتان وا کەوتنە ناو چەنگی من، شەڕیش شەڕە. لەبەرئەوەی کە بەڕێگای خۆتانا هاتووم بێگومانم وشەی بەنهانی یان داونەتێ تاکو پێی بگەڕێنەوە بۆ ناو هێزەکانی خۆتان. کەواتە ئێوە ئەو وشە پەنهانییەم بدەنێ و منیش ژیانتان دەپارێزم.. (وچانێك) بۆ قسەناکەن.. کەس پیی نازانێ و ئێوەش بەپارەو پۆلێکمی زۆرەوەو بێخەم دەگەڕێنەوە.. نهێنییەکەش لەگەڵتاندا دەڕوات، ئەگەر بەقسەشم نەکەن هەر ئێستا دەمرن. دەڵێن چی؟ لەماوەی پێنج دەقیقەدا دەکەونە بنی ئەم ئاوەوە، تەنیا پێنج دەقیقە، بەڵام وابێ کەسوکاردارن.. ئەوان چاوەڕێتانن...

تەنها مۆڵەتی دەقیقەیەکی ترتان دەدەمێ.. زیاتر نا..

(دەست داداتە باڵی یەکێکیان و دەیباتە ئەولاوە)

وشەی پەنهانیەکەم بدەرێ وا دەکەم هاوڕێکەشت پێی نەزانێ دەڵێم خۆم وازم لێهێناوە.. دەی قسبکە.

**هاوڕێی یەکەم**: هیچ نازانم.

**سەرکردە**: چۆن نازانی.

**هاوڕێی یەکەم**: ئێمە دوو راوچی هەژارین و هیچ شتێ نازانین.

**سەرکردە**: دەتکوژم.

**هاوڕێی یەکەم**: کوشتنم پێخۆشترە وەك لەوەی یەك تاکە وشە بدەم بەخائینێکی وەك تۆ، تاکو ئەو شارەی پێ خاپوورکەی کە خۆت و دایکتی پێ گەیاندووە.

**سەرکردە**: بێدەنگ (یەك شەقازلەی پیادەکێشی)

**هاوڕێی یەکەم**: تۆ خائینی خۆ فرۆشی دایك و شارەکەی خۆتت فرۆشتووە. ناپاك.

(یەکێك لەسەربازەکان هێرشی دەکاتە سەر، بەڵام سەرکردە رێگای پێنادات)

**سەرکردە**: (بۆ هاوڕێی دووەم) ئـەی تـۆ. وشـە نهێنیەکـەم پـێ دەڵێیـت وەك سـەگ دەتۆپێنم و تۆش چیت بوێ بۆتی جێبەجێدەکەم و بەرەڵات دەکەم، تەنها وشەکە، ئەگەر نا دەتدەمە بەر گوللە.

**هاوڕێی دووەم**: هـیچ نهێنیـەکم پـێ نییـە، مـن لـەتۆو مـەرگ ناترسـم هەرچییەکت لەدەست دێت بیکە، تێگەیشتی.

**سەرکردە**: بەڵێ ئێستا تێتان دەگەیەنم. وەرە تەك هاوڕێکەتەوە، دەی خێرا.

**هاوڕێی یەکەم**: بەدووعا هاوڕێ خۆشەویستەکەم.

**هاوڕێی دووەم**: بەدوعا هاوڕێ خۆشەویستەکەم.

**سـەرکردە**: (دەقیـژێنێ) بیتـەقێنن (دەنگـی دەسـترێژی گوللـە.. هـەردووکیان بەسەریەکدا دەکەون).

**سەرکردە**: هەر ئێستا بەحەبلێك قاچی ئەو دوو سـەگەم بـۆ دەبەسـتنە بەردێکـەوەو فرێیان دەدەنە ناو ئەم ئاوەوە.

**سەرباز**: تەماشا ئەم هەموو ماسییەیان گرتووە.

**سـەرکردە**: ئینجـا نـۆرەی ماسـییەکانە.. ئـەم ماسـیانە سـورکەنەوە پـێش ئـەوەی بەتەواوەتی بمرن زۆر بەتام دەبن.

**(تاریکی)**

**(شوێن یەکێک لەسەربازگەکانی شارەو چەند سەربازێک لەکاتی پشوودان و لەپرش سەربازێکی تر خۆی دەکات بەژووردا و هاوار دەکات)**

**سەربازی یەکەم:** براکانم تاکەی.. تاکەی شەڕبکەین.. هەستن.. دەست بگرن بیکەن بەشایی و سەیران.

**سەربازی دووەم:** ئەوە چییە، چیت لێقەوماوە ! خواردوتەتەوە؟

**سەربازی یەکەم:** خواردنەوە لەکوێ بێینم! ئەی خەڵکینە! دەنگ و باسێکی گرنگم پێیە پێتانی بڵێم.. کە بیزانن تا بنمیچی ئاسمان هەڵ دەبەزنەوەو لەڕانی خۆتان دەدەن و ئێوەش وەك دەروێش هەڵ دەپەڕن.

**سەربازی سێیەم:** توخوا زووکە. ئەو دەنگ و باسە گرنگەمان پێ بڵێ با ئێمەش دڵخۆش بین.

**سەربازی یەکەم:** سەرکردە تاکە کەسێکە کە دەیزانێت و نهێنییەکەی دەشارێتەوە، بەڵام من دەستم کەوتووەو هاتووم بۆتانی ئاشکرا بکەم. تا ئێوەش دڵخۆش بن.

**سەربازی دووەم:** زووکە پێمان بڵێ.. تۆ دەمان کوژی.

**سەربازی یەکەم:** پێش کەمێك بۆ لای ژووری سەرکردە سەرکەوتم و بەدزە دزێ چوومە پشت دەرگاکەیەوە، ئەمە لەوکاتەدا بوو کە سەرکردە قسەی دەکرد، شتێك لەدەروونمدا پێی گوتم کە دەنگ و باسێکی گرنگ هەیە، هەستم–راگرت، کەچی گوێم لەشتێك بوو ئەگەر پێتانی بڵێم لەخۆشیا دەمرن.

**سەربازی چوارەم:** دوژمنەکانمان دەوروبەری شاریان جێهێشتووە؟

**سەربازی یەکەم:** نەء.. لەوە خۆشترە.. زۆر لەوە خۆشترە. دەی با گوێمان لەیەکێکی تر بێت. ئادەی تۆ بەرخۆلە قسەبکە.

**سەربازی پێنجەم:** شەڕ کۆتایی هات.

**سـەربازی یەکـەم**: دۆزیتـەوە.. ئـای سـڵاوت لـێبێ، براکـانم، شـەڕ کۆتـایی هـات، سـەرکردەی دوژمـن لەلایەکـەوەو سـەرکردەی خۆشمـان لەلایـەکی دیکـەوە، هـەموویان کۆبوونەوەیـەکیان سـازداوە تادەسـت بخەنـە نـاو دەسـتی یەکـەوە. سـەرکردەی دوژمـن مەبەستم کوڕەکەی دۆناماریانایە وتویەتی (کوڕینە بۆ یەکتری بکوژین، ئەی ئێمـە بـرانین، ئەی هەموومان کوڕی ئەم شـارەنین.. کەواتـە کوشـتار بەسـە. وتویـەتی (داوای لێبـوردن لەهەموو خەڵکی شار دەکەم گەورەو بچووك هەر هەموویان بەڕاستی من ئەم ماوەیەی کـە دەمویست ئەمشارە جوانە وێران بکەم کە خۆمی تیا لەدایکبووم، شـەیتان سـواری سـەرم ببوو، بەڵام ئەوەی چوو چوو، با لەمەودوا ژیانێکی خـۆش و دوور لەجـەنگ بەرینـە سـەر) دوای ئەوە دەستی یەکتریان گوشی و هەندێ کاغـەزیان ئیمـزا کـردووە یـەکتریان لـەئامێز گرتووە. ئەمانە هەمووی هەر شەوی رابردوو روویان داوە.

(هەموو دەست دەکەنە شایی و گۆرانی)

**سـەبازی شەشـەم**: (بـەپرتاو دێتـە ژوورەوە) چـی بـووە.. رۆڵـەکانم بـۆ وا دڵتـان خۆشە.

**سەربازی چوارەم**: شەڕ کۆتایی هات.. شەڕ تەواو.

شەشەم (ئای سوپاس بۆ خوا.. براکانم خوا گەورەیە. خوا.. سوپاسی خوا بکـەن کـە رزگاری کردین، دەی بەبۆنەی ئەم بەخشندەییەی خواوە بائاهەنگ بگێڕین.

**سەربازی حەوتەم**: (خۆی بەژووردا دەکات) ئەرێ کوڕینە ئەوەچی روویداوە؟

**سەبازی پێنجەم**: برام شەڕ کۆتایی هات. نەما.. ئاڵاکانتـان دەرکـەن و شـەربەت و شیرینی ببەخشنەوە، شەڕ کۆتایی هات.

**سـەربازی حەوتـەم**: دەمزانـی.. دەمزانـی ئەمـە روودەدات. بـەڵێ ئەمـشەو خـەوم بـینی، بـەڵێ بینـیم، پیـاوێکی نـوورانی هاتـە لام وتـی رۆڵەکـەم ئـەوە بـۆ وابێـدەنگ و غەمگینیت، منیش پێم وت، ئەی نابینی شەڕ چی بەسەر هێناوین، پێی وتم، خـەم مـەخۆ، هەر ئێستا دەچـمە لای پیاوچـاکانی خـواو بۆتـان دەپاڕێمـەوە تـا ئـەم شـەڕەتان لـەکۆڵ بکاتەوە.

**سەربازی هەشتەم**: (بەڕاکردن دێتە سەر شانۆ) براکانم.. ئەوە چی دەبینم؟! ئایا بەڕاستی شەڕ کۆتایی هات.

**سەربازی یەکەم**: تەواو.. جەنگ تەواو.. ئاشتی بەرپابوو، ئاشتی.

**سەربازی هەشتەم**: ئاشتی.. ئاشتی.. ئاشتی براکانم جارێکیتریش پێم بڵێن بازیاتر دڵخۆش بین.

**هەموان**: ئاشتی.. ئاشتی.. ئاشتی.

سەبازی نۆیەم: (دێتە سەر تەختەی شانۆ) کوڕینە، ئەوە چی قەوماوە؟ چیتان بەسەر هاتووە.

**سەربازی شەشەم**: برای خۆشەویست شەڕ کۆتایی هات، ئیدی دەگەڕێیتەوە بۆ ماڵە بچکۆلانەکەی خۆت.

**سەربازی نۆیەم**: ئەم قسەیەتان بەڕاستە؟ ئایا ئەم دوژمنە لەعنەتییە بەڕاستی دەس لەئابلۆقەی شار هەڵدەگرێ و پاشەکشێی لێدەکات. ها بەڕاستە؟ باشە کێ ئەوەی پێگوتن؟

**سەربازی پێنجەم**: شوتی وریاکردنەوە.

**سەربازی نۆیەم**: کەواتە راستە.. بژی ئاشتی هەریەکەو دەستی ئەوی دیکە بگرێت و بابەبۆنەی مردنی شەڕەوە سەمابکەین و ئاهەنگ بگێڕین.

**سەربازی حەوتەم**: سوپاسی خوا بکەن.. سوپاسی حیکمەت و لێهاتووی سەرکردەکان بکەن. ئەمە زیندوبوونەوەی راستەقینەیەو. دەی خێرا بابڕۆین ئەم مژدەیە بەخەڵکی شار رابگەیەنین بابڕۆین (دەیانەوێت بچنە دەرەوە)

**سەربازی یەکەم**: کوڕینە راوەستن قسەیەکم هەیە باپێتانی دەڵێم. (دەست بەپێکەنین دەکات) درۆ بوو.ئەمە درۆ بوو. درۆی یەکی نیسان بوو. ئەوەی وتم هیچی راست نەبوو.

**سەربازی سێیەم**: ئای درۆزنی بێقیمەت ئادەی بۆمبگرن.. (هەموو بەدوای دەکەون و شانۆ چۆڵ دەبێت)

**حیكایـەتخوانی یەكـەم:** (لـەدوای ئـەم رووداوەوە ژیـان بـەلای خـەڵكی شـارەوە گرانتر بوو، چونكە هەستیان بەو بەختیارییەكرد كە لەدەستیان چوو. بۆیان دەركەوت كە تاكە شتێك شتێكی زۆر سووك و ئاسان بەسە بۆئەوەی وەك ئادەمیزاد بژین.

(مناڵێك لەسەر شانۆ كەوتووەو دایكی خائینەكە دێتە سەری)

**دایك:** بچكۆلەكەم هەستە..برسیتە؟

**منداڵ:** نەء.. خواردم.

**دایك:** چیت خوارد.

**منداڵ:** لەم زەویە.

**دایك:** ئەم جیهانە بۆ گەنە كەچی خوایە تۆ بەدەست خۆشت گرتووتە وا باشتر نییـە پاڵێكی پیوە بنێیت و ببێ بەهەزار پارچە؟

ببێتەوە بەقورو جیهانێكی باشتری لێدروست بكەیتەوە..؟ ئەی تۆ خوای گەورە نیت؟ ئەی تۆ توانای هەموو شتێكت نییە، ئاخر نابینی كە ئەم مناڵە خۆڵ دەخوات.

(وچانێك) تاوانی ئادەمیزادە كـە ئـەم مناڵـە خـۆڵ دەخـوات تـاوانی تـۆ نییـە خوایـە. ئۆباڵەكەی بەملی منە كە دایكی سەركردەی ئابلۆقەدارم.

**حیكایەتخوانی دووەم:** ئەم دیمەنە دایكی ناپاكەكـەی لەناخـەوە هەژانـد، چـونكە جوانتر هەستی بەزوڵم و كارەساتەكە كرد كە كوڕەكـەی بەسـەر ئـەو خەڵكەیـدا هێنـاوە.. بۆیە ئەو رۆژە چووە بەردەم دادگای شارو وتی.

(ژوری دادگای شار)

**دایك:** كوڕەكەم بووە بەدوژمنتان.. یان بمكوژن یان دەروازەی شارم بۆ بخەنە سـەر پشتتا دەچم بۆ لای ئەو.

**سەرۆكی دادگا:** تۆ مرۆڤی، دەبـێ شـارەكەت خۆشـبوێت. كوڕەكـەت دوژمـنی تـۆو دوژمنی ئێمەشە.

**دایك:** من دایكی ئەوم و خۆشمئەوێ. من بەرپرسیاری كارەكانی ئەوم.

**سـەرۆكی** دادگـا: شـتێكی بـێ هونەرییـە لەبـەر تـاوانی كوڕەكـەت بتكـوژین. خـۆت هەڵتنـەناوە بۆئـەم كـارەی، ئاگـادارین لـەچ چەرمەسـەریەكدا دەژیـت. شـارەكە وەك

دەستبەسەر ناتهێڵێتەوە برۆ بۆ لای کوڕەکەت، گەر دەزانی شیاوی سزا وەرگرتنی ئەوە لەو باوەڕەداین کە تۆشی فەرامۆشکردووە. با هەر ئەمە سزات بێت، چونکە ئەم سزایە لەمردن سەختترە.

**دایک**: بەڵێ تا بڵێی گران و سەختە.

**حیکایەتخوانی یەکەم:** دەروازەکەیان بۆ ئاوەڵاکرد. مۆڵەتیان دا ئەو شارە بەجێبهێڵێت، کە ئەمی تێدا لەدایکبووەو کوڕەکەی ئابلۆقەی داوە. لەلۆچی دیوارەکەشەوە چاودێرییەکی درێژیانکرد، لەسەرخۆ دەڕۆیشت، قاچی لەدوای نەدەهات ئەم خاکە بەجێبهێڵێت کە ئەگەیشتە لاشەی ساردەوەبووی جەنگاوەرەکان کرنوشی بۆ دەبردن و چەکە شکاوەکانی بەقێزلێکردنەوە لادەدا، چونکە هەموو چەکێك بێزکردنەوەی دایکان دەهەژێنێت، ئەو چەکە نەبێ کە بۆ پاراستنی ژیان بەکاردەبرێت، زۆر بەپارێزەوە دەڕۆیشت تا دەهات لەبەرچاوی ئەوان دا بچووك دەبووەوە کە لەسەر دیوارەکەوە چاودێرییان دەکرد، وایان دەزانی شارەکە چ خەم و نائومێدییەکی بووە لەگەڵ ڕۆیشتنی ژنەکەدا، بەجێی هێشتووە، چاویان لێبوو لەنێوەی ڕێگادا وەستاو کلێتەی پاڵتۆکەی لاداو ماوەیەکی درێژ چاوی بڕیە شارەکە.

(چەند سەربازێکی دوژمن دەوری دایکەکە دەدەن)

**سەربازی یەکەم**: تۆ کێیت و لەکوێوە هاتوویت.

**دایک**: من دایکی سەرۆکەکەتانم.

**سەربازی دووەم**: دایکی سەرۆکەکەمان.. دواجار هاتی، یاخوا بەخێربێیت ئەی دایکی ئازاترین کەس.

**سەربازی سێیەم**: دایك دەبێ کوڕی وەك ئەم سەرکردەیەی ئێمە بخاتەوە ئینجا دایکێکی تەواوە.

**سەربازی یەکەم**: تابڵێی ئازاو چاونەترسە.

**دایک**: ئێستا لەکوێیە من بەرن بۆ لای.

**سەربازی دووەم**: بەسەرچاو هەر ئێستا.. فەرموو وەرە لەگەڵمان.

**(تاریکی)**

## (شوێنی نیشتەجێبوونی سەرکردە)

**سەرکردە**: باشبوو هاتی.. لەبەیانی زووتر نییە تەخت و تاراجی ئەو شارە تێکوپێك دەدەم.

**دایک**: ئەوشارەی تێیدا لەدایك بوویت؟

**سەرکردە**: من بۆ جیهان و لەجیهان لەدایکبووم، ئەم شارە درِی رێگەی سەرکەوتنمە، دەمەوێ جیهان لەبەردەممدا بلەرزێ.

لەبەرتۆ بووە تائێستا راوەستابووم و خاکی ئەو شارەم بەتوورەکە نەبێژاوەتەوە.

**دایک**: ئەو شارەی هەموو بەردێکی دەتناسێ و منالێت تێدا شاردۆتەوە.

**سەکردە**: بەرد لاڵە.. مرۆڤ دەیهێنێتە زمان، من دەمەوێ چیاکان بهێنمە زمان و باسم بکەن.

**دایک**: ئەی خەڵکەکە.

**سەرکردە**: ئەوانم پێویستە، مرۆڤ نەبێ پاڵەوانان بەنەمری نامێننەوە.

**دایک**: پاڵەوان ئەوەیە بەرنگاری مەرگ دەبێتەوە بۆ پاراستنی ژیان.

**سەرکردە**: نەخێر ئەوەی شاران وێراندەکات، هێندەی ئەوە بەناوبانگە کە شاران دورست دەکات، سەیرکە کێ دەزانێ ئینیاس یا رۆمیۆلۆس رۆمایان درستکردووە، بەلاّم چاك دەزانین کە ئەلاریك پاڵەوانانی کە رۆمایان وێرانکرد.

**حیکایەتخوانی دووەم**: تاشێوان واقسەیان کرد ئیدی کەمتر بەرپەرچی قسەی رەقی کوڕەکەی دەدایەوە، دایك چەند نەترسە ئەوەندەش بێبەزەیی و بلیمەتە بۆ پاراستنی ئەو ژیانەی خولّقاندویەتی, کە باسی وێرانکاری بۆ دەکرێ. بەئەتککردنی دەزانێ، بەلاّم کوڕەکەی ئەمەی نەدەزانی، حەز بەدەرکەوتن دڵی مراندبوو، هەستی نەهێشتبوو، دایکەکە سەری داخست ودانیشت، خەریك بوو لەبۆنی لاشەی بۆنکردووی کوژراواندا بتاسێ، گوێی لەچرپەی تاساوی گەلەکەی بوو لەشارە خۆشەیستەکەیدا کە چاوەڕوانی دێوی مەرگ بوون، بۆیەکەمجار لەم شارەدا ژانی لەدایکبوونی ئەو کوڕەی گرت کە ئێستا دەیەوێ خاپووری بکات، لەکونەکانی رەشماڵەکەوە لەشارەکەی دەڕوانی و یادی رۆژانی تاڵی خەڵك شاری دەکردەوە.

**سەرکردە**: ئەگەر ئەمشەو تاریك و نوتـەك بـێ شـاڵاو دەبەنەسـەر شـارەکە، چـونکە جەنگی ڕۆژانە سەختە، چەکەکان دەبریسکێنەوەو مرۆڤ کوێر دەکات، (سەیری چەکەکەی دەستی دەکات) زۆر بۆ داهێنانەوەش بەفیڕۆ دەچێ.

**دایک**: وەرە کوڕی خۆم.. سەربکە سەر سینگم و پـشوویەك بـدە. ئایا کـاتی منـاڵی خۆتت نایەتەوە یاد چەند دڵگەش و بەبەزەیی بووی هەموو کەسێ خۆشی دەویستی.

**سەرکردە**: تەنیا سەرکەوتن و تۆم خۆشدەوێ. کە کردمت بەمەی ئێستا هەم.

**دایک**: ئەی ئافرەتت خۆش ناوێ.

**سەرکردە**:ئافرەت زۆرن، مرۆڤ هەر چۆن لەگشت شتێکی شیرین دەبێزرێ واش لەوان بێزار دەبێ.

**دایک**: حەز دەکەی مناڵت هەبێ.

**سەرکردە**: ناحەز ناکەم بۆئەوەی پیاوێکی وەکو من نەیان کوژێ؟

ئەو ساتە هێنـدە پـیر دەچـم نـاتوانم تۆڵـەیان لێبـسێنمەوە ئیـدی دەبنـە هـۆی ژان و ئازارەکانم.

**دایک**: تۆ جوانکەی، بەڵام وەك بروسکەی هەورە تریشقەی بێ بەرن.

**سەرکردە**: بەڵێ وەکو هەورە تریشقەوام.

(ئاوڕدەداتەوە بۆ لای دایکی، دایکیشی چەقۆکەی دەستی لەسەر سینگی دەچەقێنێت و دەیکوژێت).

**دایک**: (بەگریانەوە روو دەکاتە شارەکەی) وەکو شارنشینێ ئەوەی توانیم لـەپێناوی شارکەمدا کـردم و کوڕەکـەی خـۆمم کوشـت و شـارەکەم رزگـارکرد، بـەڵام وەکـو دایکێـك کوڕەکەم بەجێ ناهێڵم،چونکە جگە لەوەی ژیانم کەڵکی کەسی پێـوە نـەماوە ئەوکاتـەش بەسەرچوو، بتوانم مناڵێکی تر بخەمەوە.

(چەقۆکە دەکاتە سنگی خۆی و خۆشی دەکوژێت)

**کۆتایی**




(١٩٩٢)

تێبینی: ئەم دەقە لەساڵی ١٩٩٣ دا بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ لەشارۆچکەی چەمچەماڵدا نمایشکراوە.

تێبینی: لەئامادەکردنی ئەم دەقەدا جگە لەچیرۆکەکانی مەکسیم گۆرگی سوودم لەڕۆمانی براکوژی نیکۆس کازانتزاکی و چیرۆکی مۆپاسان وەرگرتووە.

دیدار

# وتووێژ لەگەڵ نووسەری گەورەی کورد عەلی ئەشرەف دەروێشیان

دیداری: سەلاحەدین بایەزیدی



عەلی ئەشرەف دەروێشیان:

کارەساتە ئێستا "تاوان و سزا" دەکرێتە کوردی...

– ساڵی ١٩٤١ لەکرماشان لەدایکبووە.

– ماوەیەکی زۆر مامۆستا بووە.

– هاوینی ١٩٧١ بەهۆی چالاکیی سیاسی و کۆمەڵەچیرۆکی "از این ولایت" دەستگیر کرا و هەشت مانگ لەزینداندا ماوەتەوە.

– سێ ساڵ دواتر دیسان دەستگیر کرایەوە و بەپازدە ساڵ زیندان حوکم درا لەکاتێکدا سێ مانگ بەسەر زەماوەندەکەیدا تێپەڕیبوو.

– دوابەدوای شۆڕشی ئێران لەزیندان ئازاد کرا.

– بەرهەمەکانی بۆ پازدە زمان وەرگێڕدراون.

– هەندێك لەبەرهەمەکانی بریتین لە: "از این ولایت"، "ابشوران"، "فصل نان"، "قصەهای بند"، "سالهای ابری"، "درشتی"، "روزنامەدیواری مدرسە ما"، "افسانەها و ملتهای کردی"، "فرهنگ گویش کرمانشاهی"، "فرهنگ افسانەهای مردم ایران"، "نقدو بررسی ادبیات کودکان و نوجوانان".

***ئاغای ئەشرەفیان، تۆش لەڕیزی ئەو نووسەرە گەورانە دایت کە کوردیت و ناتوانی بەکوردی بنووسیت، لەو ولاتانەی کە کوردی بەسەردا دابەشبووە، چەندین نووسەری ئاوا گەورە هەن کە کوردن و بەزمانی بێگانە دەنووسن، یەشار کەمال، سەلیم بەرەکات و.. لەمبارەوە لێکدانەوەی جیاجیا هەیە، بەلام حەزدەکەم لەزاری خۆتەوە ئەم حاڵەتە لێک بدەیتەوە.**

– من پێموایە مەسەلەی من جیاوازە لەگەڵ ئەواندا، چونکە یەشار کەمال و سەلیم بەرەکات ئەگەر بەزمانی خۆشیان نووسیبایان، بەهۆی بەربلاوبوونی زاراوەکەیان لەتیراژی بەرهەمەکانیاندا تووشی تەنگ و چەڵەمە نەدەهاتن، بەلام من لەبیرمە یەکەم چیرۆکی خۆمم بەناوی "رۆژێك" بەکوردی کرماشانی نووسی، زاراوەی کەڵهووڕی. بردمە لای باقر موئمنی کە یەکێکە لەرۆشنبیرە دیارەکانی کرماشان و ئێستا لەفەرەنسایە و کۆمەڵێك لێکۆڵینەوەی باشی هەیە، کە چیرۆکەکەمی خوێندەوە، وتی ئەگەر ئەم چیرۆکە چاپ بکەیت، لەکوێ چاپی دەکەیت، ئەگەر بتەوێت لەکرماشان چاپی بکەیت، ئەوا چاپخانەیەکی وامان نییە، پاشان تۆ ئەمە بە چەند تیراژ بلاو دەکەیتەوە؟ دیاربوو بەتیراژێکی کەم بلاو دەبوویەو خوێنەرێکی زۆر کەم دەیانخوێندەوە، چونکە هەموو خەڵکی ئێران ناتوانن سوود لەم زمانە ببینن، پێی گوتم بەفارسی بنووسم باشترە، ئەگەر کەسێك پێی خۆش بوو با بیکاتە کوردی، دەنا کوردی نووسین کێشەت بۆ دروست دەکات. ئەمە گرفتی سەرەکیم بوو. سەرنج بدە، کۆمەڵە چیرۆکی سادق هیدایەت، ساعدی و.. ئەو کات لەکرماشان ٥٠ دانەی لێدەفرۆشرا، لەکاتێکدا هەموو کەس

تێیدەگەیشت، جا ئەگەر بەکوردی نوسیبام ئەم تیراژە کەمتریش دەبۆوە. ئیمکانی نەبوو. ناچار بووم بەفارسی بنووسم.

***بەڵێ منیش پێموایە ئەگەر بەکوردی نووسیبات، ئێستا تەنها نووسەرێکی محەللی بوویت یاخود نەدەتوانی دوو سێ بەرهەم زیاتر بنووسیت بەتایبەت بەهۆی ئابوورییەوە ناچار دەبوویت وازی لێ بێنیت، هەروەک هەندێک کەسی تریش لەئێران بۆ نموونە محەممەدی قازی و ئیبراهیم یونسی.**

– بەڵێ، وایە.

***لەلایەکی دیکەوە رەخنەی ئەوەتان لەسەرە کەخزمەتی ئەدەبیاتی فارسیتان کردووە و کارەکانتان ناکەوێتە خانەی ئەدەبی کوردییەوە. ئایا لەبەرنامەتاندا هەیە کە لەداهاتوودا بەکوردی بنووسن؟**

– نا ئیتر تەمەنم بەسەرچووە. بەرهەمەکانم بەنزیکەی پازدە زمان وەرگێڕدراوە، ئەگەر بەکوردی نوسیبام تەنانەت بەزمانێکش وەرنەدەگێردرا، ئەگەر (یەشار کەمال) خزمەتی بەزمانی تورکی کردوە، ئەگەر (بەرەکات) خزمەتی بەزمانی عەرەبی کردووە، کەواتە منیش خزمەتم بەزمانی فارسی کردووە، دیارە جیاوازیشیان نابینم هەرئەوەی کەکوردێك چیرۆکەکانم دەخوێنێتەوە، وەریاندەگێڕێت و تەنانەت مامۆستا (عەبدوڵا حەسەنزادە) کە زۆربەی بەرهەمەکانی منی کردۆتە کوردی و خەریکی وەرگێڕانی رۆمانە گەورەکەم "سالهای ابری"یە، هیچ جیاوازییەکی نییە، وەك ئەوە وایە خۆم بەکوردی نووسیبێتم، بائەوەشمان لەبیر نەچێت کە کەلهوڕی کاری لەسەر نەکراوە.

***ئەی چارە چییە، ئەو زاراوەیە هەروا دەمێنێتەوە، ئەوانەی کەڵهوڕن هەر دەبێت بەفارسی بنووسن؟**

– مەگەر ئێستا لاوەکان بەو (NGO)یانەی دروستی دەکەن، دانیشن و سەرچاوە کۆبکەنەوە و کاربکەن لەمبارەیەوە، ئەو وشانەی نیمانە، بیان دۆزنەوە یان دروستیان بکەن، چ لە روانگەی شعر و چ لە روانگەی چیرۆکەوە دەوڵەمەند بین و بناسرێین. بەمجۆرە دەکرێت بە کەلهوڕی بنوسین و شتەکانمان بکرێنە فارسی.

*** ئەم رۆمانە گەورەیەتان (سالهای ابری) کە ئێستا باستان کرد، ئایا دەکرێت وەک ژیاننامە و سەربوردەی خۆتان بەناودەکرێت وەک هەندێک کەس دەڵێن ؟**

– بەڵێ دەتوانین بڵێین ژیاننامەی خۆمە، ٩٥٪. لەهەندێ شوێندا خەیاڵ لەوانەیە رۆشتبێ و لەژیانی خۆم دوور کەوتبێتەوە بەلام بەگشتی ژیانی خۆمە.

***زۆربەی رۆمانەکانی ئێران کاردانەوەی ژیانی نووسەرە، ئایا تێکەڵکردنی ژیان و بیرەوەرییەکانی خۆت کاریگەریی لەسەر رەوتی رووداوەکان دانانێت لەناو رۆمان یان چیرۆکێکدا؟**

– زۆربەی نوسەرانی جیهان تەنانەت ئەوانەی خەڵاتی نۆبڵیشیان بردۆتەوە وەك (گابریەل گارسیا مارکیز و ساراماگۆ و ئۆرهان پامۆك) هەمویان لە وتووێژەکانیاندا دان بەوەدا دەنێن کە سەرەتا ژیانی خۆیان دەنوسن و لە هەموو بەرهەمەکاندا ژیانی خۆیان رەنگدانەوەی هەیە. تەنانەت ئەو کەسایەتیانەی لە رۆمانە جیاوازەکاندا دەیانخوڵقێنن، ئەوانەن کە لە ژیاندا رووبەڕویان دەبنەوە وەك باوك و دایك، بابە گەورە و خزم و خوێش، ئەمانە ئەو سیمایانەن کە دروستیان دەکەن. تەنانەت رۆماننوسێکی گەورەی وەك (میخاییل شولۆخۆف) لە"دۆنی ئارام"دا بۆ زۆربەی کەسایەتیەکان کەڵکی لە سیمای بنەماڵەی خۆی وەرگرتووە و بەشێوەیەکی دیکە لەرۆمانەکەی خۆیدا دروستیان دەکاتەوە.

*** بەگوێرەی ئەو فەزا پڕ لەسانسۆرەی کە لە ئێران هەیە و بەمدواییانە تەنانەت گەیشتۆتە لووتکە، ئایا پێتوایە هەموو شتێکت گوتبێ و هیچ شتێکت لەناو خۆتدا نەهێشتبێتەوە و تووشی خودسانسۆری نەهاتووی؟**

– سەبارەت بەکارەکانم، لەکتێبی (سالهای ابری)دا هەموو شتێکم گوتووە و ئەم کتێبە لەماوەی ساڵێکدا گەیشتە چاپی دووەم، هەر بەو نرخ و قورساییە بەلام لە چاپی سێهەمدا توشی کێشە هاتین و گوتیان پێویستە ٧٠٠ لاپەڕە لەو رۆمانە کە ٣٤٠٠ لاپەڕەیە واتە یەك لەسێی رۆمانەکە سانسۆر بکرێت. من پەسەندم نەکرد تا ئەوەی سیستەمەکە گۆڕدرا و هەندێك کرانەوە دروستبوو هەرچەندە ئیدەئالیش نەبێت. من بەردەوام پێداگر بووم لەسەر بلاوکردنەوەی بەرێکوپێکی، بەپێچەوانە گوتم با بلاو نەبێتەوە، ئەگەر ٧٠٠ لاپەڕەی سانسۆر بکرێت هیچی نامێنێت، ئەم سانسۆرە دەگەڕایەوە بۆ دوو هۆی

دەستەواژەیی، یەکەم پێویستە دایە گەورە لەدیمەنی یەکەمدا لەکاتی سەمادا خۆی بانەدات (بەپێکەنینەوە)و ئەوی تریشیان سەما بکەینە هەڵپەڕکێ، دیارە پاشان وەك خۆی چاپکرا، بەڵام زۆربەی کتێبەکانم ئیتر دوای ٥٩ چاپ نەکران، "ازاین ولایت"و"اب شوراب" و "همراه با اهنگ بابام" و"فصل نان" کە بەمدواییانە دوای ٣٥ساڵ سەر لەنوێ چاپکرانەوە کە "اب شوران" و "ازاین ولایت" چاپی بیست و پێنجەمیان کرایەوە دوای ئەو هەموو ساڵە.

***هەر لەم چوار چێوەیەدا دەتوانین بڵێین ئێستا بزافێکی دژی سانسۆر لەئێراندا لە ئارادایە بەپێشەنگی نوسەران و روناکبیران؟**

– بێگومان ئەم بزافەی باسی دەکەیت توندو تۆڵ تر بووە ،چونکە جیهانی ئەمڕۆ جیهانێکی تەنانەت سەعاتێك لەمەو بەر نییە، لەماوەی چەند چرکەدا دەتوانین ئاگاداری هەموو هەواڵەکان بین لەرێگەی ئینتەرنێتەوە، جیهان یەکپارچە بووە و گۆرانکارییەکان کاریگەری لەسەر یەکتری دادەنێن خەڵك ئیتر دەیەوێت لەم گوندە بچوکەدا بگەنە مافەکانیان. نەك تەنها نوسەران بەڵکو کرێکاران، مامۆستایان پەرستاران و تانەت خاوەن کتێبەکانیش خەریکە نارەزایەتی دەردەبرن، دەیانەوێت ئازادی هەبێت، رۆژنامەنوسان نایانەوێت هەموو رۆژنامەکان یەکرەنگ بن وەکو ئەو قەیرانەی ئێستا لەگۆرەپانی رۆژنامەنوسی ئێراندا دەبینرێت، بۆیە رۆژنامە نافرۆشرێت. رۆژنامە حکومییەکان بەپشتگیری دەوڵەت رۆژبەرۆژ زیاتر دەبن ئەوانیش چونکە بابەتێکی تایبەتیان نییەو چەندبارەن و نافرۆشرێن. ئەگەر سانسۆر هەبێت سەربەخۆ نین، بۆ سەربەخۆیی هەر ئەوەیە سەرزەمینی خۆمان بەدەستی خۆمانەوە بێت؟ درۆیە ئەم سەربەخۆییە. سەربەخۆیی لەدنیای ئەمڕۆدا واتا سەربەخۆیی ئازادی، کاتێك نەتوانی ئەفراندن بکەیت، ئەو ترۆمبێلەی پێتە هی خۆت نییە، کاتێك نەوتەکەت هەرزان دەکرێت، چونکە پاڵاوتگەی پێشکەوتووت نییە، کەواتە تۆ سەربەخۆ نیت و وابەستەیت، وابەستەیت بەهەموو ئەو شتانەی لەدەور و بەرتن و تۆ دروستت نەکردوون.

*** کاتێک رۆمانەکانی تۆ دەخوێنینەوە دەچینە ئەو شوێنانەی کە خۆت لێیان ژیاوی و کرماشان لە مێشکماندا وێنا دەبێت، وەک چۆن لە رۆمانەکانی (یەشار کەمالدا)**

**چـوکورئۆڤا و لـەهی (مـارکیز)دا ئـەمریکای لاتـین، شـوێن چ رۆڵێکـی هەیـە لەفـەزای چیرۆکدا؟**

– بەبڕوای من شوێن رۆڵێکی گرنگی هەیـە (ویلیـام فاکنـەر) بـەو هـەموو نوێگـەرایی و شێوازە نوێیـەی هەیـەتی، زۆر پابەنـدی شـوێن بـوو، شـوێن بـیرەوەری گـرنگ لەمێـشکی مرۆڤـدا زینـدوو دەکاتـەوە. ئێـستا ماوەیەکـە لـە (کـەرەج)م زۆر شـەو خـەو بەکرماشـان دەبینم، خەونی کۆڵانەکانی، هەمیشە بەگریانەوە لەخەو رادەچەنم وەختێك بیر لەو رۆژانە دەکەمـەوە. هـەرگیز نـاتوام بیرەوەرییـەکان لەمێـشکمدا بـسڕمەوە ئـەوەش نیـشانەی پابەندبوونی لەڕادە بەدەرمە بەو فەزایە، پێموایە "دۆنی ئارام"ی شۆلۆخۆف نەیـدەتوانی بێ ئـەو شـوێنە دۆنـی ئـارام بێـت هـەر نـاوی کتێبەکـە ناوێکـە کـە لـە شـوێنێکی تایبـەت وەرگیراوە.

***سـوژە و نـاوەرۆکی زۆربـەی چـیرۆکەکانی ئێـوە رەنـج و مەینـەتی خـەڵکی فـەقیر و بەلەنگازە، پێتوانییە دووپاتەن و پێویست دەکات کار لەسەر فـەزای دیکـەش بکـەیت؟ چـونکە ئـەدەبیاتی فەقیرانـە تایبـەت بـوو بەسـەردەمێک لەسـەردەمەکان و ئێـستا کۆمەڵگاش لەو قەیرانە دەرباز بووە؟**

– من لەناو ئەمانەدا ژیاوم، خۆم رەنج و مەینەتم چێشتووە. مناڵێکی پێنج ساڵە بێننە پێش چاو کە پێویستە یاری بکات، بەڵام لەبری یاری کار دەکات و باوکی ناچاری دەکـات مل بداتە بەر ئیشی قورس و زۆرکات تەنانەت کارکردن لـە بـەردەم خوێندنیـشدا دەبـووە ئاسـتەنگ، زۆر کـاری جـۆراو جـۆرم کـردووە، لـەژێر قرچـەی هـەتاودا کـە کاریگـەرییـەکی خراپی لەسەر پێستم دانـا. نەمـدەتوانی جگـە لـەم فەزایـە فەزایـەکی تـر دروسـتبکەم لـە "سالهای ابری"دا نووسـیومە کـە بنەماڵەکـەم هـەموویان کرێکـار و زەحمـەتکێش بـوون، تەنانەت ژنانی ماڵی ئێمەش جگە لەماڵداری و کابانی کاری تریـان دەکـرد وەك خـەیاتی و دروومان.

*** یانی بەبڕوای ئێوە ئەدەبیات باشترین ئامرازە بـۆ دەربـڕین و هێنانـە زمـانی ئـەو دەردو ئازارانە، دەبێت بنوسرێن تا لەبیر نەچنەوە؟**

– ئەدەبیات و مۆسیقا.. تەنانەت هونەرەکانی دیکەش بۆ نمونە نیگار کێشی.

*** ئەی تۆ تاچەند کەڵک لەهونەرەکانی تر وەردەگریت بەتایبەت مۆسیقا؟**

– مۆسیقا رۆڵێکی بەرچاوی هەیە لەنووسراوەکانمدا. من لەکتێبی "فصل نان"و کتێبی "اب شوران"دا باس لەشمشاڵ ژەنێك دەکەم، باس لەو هەڵپەڕکێیانە دەکەم کە دایکم و وان لەماڵدا ئەنجامیان دەدا. لە"سالهای ابری"دا دیمەنێکی گرنگم هەیە لەسەر هەڵپەرکێی دایکم لەشایی کوڕەکەیدا. ئەمانە و سەرجەم ئەو دەنگانەی کە لەچیرۆکەکانمدا، هەم لەمەلەکان و هەم لەمرۆڤەکانەوە وەك ئاوازێك دەگاتە گوێ.

***با زیاتر باسی ناوەڕۆکی چیرۆکەکانت بکەین، سووژەی زۆربەی چیرۆکەکانی ئێوە ئەفسانە و کەلتوورو داب و نەریتی خەڵکە،کە ئەمەش خۆی جۆرێکە لەڕەسەنایەتی، هەڵبەت بەدەربڕین و خەیاڵێکی نوێ، ئێوە چۆن مامەڵە دەکەن لەگەڵ دابونەریتی فلکلۆر لەدەقدا؟**

– من بەردەوام بیرم لەوە دەکردەوە بۆچی کەسانێکی وەك خوالێخۆشبوو ئەحمەدی شاملوو ئەوەندە لەشیعرەکانیاندا سەرکەوتوون. ئینجا بەو ئەنجامە گەیشتم کە ئەحمەدی شاملوو بەر لەهەر شتێ بەسەر کەلتووری خەڵکدا زاڵبوو. بەرهەمی ئەمەش ئەو کتێبانەی هەفتە بوون کە لەسەرەتای چلەکاندا چاپ و بڵاو دەبوونەوەو ئەوەش بوو بەسەرەتایەکی باش. شاملوو هێندە زاڵ بوو کە تەنانەت بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانیشی بۆ نموونە وەك "پابرهنەها"ی "زاهاریا ئیستانکۆ" دەخوێنیتەوە، بۆت دەردەکەوێت بەڕاستی شاملۆ توانایەکی زۆری هەبووە لەبەکارهێنانی هەندێك دەستەواژەدا کە پێشتر لەوەرگێڕاندا بەکار نەهاتبوون. هەڵبەت نووسەرێکی تریش هەوڵیدا لەوەرگێڕانەکانیدا شتی ئێرانی بەکار بێنێت، ئەویش محەممەد عەلی جەمالزادە بوو، بەڵام بەو جۆرە سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا کە شاملۆ تیایدا سەرکەوتوو بوو. یانی تەنانەت دەتوانین بڵێین شاملۆ لەجەمالزادە زیاتر زاڵبوو بەسەر کەلتوور و دابونەریتی خەڵکدا. من پێموایە نووسەر یان شاعیرێکی لاو دەبێت بەسەر کەلتووری کۆمەڵگاکەیدا زاڵبێت. ئەم زاڵبوونەش بەخوێندنەوە یاخود گەڕان بەناو خەڵك و دێهات و شوێنە جیاوازەکاندا دروست دەبێت. پێویستە نووسەرێکی لاو وتووێژی خەڵك لەدەفتەرێکدا بنووسێتەوە و هەمیشە پێی بێت، بۆ ئەوەی لەبیری نەچێتەوە، چونکە رەسەنایەتییەکی سەیر لەم گفتوگۆیانەدا هەیە. ئێمە ئەگەر زۆریش فشار بۆ خۆمان بێنین و بیر بکەینەوە لەکاتی نووسیندا ناتوانین بگەینە ئەم رەسەنایەتییە. بۆیە من بەرەو لای ئەفسانە و پەندی پێشینان چووم. کتێبی ئەفسانە

و پەنـدە کوردییـەکانم بـۆ یەکـەمجار لەکرماشـان کـۆکردەوە. دەڵـێم یەکـەمجار چـونکە بەڕاستی بـەر لـەمن کـەس نـەیکردوە، پاشـان ئـەو فەرهەنگـە گەورەیـەم بەیارمـەتی رەزا خەندان (مەهابادی) ئامادە کرد کە بیست بەرگە. ئەم کـارەم تـەنها لەبـەر ئـەوە کـرد کـە سەرنجی نووسەرانی لاو بۆ ئەوە رابکێشم کە جگـە لەخوێندنـەوەی کارەکـانی شـاملۆ کـە زاڵیان دەکات بەسەر کەلتوور و زمانی فارسیدا، ئەفسانەکانیش بخوێننەوە.

***هونـەری رۆمـان هونـەرێکی مۆدێرنـە، بـەڵام لـەناو ئێمـەدا زیـاتر ئەقڵییـەتێکی وەرزێری و کشتوکاڵی زاڵە، پێتوانییە نووسراوەکانی ئێوەش لەم چوارچێوەیەدان، ئایا هیچ هەوڵدانێک هەیە بۆ تێپەڕاندنی ئەم دۆخە؟**

– سەیرکەن زۆربەی فەزاکان هی گوندە بەڵام "اب شوران" فەزایەکی شاری هەیە، من جیاوازم لەو کەسەی لەگوند لەدایك بووە، چونکە من لەشار لەدایك بووم ئـەو چـیرۆکانەی کە پەیوەستن بەگوندەوە دەگەڕێنەوە بۆ ئەو ساڵانەی لە(گیـانغرب) مامۆسـتا بـووم. مـن گونـدەکانی گیـانغربم لەنزیکـەوە بینـی هەڵبـەت ژیـان و بەرهـەمی سـەمەدی بهرەنگـی و چـاوپێکەوتنم لەگەڵیـدا بـووە هـۆی ئـەوەی روبکەمـە کێشەکانی گونـدو بیرەوەرییـەکانم لەگونـد بەشـێوەی کورتـە چـیرۆك بنوسمـەوە. لـە(سـالهای ابـری)یـشدا هـەم فەزایـەکی دێهاتیانـە هەیـە و هـەمیش فەزایـەکی شـاری، لەشـارەوە دەسـت پێـدەکات بـەڵام لـە یادگارییەکانی باوکم و باپیرم و ئەوانە دەچینەوە ناو گوند.

*** بۆچوونێـک هەیـە دەڵێـت رۆمانی درێـژ چیتر خوێنـەری نییـە و ناتوانێ کاریگـەری هـەبێت، بەتایبـەت دوابـەدوای دەرکـەوتنی سـەتەلایت و ئەنتـەرنێت، لەکاتێکـدا ئێـوە لەچیرۆکی کورتەوە روتان کردۆتە رۆمانی درێژ.**

– لە دنیادا کەسانێکی کەم هەن تەنها کورتە چیرۆك بنوسن. چیخۆف، ئیـدگار ئالـەن پـۆ و لەمدواییانەشـدا رایمۆنـد کـارڤێرە کـە ئەمانـە رۆمانیـان نەنوسـیوە و تـەنها کورتـە چیرۆکیان هەیە،بەڵام با ئەوەمان بیر نەچێت کە زۆربـەی هـەرە زۆری نوسـەرانی دنیـا بـۆ نموونە گابریـەل گارسـیا مـارکیز لەکورتـە چیرۆکەوە دەسـتیان پێکـرد، هەڵبـەت مـارکیز بەرۆژنامەوانی دەستی پێکردو پێشی وابوو هـەر گـەنجێکی نوسـەر پێویـستە ماوەیـەك سـەرقاڵی کـاری رۆژنامـە نوسـی بێـت و ئینجـا کورتـە چـیرۆك و رۆمـان. ئەمـە بەگـشتی چارەنوسـی هـەموو نوسـەرێکە. منـیش کورتـە چـیرۆکم دەنوسـی و پـاش ماوەیـەك بـیرم

کردەوە کە ئەو بابەتـەی هەڵمبـژاردووە بـۆ رۆمانێـك دەسـتدەدات، بـەڵام سـەبارەت بـەو بۆچـوون و بەیانانـەی کـە سـەردەمی فـلان و فیـسار بەسـەر چـووە یـاخود ئـەم شـێوازە لەئەدەبیات باوی نەماوە، بەبڕوای من لەجێدا نین و دوورن لەڕاستی. بـەر لـەوەی "دۆنـی ئـارام"ی میخائیـل شـۆلۆخۆفیش خـەڵاتی نوبـڵ وەربگرێـت، ئـەمجۆرە قـسانە دەکـرا و دەیانگووت (مەرگی رۆمان) و ئیتر هەموو شتێك تەواو بوو. وەلێ دیتمـان درێـژەی هەیـە. تا کاتێك ژیان بەردەوام بێت، بەرهەمە هونەرییـەکانیش بـەردەوامن. دیـارە گۆڕانکارییـان بەسەردا دێت چونکە شعووری خەڵك دەچێتە سەر. لەرۆژی ئەمڕۆدا بەڕاستی نووسین زۆر ئەستەمە. ئەگەر نووسەرێك خـۆی نـوێ نەکاتـەوە، بـەردەوام موتـاڵای نـەبێت، ناتوانێـت لەگەڵ ئـەم رەوتـە نوێیـەدا هاوئاهـەنگ بێـت و شـت بنووسـێت. مـن نـاڵێم شـتێکی ئـاڵۆز بنووسێت کە خەڵك لێـی تێنەگـەن، نـا، بەتایبـەت وەك نووسـەرەکانی ئێـران مەکـەن کـە چاوەڕێن یەکێك خەڵاتی نوبڵ وەربگرێت و پاشان لەچەند لاوە لاسایی بکەنەوە. لەئێرانـدا لانیکەم دەتـوانم نمونـەی دەیـان رۆمـان بێنمـەوە کـە لاسـایی (سـەد سـاڵ تـەنیایی)یـان کردۆتەوە و هیچکامیشیان سەرکەوتوو نەبوون لەریالیزمی جادووییـدا. ئێـستا بـۆ نموونـە ئۆرهان پاموك لەتورکیا کە خەڵاتی نوبڵی وەرگرتووە، بۆ بەیانی دەبینین لەئێران لاسـایی دەکرێتەوە، واتا خوڵقکـاری ناکـەن. هۆکـاری ئـەوەی ئەدەبیاتەکـەمان نابێتـە جیهـانی و لەلایەن جیهانییانەوە پێشوازی لێناکرێت و ئەوەی تەرجومەش کراوەتەوە، هـەر ئەمەیـە. چونکە خوێنەرێکی بیانی دەیەوێت ئەفراندنێك لەبەرهەمەکەدا ببینێت. کاتێك بـینی ئەمـە هەمان شتە کە مارکیز نوسیویەتی، دیارە پێشوازی لێناکات. جگە لەمانە بڵاوکەرەوەیەك چ ئێرانی بێت یان بیانی، بەتایبەت بڵاوکەرەوە بیانییەکان کە بـواری ئـابووری بەلایانـەوە زۆر گرنگە، نایەن سەرمایەگوزاری لەسەر کتێبێك بکەن کە ٤٠٠ تا ٥٠٠ دانـەی لێبفرۆشـرێ و ئەوی تری بمێنێتەوە. بۆیە کتێبەکانی ئۆرهان پامۆك کە دوانیان کراونەتە فارسـی واتـە (قلعه سفید) و (زندگی نـو) و سـەرجەم دە رۆمـانی هەیـە، وەرگێراونەتـە سـەر ٤٠ زمـانی بیانی، بەتیراژی لانیکەم پەنجا هەزار بڵاوکراونەتەوەو پێشوازی زۆر بـەرفراوانی لێکـراوە، بڵاوکەرەوەیەکی بیانی پارەکەی فڕێنادات، دەزانێت چی بکات؟ بۆیە تەئکیـد دەکەمـەوە کـە سـەردەمی رۆمـانی درێـژ تێنەپـەڕیوە و ئـەو رەقیبانـەی بـۆ بەرهەمـە نووسـراوەکان

دروستبوون وەك ئینتەرنێت، سەتەلایت و کۆمپیوتەر هیچ کامێکیان نەیانتوانیوە کاریگەرییان هەبێت لەسەر میراتی گوتەنبێرگ.

***هۆکارەکەی چییە؟**

– چونکە کە کتێبێك دەگریتە دەست بۆ خوێندنەوە، خۆت دەرهێنەری فیلمێکی کە لەبەر دەستی خۆتدایە هەر کە ماندوو بویت وازی لێدێنیت، بیردەکەیتەوە جارجارە کتێبەکە وێك دەنێیت و دەچیتە دنیای بیرکردنەوە. فیلم یاخود شتی بینراو ئەم قازانجەی نییە. ئێمە بەشتی نوسراو راهاتووین چونکە پێویستە بیری لێبکەینەوە، بەلام دەمانەوێت هەموو شتێك ببیستین بۆ نمونە بیرت دێت فلان چیکرد چی بوو... هەندێکیشی دەخەینە سەر و پێوەی دەنێین. ئەگەر سەیری فیلمێك بکەین، بەدەم گوڵە بەرۆژە تروکانەوە نازانین سەرەنجمان لەسەر گوڵەبەرۆژە بێت یان دیمەنەکانی فیلمەکە. خێرا لەپێش چاومان تێدەپەرێت و لەوانەشە رۆژێك بەبیرماندا بێت و تەواو، بەلام کتێب ئەو تایبەتمەندییەی نیە بەبروای من تا کاتێك شتێکی لەمە گرنگتر نەخولقێت هەر دەمێنێت، کەواتە رۆمان هەروا خوێنەری هەیە بەتیراژێکی زۆرە. نمونەی ئۆرهان پامۆك دێنینەوە چونکە تازە ئەمساڵ خەلاتی نۆبلی وەرگرت، ئەوەی کە رۆمانەکانی بەتیراژی پەنجا هەزار و سەد هەزار بلاو دەبنەوە باش پێمان دەسەلمێنێت رۆمان هێشتا زیندووە.

*** سەبارەت بە ئۆرهان پامۆک پێتوانییە بەجیهانبونی ئۆرهان پامۆک و بەخشینی خەلاتی ئەدەبی نۆبڵ بەو نوسەرە بەجۆرێک پەیوەست بێت بەهەندێک بێنە و بەرەی سیاسییەوە؟**

– ئەم قسانە بۆ (پاسترناك)یش هەڵبەستران، بەتایبەت بۆ کتێبەکەی "دکتۆر ژیڤاگۆ". تەنانەت سەبارەت بە شۆلۆخۆفیش هەمان بۆچوون هەبوو، چونکە (دۆنی ئارام) ئەوکتێبە بوو کەدواتر لایەنگرانی ستالین رەخنەیان لێگرت. بۆ زۆر کەسی تریش وتراوە، نا، من وابیر ناکەمەوە، زۆر نوسەر لەدنیادا بەدیدەکرێن کەبەرهەمەکانیان لاوازە و ناڕەزایەتی سیاسی دەردەبڕن بەلام دواجار خەلاتی نۆبڵ لەسەر هەندێك بنەما پێشکەش دەکرێت. ئەگەر ئەو دوو رۆمانە وەرگێڕدراوەی پامۆك بخوێنیتەوە کە باسمکرد تۆش دێیتە سەر بۆچونەکەی من و دەبینی حەقی خۆیەتی. بەلام بیرمان نەچێت دنیا پێویستی بەنوسەری ناڕازییە. واتە هەموو دنیا دەڵێن ئەو نوسەرە کە رۆماننوسە نابێت

لەمەسەلەکانی کۆمەڵگەی دووربێت. لەبەرامبەر بێ مافی و زوڵم و سێدارە کە رادەوەستێ کە لەدژی قەتڵ و عامی ئەرمەن و کورد دەبێتەوە، ئەوە نوسەرێکی حەساسە. لێرەدا دەڵێن سیاسیە، بەڵام دیارە ئەو مەسەلانە لە بەناوبانگ کردنی ئۆرهان پامۆك و هەروەها ئەوەی کەخەڵك لەکتێبەکانی بگەڕێت و تیراژی کتێبەکانی بچێتە سەر کاریگەریی هەیە و لەئەنجامیشدا راستەوخۆ کار دەکاتە سەر وەرگێڕانی کتێبەکانی بەزمانی دیکە.

*** ئاغای دەروێشیان ئێوەش نوسەرێکی خاوەن هەڵوێستن و لە بەرامبەر زۆر شتدا هەڵوێستی شەفافتان نواندووە و نارەزایەتیتان دەربڕیوە، ئایا تا ئێستا لەمبارەیەوە روبەڕوی هەڕەشەو گورەشە نەهاتوون هەروەک زۆربەی نوسەرانی خاوەن هەڵوێست؟**

– بۆچی من هەمیشە روبەڕووی هەڕەشە بومەتەوە، بەتایبەت ساڵی ١٣٧٧ کە لە کانونی نوسەرانی ئێران دوو هاوڕێی خۆشەویست و بیرمەندم لەسەر شەقام گیران و خنکێندران، ئەوە بەرنامەیەك بوو کەمنیش تێیدا بووم و دەبوو کوژرابام. بەردەوام بانگ دەکرێم، لێپێچینەوەم لەگەڵدا دەکرێت، موزاحیمەتی تەلەفۆنیم بۆ دروست دەبێت، سوکایەتیم پێدەکرێت، هەر رێگەنەدان بە کانونی نووسەرانی ئێران خۆی جۆرێك هەڕەشەیە، رێگە نادەن ئەم ناوەندە چالاکی هەبێت و لەماڵێکی بچوکدا و بەژمارەیەکی کەمەوە کاربکات. گرنگتر لەوانەش کتێبەکانم بەردەوام سانسۆر دەکرێن، بەرپرسانی سانسۆر لەلێدوانەکانیاندا راشکاوانە گوتویانە کە هەر کتێبێك بگاتە دەستمان سەرەتا سەیری ناوی نوسەرەکەی دەکەین بۆ ئەوەی بزانین کێیە دەنا لەوانەیە هەر کتێبەکانی من بەناوی کەسێکی تر مۆڵەتیان پێبدرێت بەڵام چونکە ناوی منی لەسەرە گرفتی بۆ دروست دەکەن ئەو هەڕەشانە هەن و لەو جۆرە کۆمەڵگایانەشدا ناکرێت ئاسودە بژیت، هەمیشە سێبەری ترست لەسەرە.

*** وەک کەسی یەکەمی کانوونی نووسەرانی ئێران پێتوایە بۆچی ئاستەنگ لەبەردەم کانونی نوسەرانی ئێراندا دروست دەکرێت، بۆ مۆڵەتی پێنادرێت؟**

–ـ چونکە کانونی نوسەرانی ئێران گرنگترین دروشمی دژایەتی سانسۆر و هەروەها خەباتە لەپێناو ئەندێشەو رادەربڕیندا، هەر ئەم دوانەش مەترسین بۆ سەر ئەو رژێمانەی سەرەتا بەڵێنی هاوکاری و بەڵێنی باشکردنی دۆخی بژێوی خەڵك دەدەن و پاشان

بەڵێنەکە نابەنە سەر و هەر جۆرە نارازاییەك بەم جۆرە کارنەکردن و پەیمان شکاندنیان سەرکوت دەکەن، کانونیش یەکێکە لەو دەزگایانەی نایەوێت بێدەنگ بێت لەبەرامبەر ئەم بارودۆخەدا. سەردەمانێك خوالێخۆشبوو(شاملو) کە لەوتووێژێکدا سەبارەت بە پرسیارێکی بەمجۆرە وتی: "ئەگەر مۆڵەت بدەنە کانونی نوسەران ئەمە دەبێتە سەرەتایەك بۆ سەرجەم سەندیکا و رێکخراوە سنفییەکان." کانون پێش هەموو شتێك دەزگایەکی سنفییە، دەمانەوێت لەم کانونەدا ماف نوسەر لەبەر چاو بگرین چ لەڕوانگەی سانسۆری بەرهەمەکانی و چ لەروانگەی ئازادی ئەندێشە و قەڵەم. هەروەها هەندێك بڵاوکراوە هەن مافی نوسەر پێشێل دەکەن، ئێمە چونکە بەقەڵەم کار دەکەین بتەوێ و نەتەوێ دزە دەکەینە گۆڕەپانی ئەندێشەوە، چونکە ئەوە کاری ئێمەیە. سەرو کاری ئێمە لەگەڵ کاری ئەندێشە و رادەربڕینە. کاری مە ئەوەیە سانسۆر نەبێت بۆ ئەوەی خوڵقکار بین، ئێمە سیاسی نین بەڵام هەندێکجار ناچار دەبین بکەوینە ناو ئەو سنورانەوە، بەڵام ئەوەش بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات نییە. نامانەوێت ببینە سەرۆك کۆمار. من لەوتووێژەکانمدا وتومە دەتوانم پۆلێکی ٣٠ کەسی بەڕێوە بەرم بەڵام ناتوانم قوتابخانەیەکی ٥٠٠ کەسی بەڕێوە ببەم. زۆربەی هاوڕێیانی تریشم بەمجۆرەن. ئەوانە وەك چۆن (هاوێل) لەچیك دێتە سەر کار کە نوسەرێك بوو، دەترسن لەئێرانیش شتێکی بەمجۆرە بێتە ئاراوە. بەڵام ئەمە رونادات جارجارەش کە بەناچاری موداخەلەی کاروباری سیاسی دەکەین بۆ ئەوەیە دەمانەوێت کاری کۆمەڵایەتی بکەین. دەمانەوێت کۆمەڵگا ئازاد بێت، بۆ دەسەڵات ئەم ئیشە ناکەین و دژی هێزوو دەسەڵاتین.

***تا چەند ئاشنان لەگەڵ ئەدەبیاتی کوردیدا؟**

– وەك دەزانن من لەشوێنێك ژیاوم کە ئەدەبیاتی کوردی تیایدا قەدەغە بووە و هیچ کتێبێکی کوردی نەدەگەیشتە دەستمان یان بەجۆرێك لەجۆرەکان سانسۆر دەکرا. لەو کاتەوەی کە هەندێك کتێبی کوردیم بەدەست گەیشت، دەستمکرد بەخوێندنەوەیان و بەراستی زۆر زوو توانیم پەیوەندی ببەستم لەگەڵ ئەو ئەدەبیاتەدا. ئەو کتێبانەم لەڕێی قاچاغەوە بەدەست دەگەیشت، دوای خوێندنەوەی هەندێك لە چیرۆکە کوردییەکان بۆ یەکەمجار نزیکەی بیست و پێنج نوسەری کوردم بەکۆمەڵگەی فارسی ناساند، بەمە ناڵێن خزمەتکردن بەزمانی کوردی بەڵام چونکە بەفارسی دەنوسم دەڵێن خزمەتە بەزمانی

فارسی. باشە کام لەو نوسەر و شاعیرانەی کرماشان ئەوانەی بانگەشەیان هەیە هاتوون بەرهەمی کوردییان کردۆتە فارسی کە بەتیراژێکی باش بڵاو دەبێتەوە؟ ئەو کتێبە خەریکە چاپی دووەم دەکرێتەوە، دەتوانم بڵێم دوای ساڵی ١٩٩١ ئاشنای ئەدەبیاتی کوردی بووم.

***بەپێی ئەو ئاشناییەتان، بەبڕوای ئێوە ئەدەبیاتی کوردی چۆن دەتوانێت ببێتە ئەدەبیاتێکی جیهانی؟ ئایا ئەو ئاستەی هەیە؟**

*ئەدەبیاتی کوردی خەریکە دەبێتە ئەدەبیاتێکی جیهانی. هەندێك نوسەری باش وەك شێرزاد حەسەن و بەختیار عەلی و فەرهاد پیربال و زۆر نوسەری ترهەیە. ئەمانە لەژێر سێبەری دیکتاتۆریەتی سەدامدا نەبوون و لەدەرەوەی وڵات کاریان کردووە، واتە زەمینەی فەرهەنگیان هەبووە و لە دەرەوە پتەوتریان کردوە بەشێوەیەك کە ئێستا بەرهەمی باش پێشکەش دەکەن و بەرهەمەکانیان وەردەگێڕدرێت، ئەدەبیاتی کوردی خەڵاتی نێونەتەوەیی وەرگرتووە، با لەبیرمان نەچێت لەئێراندا جگە لە سادقی هیدایەت هیچکەس خەڵاتی نێو نەتەوەیی وەرنەگرتووە. ئەوەش خۆشبینم دەکات. ئۆرهان پاموکیش سەرەتا خەڵاتەکانی بەر لەنۆبڵی بردۆتەوە، کوردیش زۆر قۆناغی بڕیوە. دەمەوێ بڵێم تەنها بەرهەم رۆڵ نابینێ بەڵکە خەڵاتەکان رێگە بۆ خەڵاتی گەورەتر لەخۆیان خۆشدەکەن. خەڵاتی وەك بۆکێر، پۆلیتزێر، بونکوور و پاشانیش نوبڵ. من زیاتر ئومێدم بەئەدەبیاتی کوردی هەیە تا فارسی، چونکە سیمای نوێیان تێدا دەبینرێت و رۆژانە خۆیان نوێ دەکەنەوە. بەڵام نووسەرانی لاوی کورد بەداخەوە لەگەڵ کێشەی جۆراوجۆردا رووبەڕوون. من ئەم رۆژانە بیستم کە لەئەدەبیاتی کوردیدا داستایفسکی وەرنەگێڕدراوە و تازە بەتازە تاوان و سزا دەکرێتە کوردی، ئێمە لەئێراندا ٤٥ ساڵ لەمەوبەر تاوان و سزامان خوێندۆتەوە، ئەمە زەبرێکی گەورە لەنووسەری لاوی کورد دەدات. شەڕ و ئاشتی تۆلۆستۆی نەکراوە بەکوردی، ئەمە کارەساتێکی گەورەیە. بەبڕوای من دەبێت هەموو کوردێك یەك دوو زمان فێربێت بۆ ئەوەی راستەوخۆ بەرهەمی کلاسیکی جیهانی و بەرهەمەکانی نۆبڵ بخوێننەوە ئەمە کێشەی سەرەکییە کە هیوادارم چارەسەر بکرێت بەرپرسانیش دەبێت دەزگایەك دروست بکەن بۆ ئەوەی بەرهەمە

بیانییـەکان وەربگێڕدرێـت، سـەرمایە گـوزاری لەسـەر بکرێـت ئـەو کەسـانە کۆبکەنـەوە کەلەگەڵ زمانە جیاوازەکاندا ئاشناییان هەیە.

*** وەکو نوسەرێک پێتان وایە نوسەر دەبێت ئیلتیزامی هەبێت؟**

– هـەموومان سـەبارەت بەدەوروبـەری خۆمـان ئیلتیزامـمـان هەیـە، بـۆ نمونـە پۆسـت مۆدێرنەکان کـە هـیچ شـتێك بەلایانـەوە گـرنگ نیـە و راسـت و چـەپ پێدادەدەن و ژیـان بەلایانەوە گاڵتەیە، تەنانەت ئەوانیش درۆ دەکەن، خۆشیان پابەندی پۆست مۆدێرنتـەن.. چۆن دەکرێت مرۆڤێکی بێ بەرپرسیار لـەم جیهانـەدا بـوونی هـەبێت، ئەگـەر پابەنـد نـین بۆچی ئیلتیزامیان هەیە بۆ بنەماڵە؟ بۆچـی شـەوانە دەچـنەوە مـاڵی خۆیـان؟ هەرچـەندە دەڵـێن پێویـستە ئەمانـە وەلا بنـرێن بـەڵام دیسانیش نـاتوانن چـونکە لـەم کۆمەڵگایـەدا دەژین. ئەگەر راسـتدەکەن بـا لەنانەواخانـە نـان نـەکڕن، ئەگـەر راسـتدەکەن بـا میـوە و خواردنی دەوروبەریان نەخۆن. ئەمانە هـەمووی جۆرێکن لـە ئیلتیـزام بـۆ مـرۆڤ، کەسـێك ئەمانە مەسرەف دەکات ناچارە پابەندی هەنـدێك شـت بێـت. ئەگـەر راسـتدەکەن بابچنە شوێنێك کەهیچ کەسی لێ نییە بـابزانم دەتـوانن وەکـو (رۆبینـسۆن کـرۆزە) بـژین، ژیـانی رۆبینـسۆن کـرۆزە نیـشانیدا ئـەو مرۆڤـەی پێـشتر لەگـەڵ کۆمەڵگاکەیـدا ژیـاوە ناتوانێـت بەتەنهایی بژی.

*** من زۆر جار بیستومە کە ئێوە لەگەڵ (سەمەد بێهرەنگی) بەراورد دەکەن ئایا ئەم بەراوردە لەو رووەوەیە هەردوکتان فارس نین و بەفارسی دەنوسن یاخود لایەنی فۆرم و ناوەڕۆکیش دەگرێتەوە؟**

– لەوانەیە گـرینگترین مەسـەلە ئـەوەبێت کـەمن زۆر کاریگـەری سـەمەدی بێهـرەنگیم لەسەرە ئەوەی راستبێت مـن لەتەمـەنی ٣٣ دەسـتم بەنوسـین کـرد یـانی لەڕوانگـەی زۆر کەسـەوە درەنگـە چـونکە دەڵـێن دەبێـت لـە پـانزەو شـانزە سـاڵییەوە بنوسـین، مـن لەلایەکەوە زۆر رارا بووم لە چاپی کتێبەکانم، لەدوو زانکۆ یەکیان دانشسەرای باڵای تاران و ئەوی تریشیان دانیشگای تاران تا فەوقی لیسانس دەرسم خوێندووە و دەبێ ئـەوەش بڵـێم کەنوسـەرانی ئێمـە ئەگـەر هەوڵبـدەن لـە شـارە گـەورەکان بـژین قازانجیانـە، هەڵسوکەوتەکان زۆر گرنگن پێشتر (ئەمیر حسین ئاریانپور و جەلالی ئالی ئەحمەد و سیمین دانیشوەر) مامۆستای زانکۆ بوون، دەکرا سـود لەمانـە ببیـنین ئەوانـە کاریگـەری زۆریـان

هەبوو لەسەر من، جگە لەوە من و سەمەدی بێهرەنگی ژیانێکی وەك یەك ژیاوین، کاتێك لەگەڵ سەمەدی بێهرەنگیدا ئاشنا بووم سەرەتا کتێبی منداڵانم نووسی، وەك ئەو. من هەرچەند ناگەمە ئاستی ئەو بەڵام ئەویش لەبنەماڵەیەك ژیا کە وەك بنەماڵەی من بوو. هەر لەو تەمەنەی مندا رۆیشتە دانیشسەرا. من رۆژنامەی دیواریم دروستکرد، ئەویش دروستیکردبوو. ئەو بوو بەمامۆستا، منیش لەکوردستان مامۆستایەتیم کرد. ئەو چوو بۆ زانکۆ، منیش هەروا. ئەو بەو شێوەیە لە"ارس" کوژرا، کە بەداخەوە من زیندووم. (بەپێکەنینەوە)

***هیوادارین هەر تەمەندرێژ بیت، مامۆستا پێتوایە لەکوردستاندا چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی گوڕوتینێکی زیاتر بدرێت بەرەوتی فەرهەنگی و ئەدەبی؟**

– راسپاردەم بەتایبەت بۆ نووسەران و شاعیرانی لاو ئەوەیە فەلسەفە بخوێننەوە. "جیهانی سۆفی" بخوێننەوە. بەتایبەت ئەوانەی ئاشنا نین لەگەڵ فەلسەفەدا. چێژەکانی فەلسەفەی دۆرانت، مێژووی فەلسەفەی رۆژئاوا هی راسێل. بەدوای ئەمانەدا ئیتر دەکەویتە ناو فەلسەفەوە، چونکە هەر یەك لەمانە کۆمەڵێك سەرچاوەیان هەیەو سەرەتایەکن بۆ کەوتنە ناو جیهانی فەلسەفەوە. نووسەری ئەمڕۆکە پێویستە کتێبی "سەد ساڵ چیرۆکنووسی" بخوێنێتەوە، لەئەدەبیاتی کوردیدا ئەو شتانەمان نییە کە پێش مەرجن بۆ کاری نووسین و کاری ئەدەبی. بەمدواییانە من و رەزا خەندانی مەهابادی هەندێك کتێبمان ئامادە کردووە کە بەرگی شەشەمی وا لەژێر چاپدایە بەناوی "چیرۆکە خۆشەویستەکانی من"، کە چیرۆك و رەخنەی چیرۆکە بەشێوەیەکی تێروتەسەل. شاعیرە لاوەکان دەبێت حەتمەن کتێبی "مێژووی راڤەیی شیعری فارسی"ی شمس لەنگروودی بخوێننەوە. ئەمانە هەمووی یارمەتیدەرن. مێژووی شیعرو ئەدەبی خۆتان بنووسنەوە بۆ ئەوەی هەموو کەسێك بتوانێت سوودی لێ ببینێت.

***وەک دوا پرسیار ئەگەر باس لەئەزموونەکانی رابردووی خۆت بکەیت، چۆنی باس دەکەیت، ئەی ئەگەر بتەوێت ئەمانە بگوازیتەوە بۆ نەوەیەکی نوێ؟**

– من بەدرێژایی ژیانم تێگەیشتم پێویست بوو ئەم کارەم بکردایە، بەمجۆرە بەرێدا برۆیشتمایە، بەگوێرەی ئەو بارودۆخەی هاتۆتە بەردەمم، ئاوا بژیمایە. بەگوێرەی ئەزموونەکانم، پێموایە نابێ هیچ بەربەستێك هەبێت، تێگەیشتم نابێ دوور بم

لەگۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگا. لەدنیای ئەمڕۆدا ئایدیۆلۆژیا گرنگ نییە، دنیایەکی فرەڕەنگییە. ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەت ناتوانێ بەسەر جیهاندا حوکم بکات. پێموایە سەردەمی ئەمە نەماوە. ئێستا پێویستە هەموو بیروبۆچوونەکان لەسەر یەك کۆببنەوە. حکومەتێکی وەك ساندنیستەکانمان هەبێت کە هەر مرۆڤێك بتوانێت لەمەجلیسەکەیدا بەشدار بێت. لاوان پێویستە بیر لەمە بکەنەوە. شێواز و سەبکی جۆراوجۆریش بەتاقی بکەنەوە، من قەت لەدژی ئەوە نیم لاوێك کار لەسەر پۆست مۆدێرنە بکات، چونکە من لەژیانمدا دژی سانسۆڕ بووم و پێموایە دەبێت ئەندێشە ئازاد بێت. بەڵام نابێت بەردەنگی خۆیان فەرامۆش بکەن. ئەگەر بۆخۆیان دەنووسن، با بەرهەمەکەیان هەر چاپ نەکەن. ئۆرهان پاموك پۆست مۆدێرنە، بەڵام گێڕانەوەکانی تا دوایی بەدوای خۆتا ڕاتدەکێشێت. تا کتێبەکانی نەخوێنیتەوە، وازی لێناهێنیت. من خۆم لەڕێگەی خوێندنەوەی چیرۆکەوە بوومە چیرۆکنووس نەك لەڕێگەی خوێندنەوەی فەرمۆڵەکانی چیرۆکنووسین. ناڵێم ئەوانە نەخوێندرێنەوە. دواجار منیش خوێندمنەوە. بەڵام مرۆڤ بەمجۆرە خۆی شتێکی نوێ دەدۆزێتەوە، تۆ ئەگەر شتێك بدۆزیتەوە چێژێکی تایبەتی هەیە و هێزی بیرکردنەوەت دەباتە سەر. من ئەوەندەم چیرۆك خوێندەوە تا شێوازەکانی چیرۆکنووسینم بۆ دەرکەوت. بۆیە هەموو شتێك لەئەنجامی هەوڵدانەوە مەیسەر دەبێت.

*زۆر سوپاس بەڕێز ئەشرەفیان.

– منیش سوپاستان دەکەم.

**پرینسیپی ئاسانگەرایی بینراو**

ریچارد سۆرمان

هەندرێن

**جۆرەکانی ئەدەبیات**

زێنەب یووسفی

**تیۆری دەوڵەتی مۆدێرن و شەڕی دژ بەیەک (گشت بەگشت)**

تۆماس هابرماز

رەفعەت مورادی

**لۆتریامۆن... نوێخوازیی شیعرو تینووێکی وێرانکەر**

هاشم ساڵح

کەریم مەلا



# وەرگێڕان

# پرینسیپی ئاسانگەرایی بینراو

ن: ریچارد سۆرمان*

و. لەسویدییەوە: هەندرێن

**بینراوە نەبینراوەکان**

**سەختییەکانی خوێندنەوە**

ئیـشکالیەتی سـەرەکی بینـراوە، نـەبینراوەکان، یـان بەرچـاوە سـەختەکانی دەق لەوەدایـە کـە زۆرجـار بینـراوە سـادەکان ئەوەنـدە سـەخت نیـشان دەدرێـن کـە نـاتوانین بەشێوەیەکی ئاسایی بیانبینین، بەمانایەکی دیکە لەبەر ئەوەی پێمانوایە هەمیشە دەبێت خوێندنەوە هەڵگری مەرجێك بێت کە بەمەرجی کەشفکردن ناسـراوە، یـان گـەڕان بـەدوای شـاراوەکان، بۆیـە بـەردەوام بـەئاڵۆزیو سـەختی بەدوایدادەچـین، بـەڵام گـەڕان بـەدوای شاراوەکان چۆن دەخرێتـە پـێش بینـراوە سـادەکان؟ چـۆن بـەر لـەوەی شـتە سـادەکان ببینیت دەتوانیت بەدوای نەبینراوەکاندا بگەڕێیت؟.

گـرفتی ئـەو تەماشـاکردنە لـەوێوە دێـت کـە بـەر لـەوەی گوتراوەکـان ببـینی هـەوڵی دۆزینەوەی نەگوتراوەکان بدەیت، بـەر لـەوەی قـسەت لەسـەر شـتە بەرچـاوەکان هـەبێت بەرەو کاکڵو قووڵایی شۆڕ بیتەوە.

(پرنسیپی ئاسانگەرایی بینـراو) وتـارێکی بـەپێزی رەخنـەگر (ریـچار سـۆرمان)ە، کـە هەندرێن لەسویدییەوە کردوویـەتی بـەکوردی، لـەم وتـارەدا بەشـێوەیەکی نـوێ لەڕێگـەی کورتە چیرۆکی (نامـە دزراوەکـە)ی (ئادگـار ئـالان پـۆ) بـاس لـەو ئاڵۆزییـەی خوێندنـەوە کراوە، پرسی ئەو خوێندنەوەیە لەو ئاسانکارییەوە دێت کە نامەکەی پـێ شـاردراوەتەوە، بەڵام پۆلیسەکە بەشـێوەیەکی زۆرسـەخت دوای دۆزینـەوەی نامەکـە کـەوتووەو لەهـەوڵی کەشفکردنی نهێنی شاردنەوەدا خـۆی دووچـاری شـپرزەیی‌و ئـاڵۆزی کردۆتـەوە، پێیوایـە بۆئەوەی نامەکە بدۆزێتەوە، دەبێت بەشێوەیەکی زۆرسەخت خۆی سەرقاڵ بکات.

لەوتاری ناوبراودا دەشێت رستەی (سەختیەکانی دەق هەمیشە لەوەدایە کە بتوانین ئەوەی زۆر ئاشکراو بەرچاوە ببینین) رستەیەك بێت کاکڵەی مەبەستی ئەو خوێندنەوەی لەخۆیدا حەشار دابێت، چونکە جوانی دەق لەوەدایە کە ماناو دەلالەتە نەگوتراوەکان بەشێوەیەك بخاتەڕوو کە بشێت هەم تا سنووری سادەیی بەدوایدا بچین، لەلایەکی دیکە تاسنووری سەختییو ئاڵۆزی بەدواداچوونمان بێئاکام نیشانبدات. بەدواداچوون تا ئەو سنوورەی کە سادەیی رابەرایەتیمان دەکات لەوێوە دێت کە خوێنەر بەرلەوەی بیر لەمەرجەکانی ئاڵۆزییو شاردنەوە بکاتەوە، بیر لەئێستای بینینو ئێستای جوانییو خەیاڵو ئێستای چێژ بکاتەوە، بەرلەوەی بیر لەباگکراوەندی مەعریفیو فیکریو رۆشنبیریی دەقو نووسەر بکاتەوە جۆرێك لەشەفافییەت لەگەڵ ساتەوەختی خوێندنەوە دابمەزرێنێت، بەرلەوەی خۆی بەباگکراوەندە رۆشنبیرییەکان شپرزەبکات، چۆن ئێستای خۆی دەبینێت وا بەدوای شتەکاندا بچێت، چونکە ساتەوەختی خوێندنەوە ساتەوەختێکی جیاوازەو تەجاوزی هەموو ساتەوەختە بەسەرچووەکان دەکات، هەموو گەڕانەوەیەك بۆ دواوە، دواجار گرفتی خوێندنەوەی لەخۆدا هەڵگرتووەو جیاوازییەکانی ساتەوەختی ئێستای بینینو بیستنو بەدواداچوون بەرەو ئیشکالییەتی جۆراو جۆر دەبات.

عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا

***

دەکرێت بنەمایەکانی ئەدەب پەراوە بکرێت، تاکو تێبگەین کە دەقێك گوزارشت لەچی دەکاتو واتاکانی چین. ئەوە "داستانبێژ"ی بەرهەمێکە کە نیشانمدەدا دەقێك گوزارشت لەچی دەکات – واتاکانی چین پاشان ئێمە دەتوانین بەشێوەی جودا ئەو دەقە فامبکەین.

سەختییەکانی دەق هەمیشە لەوەدایە کە بتوانین ئەوەی زۆر ئاشکراو بەرچاوە ببینین.

رەنگە جێگەی بایەخ بێت لەوە بهزرین کە هەندێکجار، لەبنەمای ئەوەوە کە شتێکی زۆر ئاسان بێت، سەخت نەبێت لەدەقێکی ئەدەبیی، کارێکی هونەریی یان لەفیلمێکدا شتێکی کاکڵەیی بدۆزینەوە. دەکرێت شتەکان بێڕادە بینراو بن، تاکو چاو تۆماریان بکات.

ستانلی کاڤێل لەکۆوتارەکەیدا "دەبێت ئێمە مەبەستمان ئەوە بێت Stanley Cavel فەیلەسوفی ئەمریکیدا دەنووسێت لەنێو لێکۆڵینەوەی ئەدەبدا دۆزینەوەی Must we mean what we say/?"کە دەیلێین.

سەختییەکە بەسووکی سەیر دەکرێت. مرۆ وەك خوێنەرێك کە داخوازی زۆر لە (the obvious)روونی دەقێك دەکات یان بەهۆی ئەوەی کە پێیوایە کە ناوەڕۆکە گەوهەرییەکانی وەك مەرجێك دەبێت سەخت، ئاڵۆز یان حەشاردراو بێت، بەئاسانی تووشی هەڵە ببێت.

ئەو بیرۆکەیە بەشێوەیەکی وردبینانە لەچیرۆکەکەی ئێدگار ئالان پۆ "نامە دزراوەکە"وە، لە١٨٤٤، بەگۆ هات. وەزیرێك لەحوکمەتی فەرەنسیدا نامەیەکی دەکەوێتە بەر دەست کە ناوەڕۆکەکەی زانیارییەکی زۆر ئابڕووبەری لەسەر شاژنی فەرەنسیدا بەخۆوە گرتبوو. ئێستا وەزیرەکە بۆ ئەوەی دەستکەوتی سیاسیی دەستەبەر بکات نامەکە بۆ مەبەستی فشار بەکاردەهێنێت. پۆلیسەکە دەزانێت کە هەتا ئێستاش وەزیرەکە خاوەنی نامەکەیە چونکە هێشتا ناوەڕۆکەکەی بۆ گشت ئاشکرا نەکراوە. هاوکاتیش مرۆ لەو روانگەیەوە پێیوایە کە هێشتا وەزیرەکە لەماڵەکەیدا نامەکەی هەڵگرتووە، چونکە ئەو دەسەڵاتەی کە نامەکە دەیدات ئەوە پێشمەرجێکە کە ئەو دەتوانێت نیشانیبداو ناوەڕۆکەکەی بەکۆپلەیەکی زۆر کورت بکاتە شتێکی گشتی. لەکاتی شەودا بەنهێنی بەوردەکارییەکی زۆرەوە تەواوی گۆشەکانی مەڵەکەیان پشکنییەوە. تەنانەت لەناو قەنەفە، کتێبو پشت کارتۆنی دیوارەکە گەڕان نامەکەیان هەر نەدۆزییەوە. کەواتە دەبێت نامەکە لەماڵەکەی ئەو بێت، بەڵام وێدەچێت مرۆ هەرچەندە بەدوایدا بگەڕێت نەدۆزرێتەوە. پۆلیسەکە وەك دوا رێگا روو دەکاتە هەڵێنجانەکەی ئۆگۆست دوپین.

بۆ پۆلیسەکە ئەمە هەڵگری بیرۆکەیەکی تەواو نەوازەیە، کە هەندێکجار سەختی کێشەیەك دەکرێت بریتی بێت لەئاسانییەکان. ئۆگۆست دوپین پێی دەڵێت، کە مەتەڵی چارەکردنی ئەوە رەنگە زۆر بەڵگەنەویست بێت بۆ ئەوەی پۆلیسەکە نامەکە ببینێت. واتا دوپین لەمەسەلەی وەزیرەکە ئاگادارەو دەشزانێت کە کەسێکی زۆر زرنگە. رەنگە

وەزیرەکە وای مەزەندە کرد بێت کە پۆلیسەکە ماڵەکەی زۆر بەوردی دەپشکنێتەوە، بۆیە بەمیتۆدێك نامەکە دەشارێتەوە کە پۆلیسەکە لەتوانای ئەوەدا نییە لێی تێبگات.

هەڵبەتە وا دیارە کە دوپین راستی بۆ چوو بوو. واتا ئەمە پرسیارێك بۆ خانووی وەزیرەکە دروستدەکاتو لەوێدا لەرۆژانی ئاوەڵادا سەرنج بۆ بەڵگەیەکی بەرچاوی ناگرنگی فرێدراو لەسەر مێزێکدا رابکێشرێت. دوپین رۆژی دوایی، بەو بەهانەیەی کە ئەو لەوێدا پاکەتی جگەرەکەی لەیاد کردووە، دەگەڕێتەوە ماڵی وەزیرەکە. ئەو توانی لەچاوتروکانێکدا رووی وەزیر وەربگێڕێتو بەمەش کاغەزەکە لەدەستی بستێنێتو بەیەکێکی تر بیگۆڕێتەوە. پاشان دوپین نامەکە بۆ پۆلیس رەوانە دەکاتو هاوکاتیش پسوولەی ٥٠٠٠٠ فرانسس زامن بکات. کەواتە پۆلیسەکە، لەسەر ئەو بنەمایەی کە مرۆ پێی وابوو نامەکە حەشار دراوە، نامەکەی نەدۆزییەوە.

"نامە دزراوەکە" دەقێکە کە هەندێکجار لەناوکۆیی تیۆریی ئەدەبیدا ئاماژەی بۆ دەکرێت. ئەمەش بەزۆری بەندە بەخوێندنەوەیەك لەمەڕ چیرۆك کە دەرونشیکاریی فەرەنسی ژاك لاکان لەیەکێك لەکۆڕەکانی ئەنجامیدا، کە بەشێوە دەربڕینێکی تایبەت باس لەزمان دەکات (واتا نامەکە دەبێتە هێمایەك بۆ پیت، زمان) باڵادەستی بەسەر مرۆڤەوە، هەڵبەتە دەقەکەی لاکان بۆ خوێنەرێکی سادە لەتێگەیشتن بەدەرەو راستییەکەی هێندەش پەیوەندی بەو بیرۆکەوە نییە کە ئێدگار ئالان پۆ دەخوازێت رایبگەیەنێت.

بەلای کەمییەوە بۆ ئەدەبناسێك دوو چەشنە تێگەیشتنی لەچیرۆکەکەی ئالان پۆ هەیە کە باسی لێوە بکرێت. یەکەمیان ئەوەمان بەیاد دێنێتەوە کە لەهەموو لێتۆژینەوەیەکدا خولیایەکی سروشتی هەیە کە مرۆ چەقی لەسەر ببەستێت کە کراوەو ئاشکرا نییە. دەخوازم بڵێم کە لەخودی لێتۆژینەوەدا گەوهەرێك هەیە کە پیادەکارەکان بەدوای ئەو شتەی کە پەنهانە دەگەڕێن، دەکۆڵنەوە. ئەرکی لێکۆڵەر ئەوەیە کە ئەوەی واقیعیو راستییە لەمدیوی روونییەکی گۆڕاودا دەستنیشانبکات. هەڵبەتە ئەمە شتێکی لەبارەو لەبنەڕەتیشدا پرینسیپێکە ناکرێت پشتگوێ بخرێت،وە لێ کێشەکە بۆ ئەدەبناسێك ئەوەیە کە کرۆکی بیرۆکەی دەقێك یان فیلمێك مەرج نییە شاراوە بێت بەڵکو دەشێت وەك نامەی چیرۆکەکەی ئالان پۆ زۆر راشکاو بێت. هاوکاتیش لێرەدا ئەوە مانای پەنهانی یان

سەختی تێگەیشتینیش دەگەیەنێت. واتا وێڕای ئەمەش کە ئێمە ئەوەی کە ئاشکرایە لەدەقەکەدا ببینین‌و درکیش بەئامادەییەکانی بکەین، کە دەکرێت بڕوا بەخۆمان بێنین کە ئەوە شتێکی بەهادار نییە کە خۆمان پێیەوە خەریك بکەین، ئەمەش چونکە بەلامانەوە دەقەکە هێندە ئاوەڵایەو هاوکاتیش "روون"و "بەڵگەنەویستە".

لێرەدا مرۆ دەتوانێت لەچیرۆکی ئالان پۆ دا خوێندنەوەیەك بۆ ئیشی گەڕانی پۆلیسەکە لەناو کتێبەکانی کتێبخانەی وەزیرەکەوە بەدوای نامەکەدا بکات‌و بەراوردییەکیش لەگەڵ ئەو ئەدەبناسانەی، کە لەبری ئەوەی رۆبچنە ناو ناوکۆیی، کەچی خودی دەقەکە پشت گوێ دەخەن کە لێیان چاوەڕێ دەکرێت، بکا. مرۆ پێیوایە واتاکە (پیتەکە،نامەکە) لەژیانی نووسەرەکە، ژیانی کۆمەڵایەتی ، مێژوویی نووسەرەکەدا یاخود لەو ژینگە ئەدەبییەی کە بەرهەمەکەی تیادا نووسراوە، لەسەرچاوەکانی نووسەرەکە یان کەسێکی نموونەیی لای نووسەردا هەیە کە بدۆزرێتەوە، وێڕای ئەمەش زۆر بەئاسانی ئەو دەقە بەلاوە بنرێت تاکوو ئەوە نیشانبدەین کە ئەوە بۆ ئێمە شاراوە نییە. بێگومان ناوکۆیی بۆ قووڵکردنەوەی واتای دەق سوودمەندەو ئەمەش دوورە لەو شتە بەڵگەنەویستەی کە بزانین "دەق وەك خۆی" چییە، لێ دەشێت ئەمەش بۆ سەرنجکێشانمان ببێتە ئاستەنگێك کاتێك ناوکۆییەك نەك دەقێك ببێتە ئامانجێك بۆ پێشینەیەك.

دووەمیان دەمڕاستەکە لەچیرۆکەکەی ئالان پۆدا، دوپین، لەسەر ئەوە سوورە کە پۆلیسەکە توانای ئەوەی نییە کە نامەکە بدۆزێتەوە، چونکە ئەو تەنیا بەگوێرەی میتۆدەکانی خۆیەوە بەدوای دۆزینەوەی نامەکە دەگەڕا. کەواتە هەڵەی پۆلیسەکە تەنیا بریتی نییە لەوەی کە لەنامەکەڕا بڕوانێت کە دەبێت نامەکە شاراوە بێت بەڵکو هاوکاتیش بریتییە لەوەی کە لەمیتۆدە راهاتووەکانیش سوود وەرگرێت لەبری ئەوەی هەوڵبدا بەڕاستی بهزرێت. دوپین دەڵێت، وەزیرەکە لەوە تێگەیشت بوو کە پۆلیسەکە پیشەیەکی بریندارکەری هەیە کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەمانای راستی وشە نەتوانێت ئەو ئاستەنگانەی کە تووشیبووە شیبکاتەوە. پۆلیسەکە میتۆدە حازر بەدەستە لەقاڵبدراوەکان پیادە دەکات. ئەمانەش دەکرێت هەندێکجار زۆر کاریگەر بن، لێ

هاوکـاتیش دەکرێـت کارەکـە لەپۆلیـسەکە سـنووردار بکـات چـونکە ئەوانـە بـەگوێرەی پریسنیپی میتۆدەکانەوە تەنیا ئەوە دەدۆزنەوە کە حەشار دراون.

ئەگەر ئێمە بۆ توێژینەوەیەکی راڤەکاری ئەمە وەربگێڕین، هەڵبەتە ئەمە واتا کـە مـرۆ دەبێـت بـەو هـەموو شـێوەگەلە لـەمانا بڕیاردراوانـەوە سـەرهەڵبڕێت کـە دەبێـت چـی بدۆزرێتەوەو چۆنیش بدۆزرێتەوە. ئاسانە کە کاری توێژینەوە بەخاوو خلیچکیو بەهەمان پرینسپەوە بڕوات. بێگومان ئەو ریسکەی کە مرۆ هەیەتی ئەوەیە کـە مـرۆ وێدەچێت لـەو روانگانەی کە پێشتر لەبەرایڕا رەچاو کراون سەرنج بەو شتانە نەدا. مەسەلەکە ئەوەیە کە ئـەو کەسـەی مـرۆ دەیـەوێت تێبیگـات کەچـی رەنگـە ئێمـەش فریـو بـدات (وەزیرەکـە لەچیرۆکەکەی ئالان پۆ، نووسەرێکی ئەدەبناس)، کـە دەکرێـت ئـەو کەسـە جیـا لـەبڕوای خۆمان بەگوێرەی پرینسیپگەلێکی تر بگونجێو بهزرێت قبووڵی بکەین. ئەگەر ئێمە هـزری خۆمان بەتەنیا لەسەر ئەویتر پیادە بکەین، بەمەش تووشـی ئـەو ریـسکە دەبـین کـە ئـەو بیرۆکـە گرنگانـەی کـە ئـەو کەسـە پێمـان دەڵێـت لەدەسـت بـدەین، لـەبری ئـەوەی کـە بەهەستێکی ئاوەڵاوە هەوڵبدەین گوێ لەو کەسە بگرین کە ئەو چی دەڵێت.

هەڵبەتە لێرەدا ئەو مشتومڕە زۆر مەزەندەکاریانەیەو هاوکـاتیش دەبێـت وەك کارێـك بەدیقەت جودا بکرێتەوە بـۆ ئـەوەی راسـتییەکەی بپێکین. لێـرەدا ئـەوەی کـە دەتـوانین بچینە ناوییەوە ئەوەیە کە بۆ نموونە ئەویش ئەو ئاستەنگەیە کە بەڕاستی چـۆن دەقێکـی ئەدەبی بدۆزینەوە. شتێکی راشـکاوە کـە خاڵێـك هەیـە لەبـەراوردکردن لـەنێوان چـیرۆکی ئالان پۆو ئـەو توێژینـەوە راڤەکارییـەوە کـە هـەرگیز لـەبار نییـە. ئـەو نامـەی کـە دزراوە بابـەتێکی سـەلمێنراوی قبـوڵکراو دانپێنـراوە. دوپـین دەیتـوانی نامەیـەکی هاوچەشـنی نامەکەی شاژن بدۆزێتەوە، لێ راستییەکەی نامەیەکی دیکـە بـووو وێـڕای ئەمـەش رەنگـە لەڕووی سیاسییەوە سەرنجکێشیش نەبێت. کەواتە پۆلیسو شـاژنەکە دەکرێـت بێنـە نـاو رەوتەکەو جەخت لەوە بکەنەوە کە دوپین بەهەڵە نەچـووە. بێگومـان نموونـەی دەرەکـی ئەو رووداوە راستییەکە نامەکـە (پیتەکـە، واتاکەیـە) تاکـە راسـتییەکە کـە لـەناو زانـستی ئەدەبدا شیاو نییە. هیچ کەس، بگـرە خـودی نووسـەریش، بـۆ جـارێکیش بێـت ناتوانێـت ئەوە بسەپێنێت کە راڤـەکردنی دەقێـك یـان فیلمێـك تـەواو کتومـت راسـتە. ئەدەبناسـێك دەتوانێت پاساو بۆ راڤەکردنەکەی بهێنێتـەوە،دەکرێت راڤـەکردنێك لـەدەق "سـەرکەوتوو

بێ" بەجۆرێك كە ئەو تێگەیشتنە وەك ئەنجامدانێكو گرێدراو بەكەسانێكی راستینەو هاوكاتیش لەچوارچێوەی دڵسۆزیو گفتووگۆیەكی نەپساوەدا بەهایەكانیان جەختبكرێتەوە. بەڵام ئەگەر هاوكات ئەگەر مەبەستمان لەواتایەكی بێ كە دەبێ راستو دروست بێت، ئەوە هەرگیز رەوا نییە كە پێمان وابێت كە دۆزنەوەی دەقێكی "واتادار" شتێكی ئاسانە.

بەمجۆرە رەنگە كەمێك كەمتەرخەمی بێت كە ئەگەر تەنیا بڵێین كە ئێمە هەوڵدەدەین "واتا"ی دەق بدۆزینەوە. واتا دەستەواژەیەكە كە زۆر سەختە بەرجەستە بكرێتەوە، دەكرێت باشتر بێت كە دەستەواژەی "ئاخێوەر"، (داستانبێژ) پەیڕەو بكەین. داستانبێژ دەكرێت ئەوە بێت كە بەندە بەدەقەكەوە ، ئەوەی كە دەق لەسەری دەدوێو پەیوەندی پێوە هەیە. وێجا دەكرێ "واتا" بەتەرزی جودا فامبكرێت، ئەمڕۆش هیچ وەلامێكی راستو رەوان نییە كە پێمان بڵێت كتومت دەق لەچی پێكهاتووە. دەكرێت بگوترێت رێگایەكە بەرەو داستنابێژ یاخود دەكرێت بگوترێت كە واتا شێوەیەكە كە داستانبێژ بینراوو نمایشی دەكات. هاوكاتیش واتا بریتی بێت لەوەی كە ئێمە لەمەڕ داستانبێژەوە دەهزرین یان ئەو وێناكردنە بێت كە ئێمە لەسەر واتا وێنای دەكەین. هەر چۆنێك بێت رەنگە پێویستبێت ئێمە وا بهزرین كە واتا كتومت ئەوە داستانبێژگەلی بەرهەمەكەیە نەك واتاكەیەتی كە دەكرێت بۆ پێناسە كردن مەیلەو ئاسان بێت. دەمەوێت بڵێم كە هەندێك ئاسان بێت كە دەشێت پیادەكرن بەشێك لەداستانبێژە بنەڕەتییەكان لەدەقێكدا پێناسە بكات، بەڵام بێگومان پاشان دەكرێت زۆر سەختتر بێت كە بەراشكاوی ئەو واتا دەستنیشانكراوانە رابگەیەنرێت.

من خۆم وەك مامۆستایەكی ئەدەبی فەرەنسی لەزانستگای ئۆپسالادا لەژمارەیەك لەبەشە كۆرسەكاندا وەك ئەرك داوام لەخوێندكاران كردووە كە چەند جار دەقێك بخوێننەوە ئینجا بەروانگەی خۆیانەوە ئەوەی كە لەدەقەكەكاندا دیارترین داستانبێژی بەرچاون پێناسە بكەن. ئەوە بۆ من مایەی سەرنج بوو كە ئەو خوێندكارانە كۆرس بەدوای كۆرس لەپرینسپدا هەمیشە هەمان كاریان ئەنجامدەدا. شتێكی ئاسانە كە بڵێین خوێندنەوەی ئەدەب هەمیشە خوێندنەوەیەكی سۆبژە/خودییە، ناكرێت پێوانەیەكی ئۆبژە/بابەتەكی دەستەبەر بكەین بۆ ئەوەی بزانین كە دەقێك باسی چی دەكات. وەلێ

راستییەکە ئەوەیە کە ئێمە بەشێوەیەکی ڕێژەیی لەسەر ئەوە کۆکین کە دەقێك ئاماژە بەکامە داستانبێژی سەرەکی دەکات. پاشان ئێمە کاتێك کە بەواتای جودا ئەو داستانبێژانە دەنووسینەوەو لەگۆڕانگەلی جودای مێژووشدا ناوی جیاواز بەو داستانبێژانە دەبەخشین، کە ئەمانەش بۆ ئەدەب شتێکی تایبەتی نین. دەکرێ ئێمە هەموومان لەسەر ئەو شتە کۆك بین کە ئێمە ئەمڕۆ ئەوەی کە ڕۆژانە بەنەگریس ناودێری دەکەین، بێگومان کەسانێك لەکولتووره جیاوازو بەجیهانبینی جوداوازیشیانەوە بەهەمان شێوە لەو شتەی کە ئێمە بەنەگریس ناودێری دەکەینو ئەوانیش بەهەمان شێوە لەواتاکەی دەڕوانن. جیهانی ئەدەبو ئەفراندن گەلێك لەجیهانی واقیعی فرەرەهەندترەو تێگەیشتنیش لێی سەخت ترە.

بۆ ئەوەی بەنموونەیەك کۆتایی بەو باسە بێنین، ئەویش ئەوەیە، ڕۆژگارێك پێش هەنووکە مرۆ لەتێڤیێ بەرنامەیەکی دەبینی کە سەبارەت بەکارل– میشال بێلمان بوو(*) . ئەو بەرنامەیە لەروانگەی مۆدیلەکانی چەند پرۆفیسۆری ئەدەبەوەنمایشدەکرا. ئەو بەرنامەیە باسی لەستۆکهۆلمی ١٧٠٠، سەبارەت بەنموونەی ئەو کەسانەی کە فیگیورو تایبەتمەندییەکانی شیعری بێلمان بوون، دەکرد، کە ئەو بەرنامەیە دکتۆرێکی ئەلکهولی نمایش دەکرد. ڕەنگە ئەو بەرنامەیە وەك تایبەتمەندیو کارامەیی لەبێلمان ناودێر نەکرێت، لێ بەجۆرێك لەجۆرەکان زانیارییەکی قووڵی لەسەر بێلمان تەرخانکرد کە گرنگترینو یەکلاکارترین داستانبێژەکان بوون لەشیعرییەتی بێلماندا: مەستی ئەلکهولو کاریگەرییەکانی لەسەر وێنای کات لەتێگەیشتنی ئێمەدا. شیعرەکانی بێلمان بەشێکی زۆری باس لەمەستی دەکەن، کە ئەمەش دەکرێت بڵێین شتێکی "بەڵگەنەویستە"، لێ هەرچەندە ئەوە پێویستی بە"نا– پسپۆر" هەبوو چونکە ئەو بەڵگەیە دەبوو نیشان بدرێتو بەها راستییەکانی تۆمار بکرێت. بەڵام بێگومان لەشیعری بێلماندا دکتۆره ئەلکهولەکە پسپۆر بوو، چونکە ئەو کتومت لەیەکێك لەبەرچاوترین داستنابێژی شییعرەکانیدا پسپۆڕ بوو. راستییەکەی "تێگەیشتن لەشیعرێك" هەمیشە بریتییە لەوەی کە "لە داستنابێژەکانی تێبگەی" : مرۆ بۆ نمایشکردنی داستانبێژ بەپەیڤەوە دەستپێدەکاتو هاوکاتیش لەوە حاڵی بین کە ئەو دەقە "باسی چی دەکات". دواجار

ئەگەر مرۆ لەسەر داستابنێژەکە زانیارییەکەی قـوولّ بکاتـەوە هاوکـاتیش مـرۆ دەتوانێـت زانیارییەکی قوولّ لەسەر "دەق"ەکە دەستەبەر بکات.

کـارێکی سـەخت نـەبوو لـەوە تێبگـەین کـە شـیعرەکانی بێلمـان گـوزارە لەمەسـتیو کایەکانی دەکەن، لێ ئەو ئەدەبناسە پیشەکارە خۆ فێرە زانیاریی کردووانـە نـەیانخوازیی ئـاوڕ لـەو راسـتییە بەڵگەنەویـستە بدەنـەوەو گرنگیـشی پێبـدەن، بۆیـە دەسـتیانکرد بەقسەکردن لەسەر شتگەلێك کە مرۆ راشکاوانە بڵێت کە زیاتر شتگەلێکی ترۆهـات بـوون. دەشێ ستانلی کاڤێلو ئێدگار ئـالان پـۆ بیانوتبایـە کـە ئـەوە خـودی ئاسـانەکە بـوو کـە سەخت بوو. هەڵبەتە لەشیعری بێلمانـدا هـیچ نامەیـەك بـوونی نییـە کـە بدرۆزرێتـەوە، لـێ بیرۆکەیـەکی گـرنگو تـەواو راشـکاو هەیـە کـە تیایـدا رۆبـچیو گفتوگـۆی لەسـەر بکرێـت. هەنـدێجار بینـینی ئـەو شـتەی کـە بەتـەواوی لەبەرچـاوانە وەك بینـینی شـتێکی تـەواو کاکڵەییو یەکلاکەرەوە وایە. رەنگە ئەوەی کە ئەمرۆ لەزانستگاکاندا زیـاتر پێوسـت بێـت کە ئەویش کارامەییە کە دەبێت زیاتر جۆشبدرێتو پەراوە بکرێت.

١٤/١١/٢٠٠٦

ستۆکهۆڵم

*ریچارد سۆرمان دکتـۆرای لـەزمانی رۆمانیـدا هەیـە، لەزاسـنتگای ئۆپـسالا– سـوید، (Richard Sörman) وانە دەڵێتەوە.

سەرچاوە: بەشی کولتووری، شەممە ١١/١١/٢٠٠٦. Svenska dagbladet.

تێبـینی: کـارك میـشال بێلمـان شـاعیرێکی میللـی سـویدییە، لـە٤ی فێبریـوەری ١٧٤٠ لەستۆکهۆڵم لەدایك بووەو لە١٧٩٥ کۆچی دوایی کرد. شیعرەکانی زیاتر گـۆرانی ئـامێزنو گوزارە لەسەرمەستی خۆی دەکـەن. شـیعرەکانی ئاوێنەیەکـە بـۆ ژیـانی کۆمەڵایـەتی ئـەو سەردەمەی سوید. (وەرگێڕی کورد)

# جۆرەکانی ئەدەبیات
# یان ئەدەبیات و چەشنەکانی

## بەشی یەکەم

و.لەفارسییەوە: زەینەب یووسفی

### ئەدەبیاتی ئامانج شار

Utopia وشەیەکی یۆنانییەو بەمانای (هیچستانە) دەسواژەی (ئەدەبیاتی ئامانج شار) واتە شاری بیرە والآکان، کە هەر لەم وشەوە وەرگیردراوە، بەو چەشنە بەهەرمە ئەدەبیانە دەوترێت کە باسی دروستکردنی کۆمەڵگەی بیروالآ دەکەن.

یەکەمجار، ئەفلاتون فەیلەسوفی یۆنانی لەکتێبی (جمهوریەت) واتە (کۆمار)ی خۆی، بە وەسفی جمهوریە بیروالآکەی خۆیەوە، باسی ئامانج شاری هێنایە پێشەوە. سرتۆماس مور، مرۆڤگەر واتە ئۆمانیسی بریتانیایی لەچاخەی پازدەو سەرەتای چاخەی شازدە، بۆ یەکەمجار ئەم دەسواژەیەی وەکو دەسواژەیەکی ئەدەبی بەکارهێنا. مور بەنووسینی کتێبێکی داستانی، هەر بەم ناوەوە، حەزی خۆی بۆ ئامانج شاری پیشانداو بەم شێوە، ئەم دەسواژیە هاتە نێوان ئەدەبی داستانیەوە.

مرۆڤ، چیرۆکەکەی بەگێڕانەوەی ئەم رووداوە، دەست پێدەکات کە چۆن لەئامووریەتێکی سیاسی بۆ هۆڵەندا، بەهۆی هاوڕێیەکییەوە، لەگەڵ هیسلۆدی، راوی چیرۆکەکە، ئاشنا دەبێت.

هیسلودی، کە پیاوێکی زاناو ئەفلاتون ناسە، دەستدەکاتە سەفەر لەدنیاداو لەگەڵ دۆزێنەری بەناوبانگ، ئەمریکو وسپووس، کە قارەی ئەمریکاش بەناویەتی، زۆر سەفەر دەکەن و لەگەڵ رازو ئەفسانەهاێ لەبارەی هەیوولاو وەحشیەکان و هەروەها بەهەشتی زەوینی، دەگەڕێتەوە.

هیسلودی ئەڵێ، یەکێ لەو بیست و چوار دەریاگەردانە بووە کە وسپووس لەساڵی ٥٠٦ لەقارەی نوێدا، بەجێیانی هێشتووەو باسی ئەم چیرۆکەی لەکتێبەکەی خۆیدا بەناوی (چوار سەفەر) هێناوە.

مۆر لەئامانج شاردا، بەتەواوی هەوڵدەدات تابەو کۆمەڵگە خەیاڵییەی، رواڵەتێکی رەسەن ببخشێت و ئەم کارەی بەشیکرندێکی زۆرەوە، لەسەر خاڵە وردەکان و تەنانەت داهێنانی نموونەی ئەلف و بێی ئامانج شار نموونەیەکە لەشیعرکانیشیانی ئەنجام ئەدات.

بەقسەی هیسلودی، لەم سەر زەوینە، فەلسەفەیەکە جگە لە فەلسەفەی کردەیی، کە لەڕووی ئەوەوە، هیچ قسەیەك دژ بەنەزم و قانوون، ناوترێت، وجوودی نییەو بەحورمەتترین مرۆڤ، سادەترین مۆرڤەکانن، درۆزنی باونییەو زێڕو جەواهر، رازێنەرێی بێ بایخن کە وەکو کۆت و زنجیر بۆ کۆیلەکان، بەکاردێت.

کەمێ پاش لەسرتۆماس مۆر، نووسەرێکی ئیتاڵیایی، بەناوی تۆماسۆ کامیانلا، کتێبێکی هەر لەم بارەوە نووسی بەناوی (شاری هەتاو)، لەم کاتەوە لەئەدەبیاتی خۆرئاوادا، ئامانج شار، هێدی هێدی، بووتە ئاوێنەی دوو چەشنە بۆچوونی جیاواز.

لەڕووی یەکێ لەو بووچوونانەوە، ئامانج شار یامەدینەی فازیڵە، کۆمەڵگایەکی بیرواڵایەو باشستانێکە کە دەرچوونگەی جیهان بەژمار دێت.

لەڕووی بووچوونی دووهەمدا، نووسەرەکان، دووبارە سازی و باشسازی ئەو هیچستانە کە مرۆڤ لەوێدا بەجەبرەو ژیان ئەباتەسەر، دێننە پێشەوەو لەسەری ئەنووسن.

بۆچوونی ئەخیر، بەتایبەت لەچاخەی هەژدە بەرەو ئەملاوە، پەرەی سەندو بوو بەسەرچاوەی ئیلهامی بەرهەمهایێ وەکو (نێگایێك بۆ پشتی سەر) بەنووسینی ئیدوارد بەلامی، (هەواڵهایی لەهیچستان) بەنووسینی ویلیام مودریس.

لەئەدەبی فارسیدا، یەکەمین رۆمانی کەباسی ئامانج شار دەکات، وادیارە (کۆمەڵی شێتەکان)ە (١٣٠٣ش) بەنووسینی سەنعتی زادە.

نووسەر، ناوی ئەم کتێبەی لەمەسرەعێك لەغەزلێکی سەعدیەوە، وەرگرتووە کە ئەڵێت: (خەڵك مەجنوون و مەجنوونیش عاقڵە).

کورتەیەك لەو چیرۆکە ئاوایە:

(لەیەکێ لەڕۆژەکانی ئاخری ساڵ، شێتێك دەچێتە سەر دیوارێك و لەباتی دووبایە مسی، ڕۆژنامەکانی ئەو ڕۆژەو ساڵنامەکەی ساڵی نوێ لەڕۆژنامەفرۆشەکە دەکڕێت. شێتەکان لەهاتنی ساڵی نوێ، ئاگادار ئەبن و دێنە سەر ئەم رایە کە جارێ عاقڵ بـبن تا بتوانن ساڵی نوێ وەکو خەڵکانی دیکە، بەئازادی جێژن بگرن.

شەو لەڕووی نەخشەکەیانەوە، دەست و پـێ ئیشکچیەکان ئەبەستن و دێنە دەرێ و بەرەو سەحرا ڕێ ئەکەون، لەنێوان ئەواندا پیرە پیاوێکی شاد هەیە کە لە ڕۆژێکەوە هاتووەتە شێتخانەکە، قەت قسەی نەکردووەو بەپیری لاڵ ناسراوە.

شێتەکان بەهەڵتیقانەوە رادەکەن و لەنێو فەرسەخی شاردا، لەنزیکەی ماڵی دەروێشێکی عەبداڵەوە کە دەمێکە خەریکی عیبادەتە، لەکانیاوێك کۆ دەبنەوە. دەروێش بەدیتنی کۆمەڵی شێتەکان ئەترسێت و لەحێبەتدا، لەدارێك سەر ئەکەوێت، لەپڕ پیری لاڵ دێتە قسەو ئەمانە ئەڵێ: (دەرنجامەکەی ئەمەیە کە هەموو شوێنێك شێتخانەیەو ئەم کۆمەڵگەیە زیندانێکی تەنگ و تاریکە کە عەقڵەکانی بەشەری لەوێدا دیل کراون، بەڵام خودی مرۆڤەکە لەو دیلە، هەست بەزەحمەت ناکات و لەبیری ئازادیدا نییە.

سەرەڕای ئەوەش هەندێك جار مرۆڤ (هەڵبەزو دابەزێك) دەکات کە ببێتە هۆی گۆڕانی بنەڕەتی لەژیانی خەڵکداو دونیا بەرەو ئاسۆیەکی ڕووناك و پڕ لەهیوا نزیك بکاتەوە.

پیرە پیاو پاش ئەو قسانە، بەهاوڕێیەکانی پێشنیار ئەکات کە بەرەو ئاسۆ یان ئایندە ڕێکەون. پاشان بەهۆی خەونی هینپۆتیزمیەوە لەخەیاڵ و خەونی هاوڕێیەکانیدا دەس درێژی ئەکات و ئەوان ئەباتە وڵاتی ئاوەز و پێشڕەفتەکانی دوو هەزار ساڵی داهاتوویان پیشان دەدات.

ئێرە شارێکە کە ناوی نییەو هەموو وڵاتەکانی دونیا لەڕووی ژمارەوە هەڵدەبژێردرێن و وشەو ئەلف و بێی خەڵکی ئێرە، ئەوەندە ئاسان و ساکارە کە لەچەند دەقەدا هەموو شتێك بەهەمووان فێر دەکرێت، لێرە حەقیقەت و ئازادی و بەختەوەری سێبەریان داخستووەو بەهیچ جۆرێك خەیانەت ناکرێت و خەڵك لەئارامشدان و جلی ژن و پیاو یەکێکەو ئیمتیازات لەنێوان خەڵکدا نەماوەو مەردوم هەموویان ساخ و سالمن و ڕواڵەت و دەم و چاویان هەمووی پڕ بەخەندەیەو ئێرەیی بەتەواوی نابوودبووە، کەوایە خەمو خەفەت لێرە بوونی نییەو هەمووان چالاك و زەحمەتکێش و فێری وەرزشن، ئیشی

هەرکەسێ پێشووتر دەستنیشان کراوە و دائیرێك مەعموری بەرێوەبردنی هەموو پێداویستییەکانی ژیانی خەڵکە.

لەم دۆخەدا سەرۆك و فەرمانبەر هەر نەماوەو هەموو شتێکی سروشت کە بریتین لەباو باران و گەرمای هەتاوو ئاو بەزودابەزی زەریاکان و ئەوپەڕی هێزی ئەتۆم، هەموویان لەژێر دەسەڵاتی مرۆڤدایەو ئیدارەی تەندروستی تا سێ سەد ساڵ تەمەنی خەڵکی بیمە کردووە.

لێرە تەنیا خۆشەویستی و مۆحەبەت پاشایەتی دەکەن. ئێرە بەهەشتی وەعدکراوە. ساڵی یەکجار، لەجێژنی نەورۆزدا، کۆنفرانسی گشتی لەچیاکانی لۆبناندا بەڕێئەکەوێت، میلونەها کەس لەهەموو شوێنێکی دنیادا، لەو کۆنفرانسە بەشداری دەکەن و سروودی ئەوانیش ئاوەهایە:

ئێمە مرۆڤین

راستی مۆحیبەت، رەوشی ئێمەیە

زاست، نیگابانی ئێمەیە

برایەتی لەگەڵ هەمووانەدا، نەسەبی ئێمەیە

بەرابەری لەگەڵ هەمووانەدا، وەزیفەی ئێمەیە

لەوڵاتی ئاوەزدا، شێتخانە شوێنی ئەوکەسانەیە کە ئەرکێکیان گرتووتە ئەستۆو ئەرکەکەیان بەڕێ نەبردووە، یان قسەو باسێکی ناوەخت و بێ جێگەیان کردووەو گیرۆدەی وەهم و کۆن پەرەستی بوونە).

ئەم رۆمانە ناتەواو ماوەتەوە.

سەرچاوە: (لەسەبا تانیما). جلدی ٢.

وەرگێڕدراو لەفەرهەنگی دەستەواژەکانی ئەدەبی نووسەر سیماداد.

# تیۆری دەوڵەتی مۆدێرن و شەڕی دژبەیەک (گشتبەگشت)

ن: تۆماس هابز

و. لەفارسییەوە: ڕەفعەت موڕادی

بناغەی ئەم تیۆرە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەڤدەیەمو سەرەتای چاخی ڕۆشنگەریی، تۆماس هابز وەك دارێژەری ئەم تیۆرە لەفەلسەی سیاسیی خۆیدا، تێگەیشتن لەڕەوتی سیاسیی دادوەرانە بەشێوەیەکی بنچینەیی دەگۆڕێت، هابز لەگرنگترین بەرهەمی خۆی (لۆباتان) بەوردی هێڵە سەرەکییەکانی سروشتو سیماو دەسەڵاتی دەوڵەت دادەڕێژێت، هابز لەژێر کاریگەریی گەشەو سەرهەڵدانی زانستە سروشتییەکانی سەردەمی خۆی، هەوڵدەدات بەتێڕوانینی قووڵی خۆی، هەندێك ڕێساو شێوازی تایبەت بخاتە بەردەم کۆمەڵگە تابەپێی ئەو پێوەرانە مرۆڤەکان بتوانن لەسیستمێکی سایسیی بەبێ گیروگرفتو بەشێوەی یەکسان بژین، بۆ ئەم مەبەستەش سەرەتا لەڕوانگەی خۆیدا پێکهاتەی دەوڵەت بەتەواوەتی دەڕوخێت و پاشان بەلێکۆڵینەوەو ڕامان دامەزراوەکانی ئەو جۆرە دەوڵەتە سەرلەنوێ بونیاددەنێتەوە. بەڕای هابز ئامانجی هەموو دەوڵەتێك فەراهەمکردنی ئاشتیو یەکسانییە، هەربۆیە بەپێی مۆدێلی تیۆری هابز دەبێت سیستمێك بێتە ئاراوە کە ئامانجی ئەو بیرۆکەیە بێت، بۆ هابز مرۆڤ وەك کەرەستەی دەوڵەت بەشێوەی سروشتی خۆویستو لەژێر کاریگەری حەزو بێزاری خۆیەتی، هابز بەتوندی لەدژی بیروڕای ئەرستۆیە کەپێیوابوو مرۆڤ بەشێوەی سروشتی بوونەوەرێکی سیاسییو کۆمەڵایەتییەو ئەو تیۆرەش لەسەر بیروڕای تۆماس ئەکڤیندا لەسەدەکانی ناوەڕاستدا کاریگەری دانابوو و هەڵوێستی وەرگرت، لەڕاستیدا هابز بۆ ئەوەی نیشانیبدات کەمرۆڤەکان پتر لەهەر شتێك بەدوی ئامانجی خۆیانو ویستی دەسەڵاتن، دۆزی سروشتی کەدۆزی پێش دروستبوونی دەوڵەتە وێنادەکاتو خەڵك لەو دۆزەدا دادەنێت. شایانی باسە کەدۆزی سروشتی لای هابز، دەربڕی دۆزی ڕاستەقینەی ئەو سەردەمەیە کەهابز تێیدا دەژیاو شەڕە درێژخایەنەکانی پێکهاتەکانی دەروخاند؟

هابز بەمەبەستی دەرخستنی چەمکی دەوڵەت، سەرەتا باس لەمافی سروشتی دەکاتو ئـەو مافـە بـەمافی تـاکیو سـوودوەرگرتن لەدەسـەڵاتی خـۆی بـەپێی ویـستی خـۆیو بەمەبەستی پاراستنی ژیان پێناسەدەکات. ئازادیی بۆ هابز بەمانای (نـەبوونی بەربەسـتی دەرەکی)یەو پێیوایە (یاسای سروشتی) بۆمان دەردەخات کەیاسایەکی ئـەوتۆ، فـەرمانو ڕێسایەکە کەبـەهۆی عـەقڵی مرۆڤـەوە دیـاریکراوەو بـەپێی ئـەو ڕێسایە هـیچ کـەس مـافی ئـەوەی نییـە کارێـك بکـات کەببێتـە هـۆی لـەناوبردنی ژیـان یـان ئـەو کەرەسـتانەی کـە لەخزمەتی ئەودان لەناویان بەرێت، یان کەمتەرخەمی بکـات لـەکارێك کـە بـەجۆرێك ژیـانی ئەو دەپارێزێت.

هـابز جەختدەکاتـەوەو دەڵێـت خـەڵك لـەنێو (مـافـو یاسـادا) جیـاوازی دانانێـت لەحاڵەتێکـدا پێویـستە لـەنێوان ئـەم دوو چـەمکە جیـاوازیی هـەبێت، چـونکە مـاف پشتئەستوورە بەئازادیی، بۆجێبەجێکردن یان نەکردنی کارێك، بەڵام ئایا دەستنیشانکەرو فەرماندەری جۆری کارکردن یان نەکردنە. بەم پێیە جیاوازی لەنێوان (مـافـو یاسـا) وەك جیاوازی لەنێوان (ئازادییو بەرپرسیارێتی) وایە.

هابز پێیوایە کەسروشت مرۆڤەکانی لـەڕووی توانـا جەسـتەییو ڕۆحییـەکان وەك یـەك دروسـتکردووە، ئەگەرچـی جیاوازییـەکی بـچووك لەنێوانیانـدا هەیـە، بـەجۆرێك نییـە کـە یـەکێکیان لەچاو ئەویدیکـەوە لەئاسـتێکی سـەروتردا دابنێـت. بـۆ نموونـە لـەباری هێـزی جەسـتەییەوە تەنانـەت لاوازتـرین کـەس دەتوانێـت بـەهۆی فێـڵ یـان هاوپەیمانییـەوە بەهێزترین کەس لەناوبەرێت، هەر ئەم یەکسانییە سروشتییەیە کەویستو مەیلی هاوشێوە لەنێوانیاندا دروستدەکات، ئەگەر دوو کەس لەهەوڵی ئەوەدا بن کەهاوکات شتێك بەدەست بێنن، دەبنە دوژمنی یەکترو بۆ گەیشتن بەمەبەسـت هـەوڵی لـەناوبردن یـان ملکەچـکردنی ئەویتر دەدەن. هابز بـەو دەرنجامـە دەگـات کەمرۆڤـەکان لەوەتـەی بەشـێوەی سروشـتی یەکسانن مافی ئەوەشیان هەیە کە لەهـەموو جـۆرە ئیمکانیـاتو کەرەسـتەی پێویـست بـۆ خۆپاراسـتنو گەیـشتن بـە ئامـانج تێبکۆشـن، لـەدۆخی سروشـتیدا کـەهیچ شـتێك جگـە لەململانێو ڕەشبینی باڵادەست نییە، ئـەو ویـستو مەیلـە سروشـتییە دەبێتـە شـەڕی دژ بەیـەك یـان (شـەڕی گـشت بەگـشت) لـەدۆخێکی ئـاوادا هەرکەسـێك مـافی ئـەوەی هەیـە کەئەوەی بیەوێت بەدەستی بێنێت، هیچ کەس دڵنیا نییە بـەو ڕادەیـەی کەسروشـت بـۆی

دیــاریکردووه بژیــەت، کەواتــە لــەدۆخێکی ئــەوتۆدا هــیچ دەســتکەوتێکی شارســتانی بەدیناکرێتو ئەوەی دەمێنێتەوە و لەدڵەڕاوکێی بەردەوامو مەترسـی مەرگدایـە، کـەژیانی مرۆڤ کەمبایەخو فەلاکەتبارو غەیری ئینسانی دەکات.

ئاکامێکی تری (شەڕی گشت بەگشت) ئەوەیـە کـە هـیچ شـتێکی نادادوەرانـە لـەئارادا نییەو خاوەندارێتی ناتوانێت پێکبێت، چـونکە لەشـوێنێکی ئـەوتۆدا کەدەسـەڵاتی گشتی باڵادەست نەبێت، یاسابوونی نییەو کاتێك کەیاساش نـەبوو نایەکسانیو سـتەم واتایـەکی نییە. مرۆڤەکان بۆ پاراستنی ژیانیان لەهـەموو کارێکـدا ئـازادن تەنانـەت ئەگـەر پێویـست بکات فێڵو تەڵەکەو توندوتیژی بۆ ئەو مەبەستە ڕەوایە، بەڕای هـابز لـەبارودۆخی شـەڕدا (توندوتیژیو فێڵ) دوو تایبەتمەندی سەرەکیو پیرۆزە بۆ مرۆڤ، لەو دۆخـەدا کەهەرکـەس مافی ئەوەی هەیە ئەوەی پێخۆشەو حەزی لێدەکات بەدەستی بێنێت، هیچ کەس ناتوانێت خاوەنـدار بێـت، چـونکە تـەنیا خـاوەنی ئـەو شـتەیە کەلـەڕێگای هێـزو فـێڵو تەڵەکـەوە بەدەستی هێناوە، ئەو شتەش تاکاتێك بۆی دەمێنێتەوە کەلەلایەن کەسانی ترەوە داگیر نەکرێت.

بەتێڕوانینی هابز ترس لەمەرگو ئارەزووی ژیانێکی ئـارام دواجـار لـەڕێگای ئـاوەزەوە مرۆڤ بەئاڕاستـەیەك دەبـات کەبەسـەر ئـەوترسو دڵەڕاوکێیـەی کەسروشـت پێیبەخـشیوە باڵادەست بکات، مـەرجی پێویست بـۆ گەیـشتن بـەم ئامانجـە، چاوپۆیـشیکردن لـە(مـاف سروشتی)و دەسەڵاتی تاکە کەسییە بۆ خۆپاراستنو گواستنەوەی ئەم مـاف و دەسـەڵاتە بەفەرمانڕەواییەك لەڕێگای بەستنی گرێبەستێکی دەوڵەتییەوە بـەهۆی ئـەم گرێبەسـتەوە تـەواوی دەسـەڵات بەکەسـێك یـان کۆمـەڵێك کـەس دەبەخـشرێت، لەئاکامـدا بوونـەوەرێك لـەدایك دەبێـت کـەدەرەنجامی یـەکگرتویی هەموانـە ئـەم بوونـەوەرە شـتێك نییـە جگـە لە(لۆیاتان) واتە (دەوڵەتی هابزی) بەم پێیە مـرۆڤ چـیتر کەرەسـتەی سیـستمی سیاسـی نییـە بـەڵکو لەسـەرووی ئەرکـەوە خولقێنـەرو بەدیهێنـەری ئـەو سیـستمەیە. لەڕوانگـەی هابزەوە، بەخشینی مـاف بەیـەکتر هـەمان (ڕێکەوتنـە) بـەڵام ئـەو کەسـەی لـەمافی خـۆی چاوپۆشی دەکـات، کەرەسـتەی سـوودوەرگرتن لـەومافـو دەسـەڵاتەش بـەلانی بەرامبـەر دەسپێرێت، بۆ نموونە کەسێك کەئاشـێکی ئـاو دەفرۆشـێت ناتوانێـت ئاڕاسـتەی جۆگـەی ئاوی ئەو ئاشە بگۆڕێت، هـەروەها کەسـێك کـەمافی خـۆی دەبەخـشێت بەفەرمانڕەوایـەك،

دەبێت ئەو مافەش بدات کە لەهەموو ئامرازەکان بۆ فەرمانڕەوایی سوود وەربگرێت، ئەم جۆرە رەوایی وهەڵسەنگاندنی ئەو رێکەوتنە، تەنیا لەڕێگای دەسەلاتێکی رەهاو توندڕەوەوە دەستەبەر دەبێت، هابز ئەوە روونەکاتەوە کەیاسای سروشتی ئێمە ناچار دەکات کە ئەو رێکەوتنانەی کەبەمەبەستی ئاشتیو پاراستنی مرۆڤایەتی کراون جێبەجێیان بکەین، بەبێ یاسای سروشتی رێکەوتنەکان قسەی پڕوپوچو بێکاریگەرن، بەکورتی دەکرێت بڵێن کەهابز سەرچاوەی یەکسانیو دادوەری لەو یاسا سروشتییە دەبینێتەوە، ئەو شوێنەی کەرێکەوتنی تێدا ناکرێت، هیچ مافێك ئالوگۆڕ ناکرێت، کەواتە هەموو کەسێك ماف بەسەر هەموو شتێکەوە هەیەو ناکرێت بڵێی ئاکاری ئەو کەسە ناڕەواو نادادوەرانەیە، بەلام ئەگەر رێکەوتنێککرا، پێشێلکردنی ناڕەواو نادادوەرانەیە، بەمجۆرە لەپێناسەی نایەکسانیدا دەتوانین بڵێن کەنایەکسانی شتێك جگە لەپێشێلکردنی رێکەوتنەکان نییەو لەئاکامدا هەموو شتێك کەناڕەوا نەبێت، رەوایە. بۆ هابز هەرچی کاری رەواو دادوەرانەیە، بوونی دەوڵەتو یاسایەو بەم پێیە لای ئەو یەکسانی وەك چەمکێکی مۆڕاڵ پێناسەناکرێت، هابز لەم بوارەدا پشتدەبەستێت بەپێناسەی تۆماس ئەکۆین سەبارەت بەیەکسانیو دەڵێت: یەکسانی ئیرادەو ویستێکی پابەرجایە بۆ بەخشینی پشکی هەرکەس بەخۆی، بەلام لەوەتەی کەخاوەنداریێتی بوونی نییە، یەکسانیش لەئارادا نییە، هەروەها لەو شوێنەی کەدەوڵەت دەسەلاتی زۆرەملێ نەبێت، خاوەنداریێتی بوونی نییە، چونکە هەموو کەسێك لەبەرامبەر بەهەموو شتێکەوە ماف هەیەو هیچ شتێك ناڕەوا نییە، بۆیە یەکسانی لەخۆیدا هەمان جێبەجێکردنی رێکەوتنە رەواکانە.

سەرچاوە: رۆژنامەی اعتماد (etemaad news)

# لۆتریامۆن... نوێخوازیی شیعرو تینووێکی وێرانکەر

ن:هاشم سالّح
و. لەعەرەبییەوە: کەریم مەلا

(نووسەر لەئاماژەیەکیدا دەڵێت: تکا دەکەم ئەو وشەیە واتا وشەی (وێرانکەر) یان رووخاندن بەپێچەوانەو هەڵە لێکنەدرێتەوە، گرنگە خوێنەر بەهەڵەنەچێت و بزانێت وشەی وێران... لادان... سنوورشکاندن و نائیلتیزامبوون زۆرجار مانایەکی ئیجابی دەدەن بەدەستەوە.

رێك وەك ئەو بارودۆخە بەکلسبووەو بەبەردبووەو خنکاوەی ئێستای (عەرەب[1]) کە تێیکەوتووە، (وێرانکەر) وەك وشە خۆی دەسەپێنێت و ئازادانەو فیزیاییانە شەریعەت بەخۆی دەدات و دەتەقێتەوە.

ئەگەر بمانەوێت ئاستی بەرزی رەمزو یاخیبوون لەکرۆکی شیعری ئەوروپی و عەرەبیدا دەستنیشان بکەین، دەبێت ئەو خاڵە لەبەرچاوبگرین و لەسەری بووەستین، ئەویش وێرانکردنە.

نوێگەرییش تەنها شیعر ناگرێتەوە، بەڵکو رەهەندێکی فیکری و کۆمەڵایەتی ئاشکراو روونی هەیە، چەندیش چەقیو بێت نابێت میتۆدە شیعرییەکە بشێوێت و بەبانگەوازێکی دۆگماو ناساز بگۆڕێت.

شاعیرانی مەزنی وەك بۆدلێرو لۆتریامۆن و رامبۆ گرنگی و ناودارییان تەنیا لەفتوحاتە شیعرەکانیاندا نەبووە، مەبەست لەو وزە ئەفرێنەرخوازەو خەیاڵە شیعرییانەی هەیانبووە ئەو قووڵبوونەوەیەش تەنها لەیاخیبوونی شاعیرەوە نایەت، بەڵکو لەکرۆکی فیکری و

عەقڵەوە دێت، کەتوانیویانە کۆنترۆڵی بکەن و والەشاعیر بکات بچێتە پێستی جەنگاوەرو شەڕی سیستمی دابونەریت و ئایین و ڕەچەڵەك و خێزان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بکات و هەموویان لێکبترازێنێت و دروستییان بکاتەوە[٢].

دیوانە شیعری (گوڵی خراپە[٣]) و (سرودەکانی مالدورور[٤]) و (وەرزێك لەدۆزەخ[٥]) و گۆرانی میهیاری دیمەشقی ئەدۆنیس نموونەی ئەو ڕاستییانەن.

بۆئەوەی لێکدانەوەی تریان لێدەستەبەر بێت، نووسەر دەگەڕێتەوە سەر کتێبەکەی توێژەر (سۆزان بێرنارد) کە ئێستا لەڕیزی کتێبە کلاسیکییەکان دادەنرێت بەناوی (پەخشانە شیعر لەبۆدلێرەوە تا ئەمڕۆ).. کە بەشێکی کتێبەکە بەناوی (لۆتریامۆن و شیعری وروژان و هەڵچوون) تەرخانکراوە بەبەراوردکردنی هەردوو شاعیری گەورە (رامبۆو لۆتریامۆن) لەچەند دێڕێکدا دەڵێت: (لێکچوونێکی نزیك لەنێوانی هەردوو شاعیردا هەیەو زوو شیعریان لەخۆیان مارەکردو تەڵاقیاندا، هەر لە (پاریس) کۆرپە ناوەزەکەی خۆیان لەشیعردا خستەوە، هەر بەو زمانە قینەدارو ریسواکەرە نەریتە ئەدەبییەکانیان تێکوپێك شکاندو زمانی پەخشانیان لەو کۆت و پێوەندە رزگارکرد، لەسەردەمێکدا، گێژەڵووکەی جەنگەکانیان بینی، کە چۆن فەرەنسای هەژاند، بۆیە تورەیی ئەوانیش وەك گەردەلوول دەنگی یاخیبوونی خۆی بەرزکردەوە.

بەو زمانە شێلگیرو تێکچڕژاوە بەو وڕکنی و کەللەڕەقییەوە، بەرەنگاری ئایین و ئەخلاق و بۆرژوازییەت و لاهوتییەت بوونەوە. نەفرەتیان لەهەموو شتێك و قێزیان لەمرۆڤایەتی کردەوە...).

(لۆتریامۆن) بەدژەکارو هەڵگەراوەو دووفاقی لەبیرو بۆچوون دادەنرێت، ئەم هەڵوێستەشی تەنها لەشیعردا نەبووە، بەڵکو لەئاکارو خوڕەوشت و هەڵسوکەوتیشدا ڕەنگیداوەتەوە، ئەوەی لە (سرودەکانی مالدورور)دا بڕوای پێهێناوە لەبەرهەمە شیعرییەکانی دواییدا ڕەتی دەکاتەوە.

ئەم هەستە بەرەو ورێنەیەك دەمانبات كە جارێكیتر بگەڕێینەوە، بۆ خۆشەویستی خانەوادەو پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان فەرامۆش نەكەین، كە بەها سەرەكییەكانی كۆمەڵگای بۆرژوازی پێكدێنن.

ئەگەرچی ئەم هەڵگەڕانەوەو دژەبۆچوونەی (لۆتریامۆن) ئەوەندە جێگەی بڕوانییە، بەقەد ئەوەی كە دیاردەیەكە دەكرێت رووبدات، یان تۆبەكردنێك نییە لەترسی كۆمەڵگە.

چونكە (لۆتریامۆن) ناتوانێت پەڵەی ئەو عەیب و عارانەی بشواتەوە كە لەشیعرەكانی بەراییدا دژ بەمەسەلە ئیمانیی و ئەخلاقییەكان دركاندوویەتی، ئەگەرچی هەڵگەڕانەوەكەش جێگەی بڕوا نییە.

هەرخۆشی لەشوێنێكدا دەڵێت: هەرچی ئاوی دەریا هەیە پەڵەیەكی ئەو خوێنەی رۆشنبیرانی پێناشۆرێتەوە!!.

(لۆتریامۆن) كاتێك ئەو وشانەی نووسیوە، دەبێت بیری لەسیحری ئەو شیعرانەی پێشتری كردبێتەوە، كە نەفرەت و كاولكاریی كردبووە فەزای نووسینەكانی..؟!.

(موریس بانشۆ)ی شاعیر لەوە ئاگادارمان دەكاتەوە هەڵگەڕانەوەو تۆبەكانی (لۆتریامۆن) جێگەی بڕوانین، ئەوەی لەدوا دیوانی شیعریەكەیدا رایدەگەیەنێت، هیچوپووچی كۆمەڵگایە بەشێوازێكی تری شیعری كە خوێنەر تووشی سەرسامیی دەكات، لەقێزەونكردنی كۆمەڵگەو دەرخستنی فەسادو دزێویەوە سەرچاوە دەگرێت، بەشێوەیەك پیاهەڵدان شوێنی جنێودان دەگرێتەوە، ئەمە رووبەڕووبوونەوەیەكی سەختە).

شاعیر لەزمانی (مالدورور)دا كوفرو نائیلتیزامبوون رادەگەیەنێت، دواتریش بەرەو تەجەللاو تەهارەت و تۆبەكردن دەگەڕێتەوەو دەڵێت: بڕیارمدا رەشبینی و ئازار بگۆڕم بەئازایەتیی گومان بەیەقین، بێئومێدی بەئومێد خراپە بەچاكە، ڕاڕایی و كوفرو سەفتەو لەخۆبایی بگۆڕمەوە بەئیمان و خۆگونجاندن.

كەواتە (شاعیر) لەمەودوا بەرەو پەشیمانیبوونەوەو قەناعەت و باوەشی كۆمەڵگەكەی دەگەڕێتەوە، بەقودرەتی قادر لەڕەشەوە دەبێتەوە سپی، ئەگەرچی بەهەڵەش داچووبێت و بووبێتە جێگای گومان و بڕواپێكردن..!!.

ئەمە بڕیاری شاعیر خۆیەتی و خۆی لێی بەرپرسیارە، لێرەوە تێدەگەین (لۆتریامۆن) لەنێوان دوو بیروبۆچووندا گاڵتەجاڕییەك سازدەكات، كە سەرجەم خوێنەرانیشی پێیەوە گیرۆدە دەبێت.

(لۆتریامۆن) لەنێوان ئەو دوو جیهانەدا گوزەردەكات و لەیەك كاتدا ئیمان بەشتێك دەهێنێت و لەهەمانكاتیش رەتیدەكاتەوە، بەبڕوایەكی عەدەمیانە، لەچركەساتێكدا هەموو ئەو شتانە وێراندەكات كە پێشتر بینای كردبوون.

(نیچە) پێشبینیكردووە كە (عەدەمییەت) دروستی كردوون نەخۆشییەكی گەورەیە هەڕەشە لەنوێگەریی ئەورووپی دەكات.

(لۆتریامۆن)ی شاعیر لەدیوانی (شیعرەكان)دا دەڵێت: (بۆچوونە سەرەتاییەكانم، دەبێت بكرێنە دەرەوەی گفتوگۆ لەبەرامبەر یەزدانیش كەموكوڕی و سستی و تەمبەڵی مەنوێنن، بەو سیفەتانە خۆشنودم كە كوفرو پەتیارەی رەتدەكەنەوە، یەك رچەی شیعریش هەیە، ئەویش تەنها رێككەوتنێكی نا زیانبەخشە لەنێوان نووسەرو خوێنەردا، یەكەمیان بەنەخۆش دەشوبهێنرێت و دووەمیشیان پەرستار.

شاعیر ئەو بەخشندەیەیە كە دەستكەوتەكانی بەمرۆڤایەتی دەبەخشێت، بەمجۆرە رۆڵەكان پێچەوانەی یەكتر دەبنەوە بەدوای خۆمدا یادەوەری جێناهێڵم.. شیعر باوبۆران و گەردەلوول نییە، بەڵكو رووبارێكی تەڕو پایەدارە..).

دواتریش دەڵێت: دەمەوێت كچێكی كەمتر لەچواردەساڵیش شیعرەكانم بخوێنێتەوەو تێیبگات.

لێرەوە (لۆتریامۆن) لەگەڵ سەردەمی نووسینی (سوردەكانی مالدورور) زۆر جودایە، هەر لەدەستپێكی سرودەكەیدا دەڵێت: رەوایەتی نییە، هەمووان ئەو پەڕاوانە بخوێننەوە، كە بارگاوییە بەژەهرو بەكوفرو لادان..

دەبێت چ هێزێك.. چ هەڵوێستێك وایلێكردبێت بەم شێوەیە بگۆڕێت و خۆی لەبەردەم سادیەتێكی قینەدار بدۆزێتەوە، ئەوسادیەتەی دیوانی (سرودەكانی مالدورور)ی دادەپۆشی وایكرد نەرم و سادەترو مولتەزیمانەتر دیوانی (شیعرەكان) بنووسێت.

(لۆتریـامۆن)ی شـاعیر بەتوانایـە، تواناکەشـی لەنووسـینی (سـرودەکانی مالـدورور)دا دەردەکـەوێت، لەهـەر فەرەنـسیەکی ئەدەبدۆسـت پرسـار بکـەیت و سـەبارەت بەشـاعیر بدوێیت، بێسیٚ و دوو دیوانی (سوردەکانی مالدورور)ت بەبیر دەهێنێتەوە.

ئەگەرچـی هێنـدە نابـات شـاعیر پێـچەوانەی ئـەم دیوانـە شـیعر دەنووسـێت، کـە کاردانەوەیەکی گەورە لەبەردەم ناوبانگی شاعیر دروستدەکات و کاردەگاتە ئـەو بڕوایـەی شیعرەکانی دواتری بەهۆی نەخۆشییە دەروونییەکان لێکبدرێتەوە، بەڵام راستروایە بڵـێین (شـاعیر) لەهەلومـەرجێك بـۆ هەلومـەرجێکی دژوارتـر گـۆڕا لەشـیعری یـاخی بـۆ شـیعری دەسـتەمۆ لەشـیعری رەفـزەوە بـۆ شـیعری جێگیربـون کـە دوو دۆخ و سروشـتی جیـا دەگرنەخۆ، لەخوێکی تورەو لاسار بۆ خـوێکی وەرگـرو ئـارام، بـەڵام لەهـەردوو دۆخـشیدا شیعر هەردەنووسرێت.

هەردەمیش ئەو شیعر و شاعیرانە بـاڵاترن کـەداوای یـاخیبوون دەکـەن و لـەو جـوغزە داخراوە دەردەچن، نەك شیعرو شاعیرێك لەگەڵ هاوسەردەمەکەیدا تەریب بێت.

ئەو شاعیرانەی بۆ سەردەمەکەیان چەپڵەیان لێداوە، بەرەو هەڵدێر رۆیـشتوون، تـەنها ناوی ئەو شاعیرە سەرکێشانە لەمێـژوودا پـارێزراوە کـە ئاوێنـەی راسـتەقینەی سـەردەمە گەندەڵەکەیان بوون و ئەو حەقیقەتەیان بۆ سەردەمێکی تر گواستۆتەوە.

لەیەکێك لەو نامە کەموێنەو دانسقانەیدا دەڵێت: (رابرووەدم لـەخۆم بـوارد لێـرە بـەدووا گۆرانی بۆ هیوا دەڵێم..)

ئەو وشانە تازە چ سودێك دەگەیێنن.

کەواتە شاعیر بەهۆی ئـەو بەراوردکردنـە رەخنەگرانەیـە نرخـی خـۆی لەدەسـتنادات و دەکرێت بەوردی بخوێندرێتەوەو چێژی تایبەتی خۆیان هەبێت، ئەگەرچی هەنـدێك لایـەنی نائیجـابی لـەو شـیعرانەدا رەنـگ دەدەنـەوەو شـاعیریش هێـزە سـادیەکەی تیامـاوەو گۆڕانەکەشـی گـۆڕانێکی ریـشەیی نییـە، لێـرەدا چـەند کۆپلەیـەکیش لـەدیوانی شـیعری (سرودەکانی مالدورور) دەخوێنێتەوە.

(باشتر وایە هەموو کەس ئەو پەڕاوانە نەخوێنێتەوە تەنها ئەوانەی جارێك ئازایەتی ئەوەیان لێدەچۆڕێت. بێترس چێژ لەبەروبوومەکەی ببینن، کەواتە دەبینی ئەی مرۆڤی ترسنۆك.. چ ئامۆژگارییەك بەگوێتدا دەچرپێنم، بەرلەوەی لێرە قووڵبیتەوە باشترە بەرەو دوا بگەڕێیتەوە، بەرلەوەی هەنگاوێك بەرەو پێش بنێیت بەرەو دوا بگەڕێیەوە).

ڕاستییەك هەیە کە لێرەدا بۆت دەسەلمێنم.. (مالدورور) منداڵێکی پاکیزەو بەختەوەر بوو، لەباوەشی خێزانێکدا دەژیا هێشتا ڕووی بەتاوان و گوناە ڕەش نەببوو، کاتێك بۆیدەرکەوت کوڕێکی خراپەکارەو لەهاوڕیزی شەڕانگێزاندایە.

بێئومێدیەکی قووڵ دایگرت و ساڵانێك ئەو ڕووە خراپەکارانەی خۆی شاردەوە، چ سزایەك بوو ڕووبەڕووی بۆوە، بێهودەبوو، ئەو هاوسەنگییە دژ بەسروشتەی خۆی و خوێن گوشاری زیاتری بۆ هێناو توانای خۆڕاگرتنی لەسەندو ڕووی تاوانکارانەی پێدەرخست.

هێندەی نەبرد بەیەکجاری خۆی خستە ریزی خراپەکارانەوە، لەو تەمەنە ناسکەدا کە ڕووێکی وەك گوڵی هەبوو، هەمیشە دادپەروەریی بەدوایەوە بوو چەردەیەك سزای خۆی بەسەردا دەسەپاند، ئەفسوس (مالدورور)یش لەو کەسانە بوو خۆی دەدا بەدەستەوە، ئالێرەوە دڕندەیی مرۆڤی ئاشکرا دەکرد.. چۆن بینیتان (مالدورور) وێڕای ئەمە بڵێت لەڕێگەی قەڵەمە بەرزاوییەکەی دەستم ئەو ئازایەتییە بەخۆی بدات، کەواتە هێزێکی گەورتر لەئیرادەی ئەو هەیە، ئەمەیە نەفرەتی.. پشکۆیەك دەیەوێت لەیاسا شاراوەکان رابکات و ڕزگاری بێت... ئەمەش مەحاڵە.. ئەستەمە گەر چاکەو خراپە یەك بگرن... پێشتریش ئەمەم وتووە...)

(لوکلیزید)ی ڕۆماننووسی ناسراو سەبارەت بەشاعیرو (سرودەکانی مالدورور) دەڵێت: بەم بەرهەمە دانسقەیەو بێهاوتایە، لەمێژووی ئەدەبدا بێوێنەیە، بۆ دۆزینەوەی هاوشێوەکان دەبێت لەو شوێنانە بگەڕێین کە هێشتا وێنە بۆ زمانی نووسین نەگوازراوەتەوە بۆ دۆزینەوەیان لەسروت و غەیبانیەت بگەڕێین لەگۆرانییە دۆناودۆنەکان یان لەمەملەکەتی پەرستگاکان، ئەستەمە دورو نزیکی ئەو موغامەرەیە لێکبدرێتەوە.

**سەر چاوە:** الشرق الاوسط ٢٠٠٦/١١/٨

لوتريامون الحداثة الشعرية و العطش الهائل للتدمير

هاشم صالح

**پێڕستەکان:**

(١) نووسەر بارودۆخی عەرەبی وا شوبهاندووە.

(٢) بەراودی بزووتنەوەی شیعری (عەرەبی) بەئەورووپا دەکات.

(٣) (أزهار الشر–گوڵی خراپە) و.ئەحمەدی مەلا.

(٤) دیوانی یەکەمی لۆتریامۆن.

(٥) دیوانی شیعری رامبۆ، فصل من الجحيم.






# هونەر

# هونەری شێوەکاریی و گێڕانەوەی وێنەیی ڕووداوە تراژیدییەکان

ستار قادر

زۆرن ئەوکارەهونەریانـــەی کـــە لەقۆناغـــەکانی کۆمـــەڵگادا گوزارشـــتیان لەبابەتـــە کۆمەڵایەتیـــەکان و بۆنـــە ئاینیـــەکان کـــردووە، بـــەڵام لەهـــەر بابـــەتێکی دی زیـــاتر ئـــەو کارەهونەریانـــەن کەڕەنگدانـــەی ڕووداوە تراژیدیـــەکانن، بۆیـــە کاریگـــەری ئـــەو ڕووداوە تراژیدیانـەی کەلەمێـژووی مرۆڤایەتیـدا ڕوویانـداوە، درەنـگ یـا زوو لـە ڕووبـەری هونـەردا بـەفۆرمی جۆراوجـۆرو جیـاواز لەهەرقۆناغێکـدا گێردراونەتـەوە. ئەگەرچـی لـەقۆناغی سـەرەتایدا فـۆرمی سـەرەتایی و ڕاسـتەوخۆی لـەخۆگرتووە لەگوزارشـتی گێرانەوەکـەدا. بەڵام تابلێی گوزارشتێکی ڕاستگۆیانە فۆرمی گێرانەوەکـەی بـەدوای خۆیـدا هێنـاوە، وەك ئەوەی لەوێنە دێرینـەکانی نێـو ئەشـکەوتەکاندا لەسـەر دیـواری بـەردینی ئەشـکەوتەکاندا دەبینرێت. دیارە وەك لێکۆڵیارانی مێژووی هونەری کۆن بۆیان ساغکردووینەتەوە کە ئـەو وێنانە دەربڕینێکن لەو ڕووداوانەی کە وێنەکێشەکە بەچاوی خۆی ئەو دیمەنانەی بینیـوە، وەك کوژرانی یەکێك لەبەرەنگاری ئاژەڵە دڕنـدەکانی نێـو دارسـتان یـان سـرووتی مردنـی کەسە نزیکەکانیان کێشاوە لـەقوڵایی ئەشـکەوتەکاندا تـا بەتـەواوەتی لـەو جـەنجاڵی نـاو ئەشکەتەکە یان کارەساتێکی سرووشتی یان جـەنگ و کوشـتاری نێـوان تـیرەو هۆزەکـان لەگـەڵ یـەکتردا و زۆر ڕووداوی دی. ئـەوەی جێـی سـەرنجە زۆر لـەو بابەتـە مێژوویانـە لەسەردەمێکی دواترو هونەرمەندانی قۆناغەکانی دواتر کاریان بۆکردووە.

دوابەدوای قۆناغی هونەری ئەشکەوت ( Cavity Art) زۆربـەی گێرانـەوە وێنەییـە تراژیدیەکان خستنەڕووی جەنگ و کوشتنی بەکۆمـەڵ دەخەنـە بەرچـاو، دیـارە لـە پێنـاو مانەوەو مومارەسەی پیشاندانی هێزەوە سەرچـاوە دەگرێـت، وەك ئـەوەی لەریلیفـەکانی هونەری کۆنی میزۆپۆتامیادا بەرجەستەکراوە، وەك ئاشـکرایە میزوپۆتامیـا لـەو قۆناغـەدا زیـاتر لەهەرشـوێنێکی دیکـەی دونیـا خـوێنی تێدا ڕژاوە و جـەنگ وئاشـوب تێیـدا تـووڵی

کێشاوە، بۆیە دەبینین لەو قۆناغە مێژووییەی مرۆڤایەتیدا کاری هونەری تراژیدی بەرهەمهاتووە و لەهونەری شێوەکاریشدا دڕندانەترین شێوە گوزارشتکراوەو لەڕووی چەندایەتیشەوە زیاتر لەهەر شوێنێکی تر کاری هونەری لەوجۆرە دەبینرێت، کارەهایەکی وا تارادەیەکی ئەوتۆی کە لەهەندێك ئیشیاندا شێوەی کەللەسەر بەدرەختەکاندا هەڵواسراوە، بەدیوێکدا لەپێناو نوسینەوەیەکی مێژووییدا بووە، بەدیوێکی تردا بەمەستی تەلقینکردن و بەدەرخستنی جەبەرووتی دەسەڵاتبووەو لە بەرامبەر هەرهێزێکی دیکەی نەیاریان لەسەرئاستی ناوخۆو دەرەوەی هەرێمەکانیان. لەم قۆناغەدا کارەهونەرییەکان لەڕووی فۆرمی هونەرییەوە بەریلیف ئەنجامدراون و لەسەر بەرد هەڵکۆڵراون. لەڕووی ریالیزمی (ئەناتۆمیا B التشریح Anatomy B) ی فیگەری ئادەمیزادەوە تارادەیەکی ئەوتۆ بەهێزنین بەبەراورد بەهونەری گریکی کلاسیکی و میسری کۆن لەڕووی جووڵەو (نقطةالنظر – گۆشەی بینین – perspective )و(کەمپۆزەیشەنی–الانشاء–Composaition) ی کارەکان زیاتر شێوەی لاکێشەیی لەخۆگرتووە تاڕادەی لاکێشەییەکی شریتی، رووداوەکانیش یەکبەدوای یەك هاتوون و زۆربەی ( پۆز ± الوضعية–posation )ی فیگەرەکان (پرۆفیل B لەسەرلا)ی لەخۆگرتووە ئەمەش دەرئەنجامی کامڵ نەبوونی ئەو لقە زانستانەبووە لەڕووبەری هونەری شێوەکاریدا، بەڵام کەرەستە جەنگیەکانی وەکو (ڕم و شمشێر و تیروکەوان و خەنجەر وتەورو قەڵغان )و گاری جەنگی ئەنەتۆمیای ئەسپەکان بەووردی و بەدیقەت لەکارەکاندا خراوەتەڕوو .

هونەری گریکی کلاسیکیش بەدەرنییە لەبابەتە تراژیدیەکان، بەڵام لەم قۆناغەدا زیاتر بارگاویە بەئەفسانەکان و جەنگە دوورودرێژەکەیان لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی فارسی و گوزارشتێکی هونەری باڵا لەژێرکاریگەری داستانە خەیاڵییەکانی نوسەرانی ئەو دەمەی وەك داستانەکەی هۆمیرۆس. یەکێك لەو کارە ریلیفانەی کە تائێستا ماوە جەنگی نێوان خواوەند و فریشتەکانە لەئەفریزی پەرستگای ئەپۆلۆ لەئەکرۆپۆڵ لەدەستکردی پەیکەرتاشی دیاری هونەری کلاسیکی گریکی (فیدیاس)ە. هەروەها دیواربەندە فریسکۆکانی کە دەربڕی شەڕەکانی ئەسکەندەری مەکەدۆنی ئەگەرچی کەمێك لەکاری وێنەکێشانی ئەم قۆناغەدا ماون، زۆرێك لەکارە وێنەکێشیەکان بەکارەساتی سرووشتی و لاوازی لەڕووی تەکنۆلۆجیای وێنەکێشانی ئەو دەمەو دەرئەنجامی جەنگ و کاولکاری و

داگیرکاریـدا لەناوچـوون. ئەوەنـدەی پەیوەسـت بێـت بەلایـەنی هونـەریی ئـەم قۆناغـە دابڕانێکی بەرچاو هەست پێدەکرێت لەڕووی کامڵی کارەهونەریەکان سەبارەت بەداڕشتن و جوڵـەو وردەکـاری ئەنەتۆیـەکانی جەسـتەی فیگـەرەکان و هاوسـەنگی جـۆراو جـۆری دەربڕین. دوابەدوای گریکیەکان رۆمانیەکانیش لەژێرکاریگەری هونەری یۆنانیـدا چـەندەها رووداوی تراژیدیان لەفۆرمی هونەریدا بەرجەستەکردووە و خستویانەتە بەرچاو.

قۆناغی ڕێنیسانس وەك چـۆن بەبووژانـەوەی سـەرجەم بـوارە جۆراوجۆرەکـان و لقـە زانـستی و ئەدەبیـەکان ناسـراوە بەهەمانـشێوە لەهونـەری شێوەکاریـشدا بوژانـەوەو بەرجەستەکرنی ڕووداوە مێژووییە تراژیدیەکانیشدا هونەرمەندە دیارەکانی ئـەو دەمـە زۆر لەڕووداوەکانی رابردوویان لەفۆرمێکی هونەری باڵادا زیندووکردۆتەوە، دیارە بەپشتبەستن و بووژاندنەوەی سەرلەنوێی هونەری سەدەکانی ناوەراست و هونەری رۆمانی و بەتایبـەتی هونـەری کلاسـیکی گریکـی. ئـەم پێـشکەوتن و بووژاندنەوەیـەش لـەخۆڕاو پرەجوویانـە نەبووە وەك زۆرێك لەلێکۆلەرەوانی ئەو قۆناغە ئاماژەیان پێداوە، بـەڵکو پەرەسـەندنێکی سرووشتیانەی رەوتی قۆناغێك بووە کە سەرجەم ئەزمون و تیورەکانی پێش خـۆی و لـەو قۆناغەدا وەرچەرخانێکی لەڕووی چۆنیەتیەوە بەرپاکردووە ئیتر لەسەرئاسـتی سـەرخانی کۆمەڵدا رەنگدانەوەیەکی بەخۆوە بینیوە. ئەوەی سەبارەت بەبابەتەکەمانە لەم قۆناغـەدا زۆربەی هونەرمەندان کاری زۆریان بۆ ئەو بابەتە کـردووە بۆیـە بـۆ ئـەم مەبەسـتە ئامـاژە بەچەند کارێکی شاکاری هونەرمەندە ناسراوەکانی ئەم قۆناغە دەدەین .

وەك ئاشکرایە هونەری رێنیسانس بە پلـە یـەك کـاری لـە بابەتـە دینیەکانـدا کـردووە بەتایبەتی دینی مەسیحی. یەکێك لەو دیاردە تراژیدیانەی کە سەرجەم هونەرمەنـدانی ئـەو دەمە کارێکی زۆریـان بـۆکردووە رووداوی تراژیدیانـەی لـە خاچدانی مەسـیحە. هـەروەها رووداوە مێژوویەکـەی تۆفـانی نـوح وەك بەرجەسـتەکردنی دیمەنـە تۆقێنـەرەکانی رۆژی زیندووبوونەوەیـە کـە یـەکێك لـەو ئیـشانەی کـە هونەرمەنـدی پەیکـەرتاش و وێنـەکێش و ئەندازیار و شاعیری رۆژگاری رێنیسانس مایکل ئەنجیلۆ بۆ شـەم مەبەسـتم فریـسکۆیەکی گەورەو پڕ لەفیگەری بەئەنجام گەیاندووە کە لەکەنیسەی سستین لەرۆمایـە ئـەم کـارەی مایکـل ئـەنجیلۆ گێرانەوەیـەکی وێنـەیی رۆژی قیامـەت یـان رۆژی زیندووبوونەوەیـە کـە رووبەرێکی بەرچاو و گەورەی لەنێو کەنیسەکەدا داگیر کردووە لەم فریسکۆیەدا جەسـتەی

ئـــادەمیزاد بـــەڕووتی رۆلێکـــی بەرچـــاو دەبینرێـــت بەهـــەموو وردەکـــاری و جووڵـــەی جۆراوجۆرەوە ئەوەی ماوەتەوە لەسەر ئەم کارە ئەوەیە کە گێرانەوەیەکە بە پشتبەستن بەکتێبــە ئاسمانیــەکان و لــەدوای ئــەوەی هونەرمەنــد کارەکــە بەئــەنجام دەگەیــەنێت رووبەڕووی رەخنەیـەك دەبێتــەوە سـەبارەت بـە ڕووتـی فیگـەرەکان کـە بـەپێی عـادات و تەقالیدە دینیەکەی ئەو رۆژگارە دەسەڵاتدارانی ئاینی بەپەسەندی نازانن کـە فیگـەرەکان بەو شێوە ئیباحیە لە نـاو جەرگـەی کەنیـسەدا هـەبێت، داوا لەهونەرمەنـد دەکـەن تـا بـە جلوبەرگ فیگەرەکان دابپۆشێت هونەرمەندیش ئەم داوایـە رەتدەکاتـەوە و لـەپاش خـۆی وێنەکێشێکی تر ئەم کارەدەکات.

یەکێکی تر لەو کارانـەی کـە بـە نـاوازەترین کـاری ئـەو دەمـە نـاوزەدکراوە، کـارێکی فریسکۆیی تراژیدی هونەرمەندی بللیمەتی ڕۆژگاری رێنیسانس لیۆناردۆ دافنشییە بـەناوی جەنگی ئەنگیاری، بابەتی ئەم کارە شەڕی نێوان شاری فلۆرەنساو میلانۆیە کـــە پەنجا



ساڵێك پێش درووستکردنی کارەکە روویـداوەو هـەردوو هونەرمەنـدی ناسـراوی فلۆرەنـسا رادەســپێردێت بــۆ بەئەنجامگەیانــدنی کارێــك  وەك کێبرکێیــەك لەنێوانیانــداو لــەڕۆژی پیــشاندانی هێلکـاری و سکێـچاتی کـاری هـەردوو هونەرمەنـد، شـاری فلۆرەنـسا دەبنـە دووبەشەوەو لەسەر هەڵبژاردن دەبێتە شەڕێکی گـەورەو لەئەنجامـدا زۆربـەی سکێـچەکان

دەدڕێن و لەناودەچن. دواجار کارەکەی لیۆناردۆ دافنشی هەڵدەبژێردێت کەبابەتەکەی جەنگی ئەنگیارییە. لیۆناردۆی وێنەکێش بۆ تەنفیزکردنی ئەم کارە بەجوانترین شێوە لەڕووی چۆنیەتی تەکنەلۆژیای ڕەنگەکانەوە لەڕەنگی فریسکۆی باو لادەدات بەمەبەستی تێکەڵکردنی ڕەنگی ڕۆنی لەسەردیوار. کارەکە بەو پەڕی سەرکەوتوویی لەڕووی کەمپۆزەیشەن و هەریەك لە ئەنەتۆمیای ئادەمیزادو ئەسپ و وردەکاری بەشەکانی دیکەی کارەکە بەو پەڕی لێهاتوویییەوە بەئەنجام دەگەیەنێت تاڕادەی ئەوەی کە مێژوونوسی هونەریی ئەو ڕۆژگارە فاساری بەجوانترین کارێکی وێنەکێشانی موعجیزەیی ناوی دەبات. بەڵام لەدوایدا دەردەکەوێت کە ئەو گۆڕانکاریەی کە لەڕەنگەکاندا کراوە لەسەر دیوارەکە وادەکات ڕەنگەکان ووشك نەبێتەوە، ناچار لیۆناردۆ بۆ ووشك کردنەوەی فریسکۆکە پەنا دەباتە بەر ئاگر. ئاگرێکی گەورەی لەناو هۆڵکەدا دەکاتەوەو لەئەنجامدا ووردەووردە ڕەنگەکان هەڵدەوەرێن و کارەکە عەیبداردەبێت، بۆیە ئێستا ئەو کارە ئەسەرێکی وای نەماوە جگە لەچەند هێڵکاریەکی دراسەی لیۆناردۆ. تا ئەو کاتە دیمەنی تۆقێنەری ناو جەرگەی شەڕ بەو جۆرە درووست نەکرابوو لەڕووبەری وێنەکێشانی نەرۆژگاری ڕێنسانس و نەڕۆژگاری پێشتریش (بڕوانە وێنەی ١ ).ئەم تابلۆیە بەشێکی فریسکۆکەیە کۆپیەکی هەڵگیراوەیە کە هونەرمەندی وێنەکێش پۆل ڕۆبنس درووستی کردۆتەوە بەپشتبەستن بەو سکێچانەی کە لیۆناردۆ پێش ئەنجامدانی کارەکە ئەو هێڵکاریانەی بۆی کێشابوو .

لەپاش هونەرمەندانی ڕێنیسانس هەریەك لە ڕۆبنس و کارافاجیو چەندەها کاری تراژیدیان ئەنجامداوە بەنزیکی لەستایلی هونەمەندانی وەك لیۆناردۆ و ڕافائیل و مایکل ئەنجیلۆ. بەڵام کارێك کە دووسەدە دوای ڕێنیسانس بابەتێکی تابلێی تراژیدی بەتابلۆ بەرجەستە دەکات و دەیخاتە بەر دیدو چاوان کەتیربارانکردنی کۆمەڵێك گەنجە لەشەوێکی خوێناوی ڕۆژگاری جەنگی ناوخۆی ئیسپانیادا ئەو هونەرمەندەی کە ئەو تابلۆیەی درووستکردووە فرانسیسکۆ گۆیای ئیسپانییە، ئەم تابلۆیە بەدوای خۆیدا دووتابلۆی دیکەش لەژێر کاریگەری تابلۆکەی گۆیا لەلایەن دووهونەرمەندی ترەوە کە یەکێکیان ئیدوارد مانییە، ئەوی تریان پاپلۆ بیکاسۆیە درووست دەکرێن. لەکۆتاییدا ئەوەی ماوەتەوە بیڵێین ئەوەیە کە لەلای هونەرمەندانی وێنەکێشی کوردیش بابەتی تراژیدی گێرانەوەی لەهونەری شێوەکاریدا زۆر بەرهەمهاتووە، لەو تابلۆیانەی کە جێی ئاژەپێدانن



تابلۆی شەڕی دەربەندی بازیان لەدەستکردی وێنەکێش حەسەن فەلاح و تابلۆی کۆچ لە دەستکردی سمکۆ تۆفیق کەسەرجەم ئەم تابلۆیانە دەچنە خانەی هونەری پێشەوایانی وێنەکێشی کوردەوە بەدەرلەوەی کە لە قۆناغەکانی دواتریش بەستایلی جیاو لەلایەن هونەرمەندانەوە هەریەك لەڕووداوە تراژیدیەکانی گەلەکەمان بۆتە هەوێنی سەدان تابلۆو کاری هونەریی تر.

# سینەما دوو

# هەوڵدانێک بۆ ناساندنی گرنگترین فیلمە ناهۆلیۆدییەکانی مێژووی سینەما...!

ئامادەکردنی: هۆشیار شێخ ئەنوەر

پێش باسکردنی گرنگترین فیلمە نائەمریکییەکانی مێژووی سینەما، واتە فیلمە ناهۆلیۆدییەکان، حەزدەکەم ئەوە بڵێم کە ئەمە خۆی لەخۆیدا کارێکی ئاسان نییە، لەم ماوە کورتەدا بتوانین لەسەر هەموو ئەو فیلمە نائەمریکییانە بدوێین کە لەمێژووی سینەمای جیهانیدا لەبیر ناکرێن و هەریەکەیان خاوەنی چەندین خەڵاتی جیهانین و دەچنە ریزی فیلمە شاکارەکانەوە، بەڵام لێرەدا تیشك دەخەینە سەر ناودارترین ئەو فیلمانە تا بەخوێنەری ئازیزیان پێبناسێنین، لێرەدا ئەو فیلمانەی کە بەئینگلیزی گۆتەکراوون یاخود ئەوانەی کە سەر بەوڵاتانی (بەریتانیا، ئوسترالیا, بەشە ئینگلیزییەکەی ناو وڵاتی کەنەدا)ن ناخەینە بەرباس، لەبەر چەند هۆکارێك کە گرنگترینییان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هاوکارییە چڕوپڕەی کە لەنێوان سینەمای ئەم وڵاتانەو سینەمای ئەمریکیدا هەیەو هەروەها تاڕادەیەکی زۆریش ئەم وڵاتانە لەنێوان خۆیاندا هاوکەلتوورن.

بێینەوە سەر بابەکەمان لەو فیلمە ناودارانە:

١.فیلمی رووسی (کەشتی جەنگی پوتمکین) Battleship Potemkin




دەرهێنەر (سێرگی ئازنشاین) ١٩٢٥ ئەو فیلمەی کە دەرهێنەرە رووسییەکانی خستەسەر نەخشەی سینەمای جیهان، کە تیایدا دەرهێنەرەکەی وانەی زۆر بەنرخ و داهێنەرانەمان لەبواری (مۆنتاژ)دا فێردەکات.

چیرۆکی فیلمەکەی باس لەیاخیبوونی چەند سەر ئەفسەرەکەیاندا، کە لەسەر کەشتییەکی جەنیگیدان لەکاتی فەرمانڕەوایی قەیسەرەکاندا.

٢.فیلمی ئیتالّی (پاسکیل دن) The Bicycle Thief




دەرهێنەر (ڤیتۆریۆ دی سیکا) ١٩٨٤ ئەم فیلمە بەئەنتیکای ریالیزمی ئیتالّی ناو دەبرێت، کە تیایدا (دی سیکا) لەگرنگترین و باشترین فیلمەکانیدا رۆمای پایتەختی ئیتالّیمان پیشان دەدات، رۆمای دوای جەنگی دووەمی جیهانی، رۆمای هەژارەکان، رۆمای بێنەواکان، کە چیرۆکی فیلمەکە لەبارەی پیاوێکەوە لەلایەن کەسێکەوە پاسکیلەکەی دەدزێت، ئەویش هەر ئەو پاسکیلەی هەیە تا بژێویخاووخێزانی پێدابینبکات، ئیدی ناچار هەڵدەستێت بەکارێکی دژوارو تاقەتپڕوکێن لەگەڵ کوڕەبچووکەکەیدا، کەئەویش گەڕانە بەدوای پاسکیلەکەیدا، تا لەدەستی دزەکەی دەربهێنێتەوە.

٣.فیلمی ژاپۆنی (راشۆمۆن) Rashomon



دەرهێنەر (ئەکیرا کیرۆساوا) ١٩٥١ ئەو فیلمەی کەسینەمای ژاپۆنی پێشکەش بەجیهان کرد، کاتێ لەڤیستیفاڵی سینەمایی (ڤینیسیا) واتە شاری بندقیە، خەڵاتی (شێری زێڕین)ی وەرگرت، لێرەدا (کیرۆساوا) بەسیناریۆیەکی سەرسوڕهێنەرو زیرەکەوە چیرۆکێکی ئاڵۆزمان پێشکەشدەکات، چیرۆکی فیلمەکە باس لەکوشتنی پیاوێك و لەهەمانکاتدا دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر هاوسەرەکەس دەکات و لەڕێی سیناریۆکەیەوەو لەسەر زاری چەند کەسایەتییەکی ناو فیلمەکە ئەم چیرۆکە بۆ چەند جارێك و بەچەند بیروبۆچوونێکی جیاوازو تەنانەت هەندێکجار دژ بەیەکیش دەخاتەڕوو، کە بێگومان لەم فیلمەدا (کیرۆساوا) دەیەوێت باس و پرسیار لەحەقیقەت و سروشتە ڕێژەییەکەی بکات.

٤.فیلمی ژاپۆنی (حەوت ئافرەتە سامۆراییەکە) Seven Samurai




دیسان دەرهێنەر (ئەكیرا كیرۆساوا) ١٩٥٤ دەرهێنەری ئەم فیلمە سوودی لەو چیرۆكە بەناوبانگەی ناو ژاپۆن وەرگرتووە كە پێش خۆی بەچەند شێوازێكی دی كراوەتە فیلم یان بەشێوەی فیلمی درێژ، بەڵام تارادەیەك جیاوازە لەڕووی سیناریۆوە، بەڵام سەركەوتوو نەبوون، لێرەدا (كیرۆساوا) زیرەكترو وردبینترو سەراسەرتر ئەم چیرۆكەمان دەخاتە پێشچاو، چیرۆكەكەش بریتییە لەدانیشتوانی گوندێكی ژاپۆنی كە لەدەست كۆمەڵە كەسێكی بەدكار، پەنا دەبەنەبەر حەوت ئافرەتی سامۆرایی تا بەفریادیان بێن لەو بارودۆخەدا.

لێرەدا (كیرۆساوا) توانیویەتی چەند دیمەنێكی سەرسوڕهێنەر لەكوشتارەكان دەربهێنێت، كە دواجار ئەم شێوازی دەرهێنانە دەبێتە سەرچاوەیەكی بەپیت بۆ ئەو فیلمانەی كە ئاكشنی تێدا زۆر بەكاردێت (Action Films) واتە ئەو فیلمانەی كە پێكدادانی لەڕووی جەستەیی یان لەڕووی بەكارهێنانی چەك و تەقەمەنی زۆر تیادا بەكاردێت.

٥.فیلمی سویدی (كۆتایی حەوتەم) The Seven Seal

دەرهێنەر (ئەنگمار بێرگمان) ١٩٥٦ كێ دەتوانێت وەك ئەم دەرهێنەرە مەرگمان بۆ پێناسەو وێنابكات..!؟

لەم فیلمەدا (بێرگمان) ئەو قارەمانەمان پێشكەشدەكات كە لەیەكێك لەشاڵاوە سەلیبییەكاندا دەگەڕێتەوەو بەسەدان پرسیاریشی لەبارەی (ژیان و مەرگ و ئایین)ەوە لەسەردایەو فیلمەكەش دیمەنێكی تێیدایە كە بەبەناوبانگرین دیمەنی سینەمایی ناوزەند دەكرێت، ئەویش ئەو ساتەیەكە قارەمانی فیلمەكە تیایدا رووبەڕوو لەگەڵ خودی مەرگدا دادەنیشێت و یاری شەترەتجی لەگەڵ دەكات.

٦.فیلمی فەرەنسی (چوار سەد لێدانەكە) یان (چوار سەد مستەكۆڵەكە) ٤٠٠ The Blows




دەرهێنـــەر (فرانــسوا تروڤـۆ) ١٩٥٩ یەکــەم کــەس و بــەناوبانگترین کەســە کــە تــاکو ئێــستا بزاوتـــی شـــەپۆلی نـــوێی ســـینەمای فەرەنـــسی تـــوانیبێتی بیهێنێتـــە کایـــەوە، کـــە دواجـــار کاریگـــەری خـــۆی بەســـەر پیـــشەسازی ســـینەما لەهەموو جیهاندا بەجێهێشت.

(ترۆڤۆ) لەیەکەمین نمانیشی دژێژی خۆیـدا، ژیانی ئەو منالّـەمان پێشکەشدەکات کـە نـاوی (ئـــــەنتوان)ەو لەگـــــەڵ بـــــاوك و دایکێکـــــی کـــــەمتەرخـــــەمدا دەژی و کـــــاریگـــــــەری ئەم کەمتەرخەمییەمان بۆ سەر منالّەکە بەشێوازێکی زۆر جوان بۆ دەخاتەڕوو.

٧.فیلمی ئیتالّی (هەشت و نیو) ٨,٣٠

دەرهێنەر (فیـدریکۆ فیللـینی) ١٩٦٣ مـەزنترین سـینەمایی کـە تـاکو ئێـستا لـەبارەی سینەماوە دوابێت..!

—لێرەدا هەموو تایبەتمەندییەکانی مایسترۆی ئیتالّی (لەڕووی سینەماوە) دەبینینەوە: کەســـایەتییە ســـەیرو ســـەمەرەو نامۆکـــان، تێکـــەڵکردنی واقیـــع و خـــەیاڵ، رۆچـــوون بەگێڕانەوەی بیبلۆگرافیا.. هتد، بەڵام لەهەموویان گرنگتر ئەوەیە کە فیلمەکـە بەدیـدێکی بێهاوتا دەڕوانێتە دەرهێنەرێکی سینەمایی، کە ئەم دەرهێنەرە دوای هەموو ئیشێکی لەپڕ خۆی وادەبینێتەوە، کە چیتر ناتوانێت ئەفراندن بکات، لەکاتێکدا جـەماوەر چاوەڕێن کـە شاکارێکی دیکەیان پیشانبدات.

٨.فیلمی فەرەنسی (ئەفسوونی شـاراوەی بـۆرژوازیی) The Discreet Charm of The Bourgeoisie

دەرهێنەر (لویس بۆنوێل) ١٩٧٢ کە بەڕەچەڵەك (ئیسپان)ییە، بەڵام هەموو ئیشەکانی لـە (فەرەنـسا)دا دەکرد، ئـەم فیلمـەش بەباشـترین فیلمـەکانی (بۆنوێـل) دادەنرێـت، کـە بەڕابـەری سـینەمای سـوریالی ناسـراوە، ئـەم دەرهێنـەرە لەهـەموو فیلمەکانیـدا، خـوی

بەرەخنەگرتن لەچینی بۆرژوازی گرتووە، فیلمەکەش باس لەهەولدانی کۆمەڵەکەسێك دەکات کە دەیانەوێت کۆببنەوە بۆ ئەوەی نانی ئێوارە بەیەکەوە بخۆن، بەلام هەریەکەیان چەند رێگرییەکی سەیریان بۆ دروست دەبێت و ئیدی ناتوانن ئەو کۆبوونەوەیە سازبکەن و نانەکەیان بەیەکەوە بخۆن.

٩.فیلمی ئەڵمانی (تووڕەیی خودا) Wrath of God

دەرهێنەر (فێرنەر هێرزگ) ١٩٧٢ لەم فیلمە لێکۆڵینەوەیەکی مەترسیدارو سەرسوڕهێنەرە لەبارەی سایکۆپاتی مەزنی یان شێتی مەزنی (هێرزگ) لەڕێی دیمەنی ترسهێن و تاوهێنەوە چارەنووسی شالاوێکی ئیسپانی لەسەدەی (١٦)هەمدا، دیاریدەکات، کەتیایدا ئیسپانییەکان ویستوویانە لەناوجەرگەی جەنگەڵەکانی (ئەمەزۆن)دا بەدووی شارێکی زێڕیندا بگەڕێن، سەرۆکەکەیان کەسایەتییەکیی زۆر دڵڕەقە کە ناوی (ئەگیرا)یە...

هەروەها ئەم فیلمانەش کە تەنیا ناوەکانیان دەهێنین:

١٠.فیلمی سویدی (شیلکی کێوی) Wild Strawberries

دەهێنەر (ئەنگمار بێرگمان) ١٩٥٧.

١١.فیلمی ئەڵمانی-M-

دەرهێنەر (فرتز لانغ) ١٩٣١.

١٢.فیلمی ئیتالی (ژیان جوانە)

دەرهێنەر (فیدریکۆ فیللینی) ١٩٦٠.

١٣.فیلمی سویدی (هاوارو چرپە)

دەرهێنەر (ئەنگمار بێرگمان) ١٩٧٢.

١٤.فیلمی رووسی (ئەندرێ رۆبۆلۆف)

دەرهێنەر (تارکۆفسکی) ١٩٦٦.

١٥.فیلمی فەرەنسی (وەهمی مەزن)

دەرهێنەر (ژان رێنوار) ١٩٣٧.

١٦.فیلمی ئەڵمانی (میترۆ پۆلیس)

دەرهێنەر (فرتزلانگ) ١٩٢٦.

١٧.فیلمی فەرەنسی (ساساکانی یاری)

دەرهێنەر (ژان رێنوار) ١٩٣٩.

١٨.فیلمی فەرەنسی (هەناسەسوار) Breathless

دەرهێنەر (ژان لۆك گۆدار) ١٩٥٩.

١٩.فیلمی فەرەنسی (هێرۆشیما خۆشەویستی منە)

دەرهێنەر (ئالان غینیٚ) ١٩٥٩.

تێبینی: بۆ ئامادەکردنی ئەم بابەتە سوودم لەچەند سایتێکی سینەمایی ئینتەرنێت وەرگرتووە.

# زیندان شوێنێک بۆ کۆنترۆڵکردن و ئاساییکردنەوەی تاوانبار، لە فیلمی (ڕێگای کارلیتۆ)دا

دلێر محەمەد

فیلمی (ڕێگەی کارلیتۆ Carlota’s way) بەرهەمی ساڵی ١٩٩٣ی دەرهێنەری بەناوبانگی ئەمریکی (برایان دی پالما)یە، کە تێیدا هەردوو ئەکتەری بەناوبانگی ئەمریکی (ئال پاچینۆ)و (شین پین) ڕۆڵی کەسایەتییە سەرەکییەکانی بەرجەستەدەکەن، واتە لەفیلمەکەدا (ئال پاچینۆ) ڕۆڵی (کارلیتۆ)ی تاوانبارو کاراکتەری دیارو نیمچە ئەفسانەیی ناوبانگەکانی بازرگانیکردن بەمادده سڕکەرەکانەوە دەبینێت و لەبەرامبەریشدا (شین پین) ڕۆڵی (دیف) دەبینێت، کە لەفیلمەکەدا پارێزەرێکی گەندەڵەو بەتەواوەتی ئالودەی مادده سڕکەرەکان بووەو لەپێناو تێرکردنی چێژو غەریزە ئارەزووییەکانیشیدا سڵ لەئەنجامدانی هیچ تاوانێك ناکاتەوە، هەروەها (دیف)ی پارێزەر لەفیلمەکەدا هاوڕێیەکی زۆر نزیکی (کارلیتۆ)یەو وەك پارێزەرێکی یاسایش، بەشێوەیەکی نهێنی و شاراوە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لەئازادکردنی (کارلیتۆ)ی تاوانبارو هاوڕێیدا لەزیندان.



دیارە لەسەیرکردنێکی سادەو ڕواڵەتیدا، سیناریۆی ئەم فیلمەی (برایان دی پالما) وەك سیناریۆی گەلێك فیلمی ئاکشن دێتە بەرچاوی بینەر، کە توندوتیژیی و بێباوەڕی لەپێناو دەستەبەرکردنی زیاتری سەروەت و سامان و ماددەو تێرکردنی غەریزەو پێداویستییە ئارەزووییەکاندا زاڵە بەسەر ڕەوتی ژیانی زۆربەی کاراکتەرەکانیدا، پاشان هەر بەپێی تەماشاکردنێکی تێپەڕو ڕاگوزەر، ئەم بەرهەمە، وەك گەلێك فیلمی تەقلیدی

دەردەکەوێت، کەتوانی زاڵبێت بەسەر زۆربەی رووداو و دیمەنەکانیداو رەوتی ژیانی کاراکتەرەکانی تری فیلمەکەش تەنیا بەدەوری ژیانی تاکە پاڵەوانی تراژیدی فیلمەکەدا دەسوڕێنەوە، کە دواجار بەدەستگیرکردن، یاخود بەکوشتنی تاکە پاڵەوان کۆتایی بەفیلمەکە دێت.

هەربۆیە ئەگەر وەك بینەرێك ژمارەیەك ئاماژەی خێراو تێپەڕی ئەم بەرهەمەو هەندێك مەنەلۆژی پاڵەوانی سەرەکیی فیلمەکە، کە تیایاندا بەکورتی باس لەچۆنێتی ژیانی پێش زیندانیکردن و سەردەمی زیندانیکردنی خۆی دەکات، فەرامۆش و لەیاد بکەین، ئەوا فیلمەکە هەموو بەهایەکی هونەریی خۆی لەدەستدەدات و دەبێتە بەرهەمێکی تەقلیدی کە هیچ پرسیارێك لەلای بینەر بەجێی ناهێڵێت و پاشان وەك تێکڕای فیلمە بازرگانییە سوننەتییەکان دەردەکەوێت، کە سیناریۆکەی وەك لەناونیشانەکەیدا دیارە، باس لەشێوازو رێڕەوی ژیانی (کارلیتۆ) دەکات، پاش ئەوەی بیردەکاتەوە بۆی رووندەبێتەوە، تاکەکارێکە کە بەزووترین کات ئەو وەك گەنجێکی بێدەرامەتی سەرشەقامەکان، دەکاتە پیاوێکی دەوڵەمەندو پێگەو رێزێکی کۆمەڵایەتی پێدەبەخشێت هیچ نییە جگە لەو کارە ناشەرعییەی کەداوای لێدەکات ریسك بەژیانییەوە بکات، واتە کارکردن لەگەڵ ئەو باندە تاوانبارانەدا، کە بازرگانیی بەماددە سڕکەرو یاساغەکانەوە دەکەن. لێرەوە هەندێك ئاماژەو مەنەلۆژی ئەم کاراکتەرە دواتر بۆمان رووندەکەنەوە (کارلیتۆ)ی پاڵەوانی سەرەکی ئەم فیلمە بۆ دەستەبەرکردنی خەونەکەی، وەك کەسێکی ئەکتیڤ و وریا لەگەڵ سەرۆکی یەکێك لەو باندانەدا دەستتێکەڵدەکات و جگە لەبازرگانیکردن بەماددە سڕکەرەکانەوە وەك بۆدیگاردێکی ئازادیش کە بەویستی خۆی مامەڵە لەگەڵ سەرپێچیکەراندا دەکات، لەبارو یانەی سیخناخ بەبۆنی شەراب و دووکەڵی جگەرەو قومارو ژن و ماددە بێهۆشکەرەکاندا، تاساتەوەختی زیندانیکردنی کاری کردووە، ئەگەرچی (کارلیتۆ) پاش ئازادکردنی لەزیندان، بڕیاردەدات کە دەست لەشێوازی ژیانی رابردووی هەلگرێت، بەڵام هەرزوو چەند هۆکارێکی وەك پێداویستی ئەم کاراکتەرە بەبڕێك پارە، ئامادەیی تاوان لەرۆحی هاوڕێ نزیکەکانی دەرەوەی زیندانیدا.. هتد، پاڵ بەم کاراکتەرەوە دەنێن بەئومێدی پاشەکەوتکردنی هەندێك پارە دەستبکاتەوە بەهەمان

کاری جاران، تادواجار لەکۆتایی فیلمەکەداو بەدەستی یەکێك لەکاراکتەرە لاوەکییەکان دەکوژێت و فیلمەکەش بەشێوازێکی تراژیدی کۆتایی پێدێت..

*زیندان، شوێنێك بۆ دیسپلینکردن و ئاساییکردنەوەی تاوانبار

یەکێك لەو رەهەندە گرنگانەی کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەم فیلمەدا تیشکی خراوەتەسەر، بینەری ورد هەستی پێدەکات و پاشان دەبێتە جێگە پرسیار لەلای و لەهەمانکاتیشدا بەهایەکی هونەری بەفیلمی (رێگەی کارلیتۆ) بەخشیووە، ئەو رەهەندە گرنگەیە کە دەرهێنەر ناڕاستەوخۆ، لەڕێگەی ژمارەیەك دەربڕین و کۆمەڵێك مەنەلۆژی کاراکتەری سەرەکی فیلمەکەوە ئاماژەی پێدەدات. دیارە مەبەستمان لەم رەهەندەی فیلمەکە، وێناکردنی (زیندان)ە لەلایەن (برایان دی پالْما)ی دەرهێنەرەوە وەك شوێنێك بۆ چاودێریکردنی و دیسپلینکردن و ئاساییکردنەوەی کەسانی تاوانبارو تێکدەرو لادەرەوە، لەڕێگەی سەرلەنوێ بوونیاتنانەوەی کەسایەتی ئەوانەوە وەك کەسایەتییەکی بێتاوان و ئاسایی و سروشتی، بەمانایەکی دیکە زیندان لەم فیلمەدا ئەو شوێنەیە کە لەڕێگەی ژمارەیەك تەکنیکی پەروەردەیی رۆحی و جەستەیی و سایکۆلۆژی کەسانی تاوانبارەوە هەڵدەستێت بەگۆڕینی کەسایەتی ئەوان، لەکەسایەتییەکی پاسیڤ و نێگەتیڤی کۆمەڵایەتییەوە، بۆ کەسایەتییەکی پۆزەتیڤ و چالاك.

راستە فیلمەکە لەگەڵ ئازادکردنی (کارلیتۆ)دا دەستپێدەکات و ئێمە هیچ جۆرە دیمەن و گرتەیەکی بچووکی ژیانی (٥) ساڵەی ناو زیندانی ئەم کاراکتەرە نابینین، بەڵام وەك لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا، بینەر بەهۆی دەربڕین و مەنۆلۆژەکانی (کارلیتۆ)وە، هەست بەم وێناکردنەی دەرهێنەر دەکات بۆ (زیندان)، بۆ نموونە لەم بارەیەوە دەکرێت ئاماژە بەو قسانەی (کارلیتۆ) بکەین، کە لەسەرەتای فیلمەکەداو دوای (٥) ساڵ زیندانیکردنی و لەهۆڵی دادگادا لەبەردم دادوەرو لەتەنیشت (دیف)ی پارێزەرییەوە بەڕاشکاویی و بەدەنگی بەرز دەڵێت: دوای (٥) ساڵ زیندان ئیتر من گۆڕاوم و ئەو مرۆڤە تاوانبارەی جاران نیم و هەرگیز جارێکی تریش ناگەڕێمەوە سەر شێوازی ژیانی رابردووم!، دیارە ئێمە بەتەنیا لەهۆڵی دادگاداو وەك پاساوێك بۆ ئازادکردنی لەزیندان، گوێبیستی ئەم جۆرە دەربڕینانەی (کارلیتۆ) نابین، بەڵکو ئەو دوای ئازادکردنیشی لەلای (دیف)ی هاوڕێی، کە پێکەنینی بەقسەکانی دێت، هەروەها لەلای ئەو کچە سەماکەرەش کە زۆری

خۆشـــدەوێت و تەنانـــەت لـــەلای چـــەند ســـەرکردەیەکی بانـــدەکانی فرۆشـــتنی ماددەسـڕکەرەکانیش، کاتێـك سـەرلەنوێ داوای کـارکردنی لێدەکـەن، (کـارلیتۆ) زۆر بەڕاشکاوی دان بەوەدا دەنێت، کە ئەو چیتر مرۆڤەکەی جاران نییەو بەیەکجاریش وازی لەو جۆرە کارکردنە هێناوە، لێرەوە بینەری ئەم فیلمە، بەئاشکرا پـەی بـەوەدەبات، کـە وێنـاکردنی(برایـان دی پاڵمـا)ی دەرهێنـەر بـۆ (زینـدان) گـەلێك پێـچەوانەی وێنـاکردنی سـوننەتی و کلاسـیکی زۆربـەی دەرهێنـەرەکانی تـرە بـۆ زینـدان، واتـە گـەر لەزۆربـەی فیلمـەکانی تـردا وێنـەی زینـدانمان وەك شـوێنێك بـۆ ترسـاندن و تۆقانـدن و ئـازاردانی جەستەیی و دەروونی تاوانباران ناسیبێت، ئەوا لەلای ئـەم دەرهێنـەرە نـەك هـەر زینـدان جێگایەك نییە بۆ ترسان و ئازاردانی جەستەیی و سـایکۆلۆژی تاوانبـاران، بـەڵکو (برایـان دی پاڵمـا)ی دەرهێنـەر پێیوایـە کـە (زینـدان) لەسـەردەمی مۆدێرنـدا، دەزگایەکـە بـۆ چاکسازیی و ریفـۆرمکردنی تاوانبـاران و کەسـانی لـەڕێلادەر، واتـە زینـدان لـەم فیلمـەدا لەباتی ئەوەی شوێنێك بێت بـۆ گەیانـدنی سـزاو ئـازاری رۆحـی و جەسـتەیی بـەتاوانباران، بەپێـچەوانەوە دەبێتـە جێگایـەك کـە لەڕێگـەی کۆمـەڵێك تـەکنیکی زانسـتی و پەروەردەییـەوە، سـەرلەنوێ هەڵدەسـتێت بەداڕشـتنەوەی جەسـتەو رۆحـی تاوانبـاران، بێگومـان ئـەم تێڕوانینـەی دەرهێنـەری ئـەم فیلمـە بـۆ زینـدان، هاوشـێوەی تێـڕوانینی بیرمەندی فەرەنسی (میشێل فۆکۆ) یە، بـۆ زینـدان وەك دەزگایـەکی مـۆدێرن، لەکاتێکدا گـەر بـزانین (فۆکـۆ) لەکتێبـە بەناوبانگەکەیـدا (چـاودێری و سـزا) (المراقبـة و المعاقبـة)، بەدوورودرێـژی بـاس لـەوەدەکات کـە چـۆن لەسـەردەمی مۆدێرنـدا، دەسـەڵات لەڕێگـەی (زیندان)ەوە، وەکو دەزگایەکی مۆدێرن و پاشان بەیارمەتیی ئەو زانست و مەعریفەیـەش کـــە رۆح و جەســـتەو دەروونـــی مـــرۆڤ شـــیدەکاتەوە، ســـەرلەنوێ هەڵدەســـتێت بەبوونیاتنانـەوەی کەسـایەتی کەسـانی تاوانبـارو نائاسـایی و تێکـدەرو لەیاسـالادەر.. بـەکورتی لـەم تێڕوانینـەی (فۆکـۆ)داو، هـەروەها لەوێناکردنـەوەی ئـەم دەرهێنـەرەدا بـۆ (زیندان)، چیتر (زیندان) وەك دەزگایەکی مۆدێرن، شوێنێك نییـە بـۆ گـرتن و گلدانـەوەی تاوانباران بەتەنیا، بەڵکو ئەم دەزگایە، بەهاوکاریی ئەو مەعریفەیە کـە لەجەسـتەو رۆحـی مرۆڤەکان دەکۆڵێتـەوە، هەڵدەسـتێت بەگەلاڵـەکردنی میتـۆدێکی زانستی پـەروەردەیی و بەرنامەیەکی سایکۆلۆژی و جەستەیی، کەدوای توێژینـەوە لـەڕۆح و جەسـتەی هەریـەکێك

لەتاوانبارەکان، بتوانێت ئەو مرۆڤە تاوانبارو تێکدەرانە سەرلەنوێ بگۆڕێت بۆ کەسانی ئاسایی و سروشتی و بەرهەمهێن.



بەتەماشاکردنێکی وردی فیلمەکە، کە باس لەشێوازی ژیانی (کارلیتۆ) دەکات پاش ئازادکردنی لەزیندان، دەگەینە ئەو حەقیقەتەی کە بەرنامەو میتۆدە پەروەردەییە زانستییەکەی نێو زیندان، تا ئەندازەیەکی زۆر کاریان لەسەر بونیاتنانەوەی ڕۆح و جەستەی ئەم کاراکتەرە کردووە، لەکەسایەتییەکی تاوانبارەوە گۆڕیویانە بۆ کەسایەتییەك کە چیتر نایەوێت تاوانبکات، بۆ نموونە (کارلیتۆ) دەستی ناچێتە خوێنی (لالین)ی نزیکترین هاوڕێ منداڵی خۆی، پاش ئەوەی لەگازینۆکەی (ساسۆ)دا گەورەترین خیانەتی لێدەکات، تەنانەت کاراکتەرێکی وەك (بینی بلانکۆ)ی تاوانباریش ناکوژێت و ڕێگەش بەکوشتنی نادات، کە لەدوادیمەنی تراژیدی فیلمەکەداو ئەو کاتەی بەتەواوەتی لەمافیا ئیتالییەکان ڕزگاری دەبێت و خەریکە لەگەڵ کچە سەماکەرە خۆشەویستەکەیدا هەڵبێت، کەچی لەو دیمەنە چاوەڕواننەکراوەدا (بینی بلانکۆ) ئەو هەلە دەقۆزێتەوەو (کارلیتۆ) دەکوژێت.

بەکورتی (کارلۆتۆ) دوای هاتنە دەرەوەی لەزیندان، لەسەر ئاستی کردارو گوفتار ئەوەی ڕوونبووەتەوە، کەچیتر وەك مرۆڤێکی کامڵ ناتوانێت درێژە بەشێوازی ژیانی بەر لەدەستگیرکردن و زیندانیکردنی بدات و بەردەوام خەونیش بەوەوە دەبینێت کە پارەیەك پاشەکەوت بکات و بۆ هەمیشە لەو دەوروبەرە ڕابکات، کە هاوڕێ نزیکەکانی و

کاراکتەرە ناسیاوەکانیش تیایدا، پێیانوایە ئەو هەرگیز ناتوانێت وەك تاوانبارێك دەست لەم جۆرە کارکردنە هەڵبگرێت.

بەکورتی (کارلیتۆ) هەر لەسەرەتای هاتنە دەرەوەی لەزیندان، لەچەندین دەربڕین و هەڵسوکەوتی پراکتیکیدا، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە چیدی نایەوێت لەو دەورووبەرەشدا بژی، کە مرۆڤەکانی ناوی وەك پیاوێکی ئەفسانەیی ناوبانگدەکانی بازرگانیکردن بەماددەسڕکەرەکان و پیاوکوژی سەرشەقامەکان و ناو بازاڕەکان ناسیویانەو دەیناسن، بەمانایەکی تر ئەم کاراکتەرە، دوای رزگاربوونی لەزیندان بەتەواوەتی هەستی بەوەکردبوو، کەچیتر کوڕە هەڵەشەو پیاوکوژو تاوانبارەکەی جاران نییە، بۆ نموونە (کارلیتۆ) لەدەربڕینێکی دیکەدا دەڵێ: (جارێك پارێزەرێك پێی گوتم: گەر چاك نەبی هەروا نامێنی (کارلیتۆ)!، ئەو تواناو وزەیەی کە هەتە لەدەستی دەدەیت).

بەڵام دواجار لەفیلمەکەدا کۆمەڵێك فاکتەر، ئەم کاراکتەرە دەگێڕنەوە ناو شێوازی ژیانی رابردووی و سەرلەنوێ بەبێ ویست و ئیرادەی خۆی دەست و پەنجەی لەگەڵ تاواندا نەرمدەکەنەوە، ئەگەر فاکتەری سەرەکی گەڕانەوەی ئەم کاراکتەرە بۆ نێو تاوان و بۆ سەر ئیشەکەی جارانی، نەبوونی ئەو بڕە پارەیە بێت، تاکو بتوانێت لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا بۆ هەمیشە لەو شوێنە هەڵبێت، دۆستایەتی نزیکی لەگەڵ (دیف)ی پارێزەری گەندەڵ و تاوانباردا، یەکێکی ترە لەو فاکتەرە گرنگانەی کە بەیەکجاری دەستی (کارلیتۆ) بەبێویست و ئیرادەی خۆی لەگەڵ تاواندا تێکەڵدەکاتەوە، گاڵتەجاڕی و پێکەنینەکەی ئەم پارێزەرەگەندەڵ و موعتادو خراپەکارە، بەقسەکانی (کارلیتۆ) کاتێك لەسەرەتای فیلمەکەدا، باس لەگۆڕینی شێوازی ژیانی خۆی دەکات، ئاماژەیەکی سەرەتای تێکەڵکردنەوەیەتی بەتەوان، پاشان لەگەڵ بەرەوپێشچوونی رەوتی فیلمەکەدا، ئەم پارێزەرە داوا لە (کارلیتۆ) دەکات، کە لەڕزگارکردنی سەرۆکی مافیای ئیتاڵییەکاندا لەزیندان، یارمەتی بدات، (کارلیتۆ) کە دەبینێت پرۆسەی رزگارکردنەکە هیچ تاوانێکی تێدا نییە، پاشان وەك قەرزدانەوەی دۆستێکی دێرینی کە زۆر لێی دڵنیایە، داواکەی (دیف) جێبەجێدەکات، بەڵام دواجار پرۆسەی رزگارکردنەکە، بەبێویستی (کارلیتۆ)و ئاگاداری ئەم کاراکتەرە، کتوپڕ هەرئەو شەوە لەسەردەستی (دیف) دەگۆڕێت بۆ کوشتنی سەرۆکی مافیای ئیتاڵییەکان، دەرئەنجامی ئەم تاوانەش کە (کارلیتۆ) بەبێویست و ئیرادەی خۆی تێیدا بەشدارە، مافیا ئیتاڵییەکان دەکەونەوێزەی ئەم دوو هاوڕێیە، هەڵبەت پاش کوشتنی (دیف)ی پارێزەر، (کارلیتۆ)ش راودەنێن و کەلەکۆتایی

فیلمەکەشدا بەئاستەم لەدەستی مافیای ئیتاڵیا رزگاری دەبێت، کاراکتەرێکی لاوکی و دوژمنێکی چاوەڕواننەکراوی، لەبۆسەدایە بۆی و لەدوا دیمەنی تراژیدی فیلمەکەدا، هەرکە (کارلیتۆ) دەگاتە لای خۆشەویستەکەی، لەلایەن ئەم کاراکتەرەوە دەکوژرێت و فیلمەکە کۆتایی پێدێت، بەڵام دواجار هەموو ئەو هۆکارانەی کە کاراکتەرێکی وەك (کارلیتۆ) لەکاراکتەرێکی نێگەتیف و تاوانبارەوە، دەگۆڕن بۆ کاراکتەرێکی پۆزەتیف و بەرهەڵستیکەری تاوان، کە بەتەواوەتی سەرنجی بینەر بەلای خۆیدا رادەکێشێت، هیچ نییە جگە لەڕاستگۆیی ئەم کاراکتەرە، کە لەسەرەتای دەستپێکردنی فیلمەکەوە کاتێك کە لەزیندان دێتە دەرێ، تاکو ساتەوەختی کوشتنی لەدوا دیمەنی تراژیدی فیلمەکەدا، راستگۆیانە دەیەوێت لەگەڵ چارەنووسی تاریکی خۆی و تەواوی ئەو فاکتەرە درەکییە لاوەکی و راستەخۆیانەدا، بجەنگێت، کە بەردەوام بەبێویست و ئیرادەو رەزامەندی خۆی لەفیلمەکەدا دەیگێڕنەوە ناو خراپەو تاوان، لێرەوە بینەری وردو هەستیار بەبینینی ئەم فیلمە، تەماشای فیلمێك ناکات لەسەر تاوان و شەڕەنگێزی و خراپە، هێندەی بەهۆی سەیرکردنی تەواوی دیمەن و رووداوەکانی ئەم بەرهەمە، ئاشنای پەلەقاژێ و بەرهەڵستییە بێهوودەکانی، کاراکتەری سەرەکی فیلمەکە (کارلیتۆ/ ئەلپاچینۆ) دەبێت بۆ دەرچوون لەقورسایی ئەو فاکتەرە دەرەکیانەی، کە چارەنووسی ئەویان وەك پاڵەوانی سەرەکی فیلمەکە لەهەموو لایەکەوە گۆمارۆداوەو کردوویانەتە، چارەنووسێکی رەش و تاریك.

*سەرچاوە:

فیلمی: Carlota’s way

دەرهێنانی: برایان دی پاڵما

نواندنی: ئال پاچینۆ-شین پین..

گۆڤاری هەنار لەم دوو کتێبخانەیە دەستدەکەوێت:

خانەی بڵاوکردنەوەی چاپو بڵاوکردنەوەی سلێمانی- شەقامی مەولەوی تەنیشت بازاڕی دەبۆکە.

کتێبخانەی هاوڵاتی، سەرەتای شەقامی مەولەوی.

دەتوانی گۆڤاری هەنار لەم سایتەدا بخوێنیتەوە:

(www.arankurd.com)